# «ڕووداو»

## لە ئالان بادیۆوە تا سلاڤۆی ژیژەک



وەلید عومەر

# پێڕست


پێشەکییەکی وەرگێڕاو ل٣

سەرنجێکی خێرا: ڕووداو لای بادیۆ ل١١

ڕووداو لای تا ژیژەک ل٢٧

دەربارەی "ڕووداو" لە واقیعی ئێمەدا ل٥٦

# «ڕووداو»ی ژیژەکی:

# ڕووداوێک کە دەکەوێتە پێش ڕووداوی بادیۆییەوە [1]

بادیۆ لە وتاری "ئارەزووی فەلسەفە و دونیای هاوچەرخ"[2]دا، بەریانە سەرەکی و گەردوونییەکانی فەلسەفە دەستنیشاندەکات کە بریتیین لە: بەریانی هێرمینۆتیکی(هایدگەر و گادامێر و ...)، بەریانی شیکاری(ڤیتگنشتاین و کارناپ و ...)، بەریانی پۆستمۆدێرن(لیوتار و دێریدا و ...). ڕووی هاوبەشی ئەم سێ بەریانە، بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە ئەوەیە کە ئێمە کەوتووینەتە کۆتایی میتافیزیکی [فەلسەفییەوە] و «فەلسەفە کەوتووەتە هەناوی کۆتاییەکەی خۆیەوە». گوایە پێویستدەکات لەجیاتیی ئایدیای حەقیقەت، بچینە سەر ئایدیای فرەیی ماناکان. [واتە لەبری بڕوابوون بە حەقیقەتێک، ژیان وەک ڕیزێک مانای ناکۆتا وەربگرین کە هەمووشی هەر حەقیقییە و دەبێت خەریکی گەمەی ماناکان بین]. بادیۆ، بیرکردنەوەی خۆی بە دابڕانێک لەم سێ بەریانە(ئاراستە) سەرەکییە دەزانێت. ژیژەکیش بە شوێنکەوتنی بادیۆ، ڕەخنەی ئەم سێ بەریانە سەرەکییەی فیکری هاوچەرخ دەکات، چونکە هەرسێکیان واز لە گەڕانەوە دێن بۆ پرسی گشتەکی(گەردوونی-یونیڤێرساڵ) و بەم کارەیان پەردەیەک بەسەر پرسی سەرەکیی بکەرێتی(بریکارێتی) و کردەی خۆکردانە و ئۆتۆنۆمیی *سوبێکت*دا دادەدەنەوە.

ژیژەک بەهۆی ئاوڕدانەوە لە پەیوەندیی نێوان سوبێکت و ئۆنتۆلۆژیا(بوونناسی)، هێرشدەکاتە سەر ئەو بنبەستەی کە لە فەلسەفەی هاوچەرخدا دروستبووە. کێشەکە پەیوەندیی ئۆنتۆلۆژیایە بە تیۆری سوبێکتەوە. پرسیارەکە دیارە: گەر سوبێکتێکمان نەبێت خۆسەر بێت و لەگەڵ خۆیدا یەکێک و هاوشوناس بێت، ئەوا کردەی ئۆتۆنۆم(خۆسەر) چیی لێدێت؟ [واتە گەر سوبێکتێک نەبێت لەسەر بنکی تاقانەی خۆی وەستابێت، ئەوا چۆن باسی کردەیەکی خۆسەر و ئازادانە بکەین کە لە مرۆڤەوە دەردەچێت؟]. گەر جێیەک لە

[1]. پێشەکیی وەرگێڕاوی کتێبی "ڕووداو: گەشتێکی فەلسەفی بەناو چەمکێکدا"ی سلاڤۆی ژیژەک بۆ زمانی فارسی- و

[2]ئەم وتارە بە زمانی کوردی لەم لینکەوە بەردەستە: https://negativegroup.org/multimedia/files/alain%20badiou.pdf

دەرەوەی گوتارە فرەییەکانی دەسەڵاتەوە نەمێنێتەوە، ئەی چۆنچۆنی دەتوانین باسی کردەی ڕزگاریخوازانەی سیاسی بکەین؟ ئەم پرسیارە دەکەوێتە جەرگەی بیرکردنەوەی ژیژەکەوە. خۆی لە کتێبی سوبێکتی ختوکاوی(the ticklish subject)دا، ئەو ڕێیە دەگرێتەبەر کە بادیۆ لە کتێبی *قەشە پۆلس و لۆژیکی حەقیقەت: بنەڕەتی گەردوونگەرایی*دا دەیگرێتەبەر، و پەیوەندیی نێوان سیاسەت و پرسی **گشت** (کلیت-یونیڤێرسالیتە) دەوروژێنێت. ئەو لەم کتێبەدا داکۆکی لە چەمکی «ڕووداوی حەقیقەت» دەکات لای بادیۆ. چونکە چەمکی ڕووداو، ڕووناکی دەخاتە سەر پرسی **گشت**، واتە ئەو "شەولەبان"ـەی کە هەرسێ بەریانە سەرەکییەکەی فیکری هاوچەرخی ترساندووە.

لە دیدی ژیژەکەوە، سوبێکتی لەتبووی لاکانی، ڕێک بریتییە لە ئیمکانی دەستوەردان لە واقیع، واتە ئیمکانی گۆڕانکاری و بکەرێتی دەڕەخسێنێت. دیارە ئەم لەتبوونە، سوبێکت دەکاتە خاوەنی پێگەیەکی گشتەکی(کلی)، خاوەنی جۆرێک لە پاڵپشتی ئۆنتۆلۆژی کە بە هیچ کلۆجێک ناتوانین بیسڕینەوە. سوبێکتی ژیژەکی، بە نێوانگریی دابڕانێکی کتوپڕ دەردەکەوێت، دابڕانێک لە زنجیرەی هەلومەرجی سوبێکتیڤدا کە سنورەکانی پرۆسەی بەسوبێکتبوون دەستنیشاندەکات. سوبێکت بەستراوەتەوە بە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی تراومایی(بەزەبر)ـەوە کە پاڵپشتە خەیاڵییەکەی سوبێکتیڤیتە(subjectivity) هەڵدەوەشێنێتەوە، و ڕیزێک ئاماژە و مەرجەعی نوێی ڕەمزی دروستدەکات، و ڕچەیەکی تازەی بەسوبێکتبوونیش ئاوەڵادەکات. لەم ڕووەوە ژیژەک و بادیۆ زۆر نزیکن لە یەکترەوە، هەردووکیان وەها پێناسەی سوبێکت دەکەن کە بە نێوانگری وەفا دروستدەبێت بۆ ڕووداوی حەقیقەتە تراوماییەکە، کە هەر ئەم ڕووداوە خۆی کارکردی **ڕەمزی** هەڵدەپەسێرێت. ژیژەک لە کتێبی *سوبێکتی ختوکاوی*دا، کاتێک دەیەوێت شرۆڤەی تیۆری ڕووداو بکات لای بادیۆ، دەنوسێت: «**جار هەیە بەشێوەیەکی تەواو هەڵکەوت و پێشبینینەکراو و دوور لە زانینەکەی سەر بە بوون، ڕووداوێک ڕوودەدات کە سەر بە ڕەهەندێکی تەواو نوێیە: ڕەهەندی نابوون**...جا بەم واتایە ڕووداو لە هەناوی **هیچ**ەوە دەردەکەوێت: ناتوانین بەگوێرەی خەسڵەت و تانوپۆی دۆخە باڵادەستەکە ڕوونیکەینەوە، ئەمەش بەو واتایە نایەت کە دەستێوەردان(خۆپیاکردن)ێک هەیە و لە **دەرەوە** یان **لەودیو**ەوە هاتووە- بەڵکو ڕووداو ڕێک خۆی دەنوسێنێت بە **بۆشایی** هەر **دۆخ**ێکەوە، بە نایەکانگیری و/یان پاشماوە ناوەکییەکەی ئەو دۆخەوە. ڕووداو، بریتییە لە حەقیقەتی دۆخەکە، ئەوەی وا دۆخە باڵادەست

و ڕەسمییەکە "دەیچەپێنێت"، لەلایەن ڕووداوەوە دەخرێتەوە بەر دیدە/خوێنرانەوە، بەڵام هەمیشەش شوێنێکی دیاریکراوی هەیە- واتە حەقیقەت هەمیشە حەقیقەتی دۆخێکی تایبەت و دیاریکراوە».

بادیۆ پتر جەخت لەسەر وەفا دەکاتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕێکەوت و تراوماییی، واتە وەفا بۆ ئەو بڕیارانەی کە لەدوای دەستێوەردانی ڕووداوەکەوە دەدرێت بۆ سەر واقیع. بەڵام ژیژەک زیاتر لەسەر ئەو کرۆکە دەوەستێت کە ڕووداوەکە ڕادەگرێت، واتە ڕووداوی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ***ڕیاڵ***دا [کە ڕیاڵ لێرەدا واتە بنبەستی بوون]. سوبێکتی ژیژەکی هەر لەبنەڕەتەوە هیچ نیە جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی خۆوێرانکەر لەگەڵ ***ڕیاڵ***دا، بەڵام لای بادیۆ سوبێکت بریتییە لە وەفاداری بۆ ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە و گۆڕانی بۆ کۆمەڵەیەک کردەی سیاسی و کۆمەڵایەتی. بە دەربڕینە لاکانییەکە، سوبێکتەکەی لای بادیۆ، هەمیشە پێشوەخت هەڵدراوە بۆ ناو پرۆسەی بەسوبێکتبوون، پرۆسەیەک کە بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوی حەقیقەتەوە لە ئاستی ***ڕیاڵ***دا خەسڵەتیوەرگرتووە. لەڕاستییدا، پرسەکە بریتییە لە پەیوەندیی نێوان سوبێکت و ڕووداو. لە دیدی بادیۆوە، سوبێکت هەردەم پێشوەخت کەوتووەتە هەناوی ڕووداوەوە، چونکە سوبێکت لەڕێگەی وەفاوە بۆ ڕووداو پێناسەدەکرێت، و ڕووداو هەمیشە تەنیا بۆ سوبێکتی دەرگیر و پابەند بوونی هەیە، سوبێکتێک کە شوێنپێکانی ڕووداو دەستنیشاندەکات و شوێنیدەکەوێت. لەم ڕووەوە، بادیۆ و ژیژەک لەڕیشەوە دژی تێگەیشتنە هەڵوەشێنەرەوە و پۆستمۆدێرنەکە دەوەستنەوە کە بریتییە لە دواخستنی دوایینەهاتووی ڕووبەڕووبونەوەکە لەگەڵ حەقیقەتدا: ڕووداوەکانی حەقیقەت نەک هەر ڕەخساو(مومکین)ن، بەڵکو بەتەواوییش خۆنشین(ئیمانێنت)ن؛ هەمیشە پێشوەخت کەوتوونەتە هەناوی ئاسۆ کۆمەڵایەتی و ڕەمزییەکەوە. تا ئێرە، تێڕوانینی بادیۆ و ژیژەک بۆ ڕووداو، نزیکایەتی و لێکچوونێکی زۆری هەیە، بەڵام جیاوازییە ڕیشەییەکەشیان وردەوردە دەردەکەوێت.

یەکەم جیاوازیی ڕیشەیی دەگەڕێتەوە بۆ فۆرمولەکردنی پرسی نێگەتیڤیتە(نەفێتی-negativity). بادیۆ، ڕۆڵی بنەڕەتیی **پاڵنەری مەرگ** لە پەیوەندییەکەیدا بە نەستەوە ڕەتدەکاتەوە؛ بەڵام ژیژەک ئاماژە بۆ پانتایی نێوان هەردوو مەرگەکە دەکات، پانتایی نێوان نەزمی ڕەمزی و ***ڕیاڵ***، ئەو پانتاییەی کە بە پاڵنەری مەرگ کۆتاییدێت. کێشەکە بۆ ژیژەک بریتییە لە دابڕان لە دونیای یاسا و سەرپێچیکردنی، ئەویش بە نێوانگریی پاڵنەری مەرگ، ئەو هێزەی کە وادەکات لەپێناوی یاسادا بمرین و ***بەڵێ*** بە ڕووی عەشقی مەسیحیدا بنوێنین.

لەڕوانگەی ژیژەکەوە، ئەم مردنە لەپێناوی دونیای یاسادا بە «نێوانگریی پاڵنەری مەرگ» شتێکە بادیۆ زۆر سەرنجی ناداتێ. کێشەکە لەسەر نێگەتیڤیتە(نەفێتی)یەکە کە دەبێتەهۆی شکستهێنان بە هەر پرۆسەیەکی بەسوبێکتبوون. ژیژەک لەم بارەیەوە دەنوسێت: «ڕێگاکەی لاکان، هەمان ڕێگا نیە کە قەشە پۆڵس یان بادیۆ دەیگرێتەبەر: دەروونشیکاری، بریتی نیە لە *دەروونسەنتێزی*[3]. واتە پێشوەخت هارمۆنیەتێکی نوێ و ڕووداوێکی نوێی حەقیقەت بە پێشگریمانە وەرناگرێت. تەنیا حیسابەکە پاکدەکاتەوە...لە دیدی لاکانەوە، نێگەتیڤیتە، ژێستی نێگەتیڤانەی کشانەوە، دەکەوێتە پێش هەر جۆرە ژێستێکی پۆزەتیڤانەی پرجۆشوخرۆشی یەکبوونەوە لەگەڵ ئایدیاڵێکدا...لاکان کاتێک باسی هاوسەنگیی نێوان مەرگ و زیندووبوونەوە دەکات ئیدی بەشێوەیەکی زیمنی تای تەرازووەکە بە لای مەرگدا دەشکێنێتەوە... لێرەدا لاکان ڕێی خۆی لە بادیۆ و قەشە پۆڵس جیادەکاتەوە: لەدوای فرۆیدەوە ناتوانین ڕاستەوخۆ بڕوا بە ڕووداوی حەقیقەت بێنین؛ هەر ڕووداوێکی لەم جۆرە، سەرەنجام وەک **ڕواڵەت**ێک دەمێنێتەوە کە بۆشاییەکی پێشوەخت و [پێش ڕووداو] دادەپۆشێت، بۆشاییەک کە ناوە فرۆیدییەکەی بریتییە لە پاڵنەری مەرگ. لێرەوە، لە مەسەلەی دیاریکردنی دەقاودەقی شوێنی ئەم پانتاییەی ئەودیوی فەرمانڕەوایی یاسادا، لاکان لە بادیۆ جیادەبێتەوە». بە لای بادیۆوە، پانتایی ئەودیوی **زانین** یان نەزمی **بوون** ڕووداوێکە بەشداری لە حەقیقەتێکی پۆزەتیڤدا دەکات. لە دیدی لاکانەوە ئەم پانتاییە لەگەڵ لامێلا(lamella)دا تەبادێتەوە، واتە ئەو لیبیدۆ «نا-مردوو» و نەمر و لەناونەچووەی کە لەبنەڕەتەوە دەکەوێتە دەرەوەی گوفتار(گوتار)ـەوە و لە پاڵنەری مەرگیشدا نوستووە. ڕاستییەکەی، جیاوازیی نێوان بادیۆ و لاکان، لەڕوانگەی ژیژەکەوە بەم جۆرەیە: «خاڵە سەرەکییەکەی بادیۆ ئەوەیە کە خۆی دەپارێزێت لەوەی سوبێکت لەگەڵ ئەو بۆشاییەدا بکاتە یەکێک وا **بونیاد** ڕادەگرێت- ئەم بەیەکدانانە پێشوەخت سوبێکت ئۆنتۆلۆژیدەکاتەوە و تایبەتمەندییەکی ئۆنتۆلۆژیی پێ دەبەخشێت، هەڵبەت بەشێوەیەکی تەواو نێگەتیڤ: واتە سوبێکت دەکاتە شتێکی هاوجەوهەر لەگەڵ بونیاددا...لەبەرامبەر ئەم بەئۆنتۆلۆژیکردنەی سوبێکتدا بادیۆ باسی "دانسقەبوون"، دەرکەوتنی لۆکاڵنشین-هەڵکەوت-ناسک-ڕاگوزەری سوبێکتیڤیتە دەکات: کاتێک ڕووداوێکی حەقیقەت بەشێوەیەکی هەڵکەوت و پێشبینینەکراو ڕوودەدات، ئەوا سوبێکت دەکەوێتە ئەو جێیەوە وا وەفای بۆ ڕووداوەکە تیا هەیە، ئەویش لەڕێگەی دەستنیشانکردنی شوێنەوارەکانیەوە لە دۆخێکدا

---

[3] Psycho- synthesis

که ڕووداوەکە بریتییە لە حەقیقەتەکەی...لەکاتێکدا سوبێکتی ژێستە نێگەتیڤەکە دابڕانە لە کۆتوبەندەکانی **بوون** کە فەزای بەسوبێکتبوون ئاوەڵادەکات».

لە دیدی ژیژەکەوە، سوبێکت لەبنچینەوە هاولفە بە نوقسانییەکەی ئەویتری گەورە، یان بە نایەکانگیرییە ڕیشەییەکەی **زانین**. سوبێکت، ڕێک لە ئاستی نایەکانگیرییە ڕیشەییەکەی واقیعی دەرەوەدا، خۆی تێهەڵدەقورتێنێت و دەستێوەردان دەنوێنێت. واقیع تەنیا لەڕێگەی سوبێکتەوە دەگات بە جۆرێک لە یەکانگیریی خەیاڵی، ئەو سوبێکتەی کە بەهۆی بەسوبێکتبوونەوە(کە دەکاتە خەسانی لاکانی)، یان لەڕێگەی نکۆڵیکردنی ڕیشەیی بۆشاییەکە یا بەتاڵییە ڕاگرەکەی خۆیەوە، چاڵەکەی ناو ئەویتری گەورە پڕدەکاتەوە. نابێت ئەوە لەبیربکەین کە ئەو کردەی بەسوبێکتبوونەی وا سوبێکت بەهۆیەوە خەسڵەت بە پۆزەتیڤیتەی دونیای دەرەوە دەدات، هاوکات بۆشاییە نوستووەکەی هەناوی سوبێکتیش پڕدەکاتەوە. سوبێکت بەهۆی پڕکردنەوەی بۆشاییەکەی ناو ئەویتری گەورەوە کە لە یەک کاتدا سوبێکت و واقیعی دەرەوە پۆزەتیڤدەکات، ئەوا بەناچاری هەلومەرجەکانی ئیمکانی ئەم درزە بەرهەمدێنێتەوە و سەرلەنوێ ئەم درزە لە پانتایی ڕەمزیدا تۆماردەکاتەوە. ئا بەم شێوەیە، سوبێکتیڤیتە لەبنەڕەتەوە بۆ ژیژەک، بەپێچەوانەی بادیۆوە، بە نێوانگریی "پاڵنەری مەرگ" پێناسەدەکرێت: **جووڵەیەکی بازنەیی بەدەوری بنبەستێکی ناوەکی‌دا، بەربەستێکی کورتنەبووەوە کە نوساوە بە سوبێکتەوە.** ڕەنگە لەم ڕووەوە بادیۆ پتر لە ئاڵتۆسێر و فۆکۆ و دێرێداوە نزیک بێت تا لاکان و ژیژەک؛ ئەویش هەر نکۆڵیدەکات لە ئیمکانی خۆگونجاندنی سوبێکت لەگەڵ نێگەتیڤیتە بنەڕەتییەکەی خۆیدا. بە دەربڕینێکی تر، ڕەنگە بتوانین بڵێین لە سیستەمە فیکرییەکەی ژیژەکدا، هەردەڵێی ڕووداوێک لەئارادا بووە کە کەوتووەتە پێش ڕووداوەکەی بادیۆوە، ڕووداوێک کە لەگەڵ نێگەتیڤیتەکەی پاڵنەری مەرگدا یەکدێتەوە.

## • بادیۆ و داهێنانەوەی *کانتیزم* بۆ ئەم سەردەمە

ژیژەک لە جێیەکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە فەلسەفەی بادیۆ داهێنانەوەی کانتیزمە بۆ سەردەمی ئێستامان. دژایەتیی بادیۆ بۆ پاڵنەری مەرگ و نێگەتیڤیتەی ناو فەرهەنگی دەروونشیکاری، شتێکە لە دیدی ژیژەکەوە ئاماژەیە بۆ کانتگەراییە شاراوەکەی وی؛ کە بنچینەییترین دەرکەوتەشی بریتییە لە جیاکارییەکەی

بادیۆ بۆ **دیوی پۆزەتیڤی بوون** و نەزمی **ڕووداوی حەقیقەت.** بادیۆ، بەپێی یەکێک لە لێکدانەوەکان، دەکەوێتە ناو داوێکی کانتی‌یەوە، چونکە ڕووداوی حەقیقەت لە بیرکردنەوەی ئەودا هیچ نیە جگە لە هەوڵێکی نەبڕاوە بۆ دەستنیشانکردنی شوێنەوارەکانی ڕووداوی حەقیقەت. بە بۆچوونی بادیۆ، حەقیقەت ناتوانێت وەک حەقیقەتی «گشت» دۆخەکە وەربگیرێت، پاشهاتەکانی ستالینیزم و شۆڕشی کەلتوریی چینیش لای ئەو بەڵگەیەکن بۆ ئەم بانگەشەیە. بەڵام لە دیدە هیگڵییەکەی لاکانەوە، ناوکە «ناولێنەنراو»ـەکە، واتە حەقیقەت، هەمیشە پێشوەخت لەگەڵماندایە. لە دیدی ژیژەکەوە، و بەپێی کتێبی *دیدی پاراڵێکسی*، «سیاسەتی پەتی»ـی بادیۆیی، ڕێک لەو بەرامبەرکێ هەڵەیەی **بوون** و **ڕووداو**ەوە سەرچاوەدەگرێت، هەروەها لە تێنەگەیشتنیشەوە لە جیاوازیی کەمۆک(مینیماڵ)ـی نێوان ئەم دووانە. ژیژەک لە کتێبەکەی خۆیدا دەربارەی دۆڵۆز، دەپێچێتە بادیۆ و ئاماژە بەوە دەکات کە هەڵەی بادیۆ لەوەدایە ڕووداو بە شتێکی دەرەکی دەبینێت لە دەرەوەی **بوون**ەوە، لەکاتێکدا پێویستدەکات وەک جیاوازییەکی کەمۆک ببیینین کە دەکەوێتە ناو نەزمی **بوون** خۆیەوە. بادیۆ کاتێک *خراپە* بە ناوونانی زۆرەملێ لە *ناوهەڵنەگر* دادەنێت، ئەوەی کە بەتەواوی ناو لە شتان بنێیت، دەلالەت لەوە دەکات هێشتا لە تانوپۆی **ئایدیای ڕێکخەر(ڕێسامەند)**[4]ی کانتی‌دا بیردەکاتەوە، چونکە ئەخلاقی سەر بە حەقیقەتەکەی بادیۆ وەردەگەڕێت بۆ «ئەخلاقی ڕێزگرتن لە ***ڕیاڵ**ی* ناوهەڵنەگر کە ناتوانیت زۆری لێ بکەیت»، بابەتێک کە لە خوێندنەوەکەی بادیۆ بۆ مالارمێ‌شدا هەر بەدیدەکرێت. پرسیارەکەی ژیژەک، ڕاشکاو و وردە: ئاخۆ «بادیۆ، ئەم دژەلێڤیناسە گەورەیە، بەهۆی ڕێزگرتن لە پرسی ناوهەڵنەگرەوە، بەشێوەیەکی مەترسیدار خۆیشی لە چەمکە لێڤیناسییەکە نزیکنابێتەوە بەناوی **ڕێزگرتن لە ئەویترێتی**؟».

ئەی ژیژەک خۆی چۆن لە ڕووداو تێدەگات؟ ئەو، ڕووداو بە خاوەنی پێگەی «ڕیاڵ» دادەنێت، واتە وەک تانوپۆی تەنگژەی نێوان ***ڕیاڵ**ی* مەحاڵ و **ڕەمزی**[5] تێی‌دەگات، یان با بڵێین گرژیی نێوان ئەبەدییەت(دەرەمێژوویەتی) و مێژوو. ژیژەک بۆ گەڵاڵەکردنی ئەم باسە، چەمکێکی وەک «هاوکاتیی ڕیاڵ و ڕەمزی» دەورووژێنێت. لە دیدی بادیۆوە، ئەم هاوکاتبوونە بە واتای هاوجەوهەربوونی **بوون** و **ڕووداو** دێت: ڕووداو هەمیشە پێشوەخت لە **بوون**دا هەڵکۆڵراوە و تۆمارکراوە، لەڕێگەی جەختکردنیشەوە لەسەر پاڵنەری

[4] Regulative idea
[5] The symbolic

مەرگ خۆی قوتدەکاتەوە، ئەو پاڵنەری مەرگەی وا ڕۆڵەکەی بەهۆی ئەو پرەنسیپە لاکانییەوە ڕەوایەتی وەردەگرێت کە سوبێکت خۆی لەبنەڕەتدا بۆشە. ڕەخنەی فیتاوفیتی ژیژەک لە بادیۆ، باسەکەمان بۆ ڕووندەکاتەوە: «بادیۆ گرفتێکی کانتیی هەیە، کە ڕیشەی دەچێتەوە سەر دوالیزمی **بوون** و **ڕووداو** لە بیرکردنەوەی ئەودا، دوالیزمێک کە پێویستدەکات تێیبپەڕێنین. تاکەڕێگای دەرچوون لەم تەنگژەیە ئەوەیە کە قبوڵی بکەین ***ڕیاڵ***ی ناوهەڵنەگر بریتی نیە لە سنورێکی تەواو دەرەکی، بەڵکو سنورێکی تەواو ناوەکییە...ڕێک هەروەکو ***ڕیاڵ***ی لاکانی کە ناکەوێتە دەرەوەی پانتایی ڕەمزیەوە، بەڵکو پانتایی ڕەمزی لەناوەوە تووشی "نە-هەموو" دەکات(واتە ناهێڵێت ببێتە کۆ و هەموویەکی پڕ و پێرفێکت). پرسی ناوهەڵنەگر دەکەوێتە هەناوی پانتایی ناوەکانەوە...ئەمەش و تەنیا هەر ئەمەشە مانای درووستی پەڕینەوە لە کانتەوە بۆ هیگڵ: پەڕینەوە لە ناونانی ناکامڵ/سنوردار بۆ ناونانی کامڵ و پڕ(زانینی ڕەها) نا، بەڵکو پەڕینەوەی خودی ناونانە لە دەرەوەڕا بەرەو ناوەوە». ***ڕیاڵ*** بۆ لاکان، حزووری شوێنەکیی ڕووداوێکە؛ ئەمە مسۆگەربوون لەگەڵ خۆی ناهێنێت ئاخۆ گۆڕانکارییەکە ڕوودەدات، ئاخۆ ڕووبەڕووبوونەوە تراوماییەکە ماتریاڵیدەبێتەوە و دێتەدی یان نا. لە دیدی بادیۆوە، ڕەنگە ڕووداو ڕووبدات و هیچیش گۆڕانی بەسەردا نەیەت، چونکە ڕەنگە کەس نەبێت گرنگییەکەی دیاریبکات، چونکە لە چاوی بادیۆوە دەستێوەردانی سیاسی بەهۆی ناونانی سەرەتایی ڕووداوەوە وەک ڕووداو دەستپێدەکات؛ بەڵام لە چاوی ژیژەکەوە ڕووداو هەمیشە ڕوودەدات چونکە نوساوە بە پانتایی ڕەمزییەوە و لێینابێتەوە. بە دەربڕینێکی تر، ***ڕیاڵ***ی لاکانی تەنیا لەڕێگەی پانتایی ڕەمزییەوە دەستمان پێیدەگات. واتە ئێمە تەنیا لەڕێگەی ئاسەوارەکانی ***ڕیاڵ***ەوە لە ***ڕیاڵ*** بەئاگادێیینەوە، واتە بەهۆی شوێنهاتەکانی پرۆسەیەکی شکستخواردووی ڕەمزاندنەوە درک بە هەبوونی ***ڕیاڵ*** دەکەین. ***ڕیاڵ*** لە یەک کاتدا هەم **شتی موتڵەق**ە کە دەستمان پێیناگات، هەم بەربەستێکیشە ڕێ لەوە دەگرێت ڕاستەوڕاست پێیبگەین. ئەو **شت**ەی لە دەستی مە هەڵدێت و ئەو پەردە شێوێنەرەش کە دەبێتە بایسی ئەوەی **شت**ەکە لەدەستبدەین. واتە «ئەوەی ئێمە بە کەلێنی نێوان خۆمان و **شتی موتڵەق**ی دەزانین، خۆی بریتییە لەو **شتە موتڵەق**ە». باسەکە لەسەر گۆڕینی گۆشەنیگایە. بە وتەی ژیژەک: «حەقیقەتێک لەئارادایە و شتەکان تێکڕا ڕێژەیی نین، بەڵام ئەم حەقیقەتە حەقیقەتێکە بەستراوەتەوە بە پشێویی گۆشەنیگایەکەوە، نەک حەقیقەتێک کە گۆشەنیگایەکی نوخسان لە تاکە گۆشەیەکەوە تووشی پشێویی کردبێت». دیارە سەرەنجام پێویست بەوە دەکات خاڵێک بۆ سەر ڕەخنەکەی ژیژەک لە بادیۆ زیادبکەین. گەرەکە گرژیی نێوان خوێندنەوە کانتییەکە و خوێندنەوە

هیگڵییەکە بۆ ڕووداو، نەخەینە دەرەوەی بیرکردنەوی بادیۆوە بەڵکو بیخەینە ناوەوەی تێفکرینی ئەوەوە، ئەویش وەک گرژییەک کە فەلسەفەی وی دەکاتە دوولەتەوە. هەردوو خوێندنەوەکە پێشوەخت لە هەناوی بیرکردنەوەی بادیۆدا هەڵکۆڵراوە و تۆماربووە. بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە ئەوەیە کە بادیۆ خۆی دەربڕینێکی دێرێدایی وەک «تەواوکەر» بەکاردێنێت بۆ ئاماژەکردن بە ڕووداو: «بوونی خواستێکی ئاوس بە ڕووداو لە دۆخێکی تایبەتدا، بە هیچ شێوەیەک ئەوەمان بۆ مسۆگەر ناکات کە ئیلاوبیلا وەرچەرخانێک هەر ڕوودەدات. بۆ ڕوودانی گۆڕانکارییەک لە دۆخەکەدا، پێویست بە شتێکی تر و زیادکردنێکی تر دەکات بۆ سەر ئەوەی کە هەیە، یان بە دەربڕینی بادیۆ پیویست بە *تەواوکەر*ێک دەکات کە وەک ڕووداو ناویدێنین». ڕووداو هەروەکو *تەواوکەر*ێک باردەکرێتە سەر دۆخێک و لەکامڵبوونیدەخات. بەڵام ئەم تەواوکەرە دەبێتە پاشکۆی پێوەنوساوی بۆشایی دۆخێک، بۆشاییەک کە پێشوەخت لە دۆخەکەدا هەیە و دەرکەوتنی تەواوکەرەکەی ئاشکرادەکات، وەکبڵێی تەواوکەرەکە پێشوەخت لە هەناوی دۆخەکەدا هەڵکۆڵراوە. لێرەوە ڕووداو وەک تەواوکەر، ڕێک بەو مانایەی کە ژیژەک مەبەستێتی، سنوری نێوان ناوەوە و دەرەوە تێکدەدات. ئەم خوێندنەوەیەی بادیۆ بۆ ڕووداو، بە هیچ شێوەیەک خوێندنەوەیەکی کانتییانە نیە.

# ١. سەرنجێکی خێرا: ڕووداو لای بادیۆ

## وەلید عومەر

شوێنی **بادیۆ** لە مێژووی فەلسەفەدا، لە چەند ڕوویەکەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە. ڕەنگە لێرەدا ئەو حوکمەی لە هەمووی گرنگتر بێت کە دەڵێت فەلسەفە حەقیقەت بەرهەمناهێنێت و ئیشەکەشی ئەوە نیە. مەبەستی بادیۆ ئەوەیە کە فەلسەفە بریتی نیە لە جۆرە مەعریفەیەکی ڕووت کە زانین بەرهەمبێنێت و وەک ڕاستییەک دەرخواردی ئێمەی بدات، بەڵکو حەقیقەت شتێکە بە مەودایەک لە فەلسەفەوە ڕوودەدات و لەسەر فەلسەفە تاپۆنەکراوە. ڕووداو لە دەرەوەی فەلسەفەوە ڕوودەدات، بەڵام فەلسەفە دواتر پێوەی پەیوەستدەبێت. بۆنمونە حەقیقەت لە چوار ڕوکنی سەرەکی پێکدێت کە عەشق و سیاسەت و هونەر و زانستە، و حەقیقەت ڕوویەک لەمانە لەخۆدەگرێت و لە ڕووداوێکدا دەتەقنەوە. وەکبڵێی ژیانی مرۆییمان لەمڕۆدا و بگرە لە بنەڕەتیشدا لە چوار ڕەهەند پێکدێت و حەقیقەت لە یەکێک لەم ڕەهەندانەدا دەبریسکێتەوە.
لەوەش ڕیشەییتر، مرۆڤایەتی لای بادیۆ چەمکێکی گشتییە، یان ئەوەی خۆی پێی دەڵێت ژانریک: مرۆڤایەتی خاوەنی ئەم چوار ڕەهەندە سەرەکییەیە، بەو مەرجەی هەریەک لەو ڕەهەندانە دانەبەزێت بۆ ئاستە پاتاڵەکەیان. بۆنمونە، عەشق دانەبەزێت بۆ غەریزەیەکی حەیوانی و نەمانی ڕیسکی عاشقانە، سیاسەت سەرنەکێشێت بۆ ئیدارەدانی ڕووت و دەنگدان و نەمانی گیانی هاوبەشی، زانست سەرنەکێشێت بۆ تەکنۆلۆژیا و بازاڕ و خاڵییش نەبێتەوە لە بیرکردنەوەی چەمکییانە، هونەریش یەکسان نەبێت بە هەندێک نەریتی مردوو و لە داهێنان دانەبڕێت. فەلسەفە وەک ماشێنێک نایەت حەقیقەت بەرهەمبێنێت، بەڵکو ئەو حەقیقەتانە زەقدەکاتەوە کە لە ڕووداو دەکەونەوە، یان بە زمانی بادیۆ خۆی لە ڕووداو «دادەشکێنرێن». واتە فەلسەفە شوێنی

بیرکردنەوەیە لە حەقیقەت نەک ئەفراندنی ڕاستەوخۆی حەقیقەت. فەلسەفە، بە چوار مەرجەوە بەستراوەتەوە کە نافەلسەفیین(سیاسەت و عەشق و زانست و هونەر). بادیۆ زۆرجار لەبری ئەوەی حەقیقەت وەک ناوێکی تاک بەکاربێنێت، وەک ناوێکی کۆ بەکاریدێنێت و دەڵێت حەقیقەتەکان(Truths)؛ سادەترین هۆیشی هەر ئەمەیە کە بەستراوەتەوە بەو مەرجانەوە. ئەمە مانای ئەوە نیە کە حەقیقەت ڕێژەییە، بەڵکو حەقیقەت لەخۆیدا گشتەکی و ئەبەدی و ڕەهایە، بەڵام لە جیهانێکی تایبەتدا بە مانا بادیۆییەکەی کە پاش ڕووداو دێتەئاراوە. بەم پێیە حەقیقەت شتێکی پێشوەخت پێدراو نیە، بەڵکو تروووسکاییەکە لە نەبوونەوە دێتەبوون، گەر مرۆڤیش شتێک لەم تروووسکاییە نەڕفێنێت ئەوا بێبەش دەبێت لە حەقیقەت. فەلسەفە پتر بانگهشت و ئێشکگرتنە بەدیار ئەو ساتانەوە کە ڕووداوی حەقیقەت ڕوودەدات، بوون بۆ فەلسەفە خۆیشی پڕە لە ڕەگەزی چاوەڕواننەکراو.

چەندین دەیە لەسەر یەک فەیلەسوف و بەریانە جیاجیاکان کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە فەلسەفە کزبووە و تەنانەت مردووشە و گەرەکە بۆ جێگرەوەکانی بگەڕێین، بەڵام بادیۆ بانگەشەی ئەوەی کرد کە فەلسەفە نەک هەر نەمردووە، بەڵکو «ئێستاش هەر دەڕەخسێت و بگرە زەروووریشە. جیهان پێویستی بە فەلسەفەیە». لەو نوسینە کورتەی پێشوودا، بە زمانێکی کەمتازۆر ئاڵۆز باسی ڕووداو(Event) کراوە. بەڵام ڕووداو خۆیشی چەمکێکی فیکریی ئاڵۆزە. هەتا قورسە بتوانیت بەئاسانی چەند نمونەیەکی دڵنیا بۆ ڕووداوی بادیۆیی-ژیژەکی بدۆزیتەوە. ئەم قورسییەش لانیکەم بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە: یەکەم، وەسفی چەمکی ڕووداو لە فەلسەفەدا، هێند وردەکاریی تیایە کە ناهێڵێت هەر شتێک کە ڕوودەدات ببێتە "ڕووداو". دووەم، "ڕووداو" بەپێی سیفەتی ڕیشەیی خۆی، شتێکە زۆرکەم ڕوودەدات. ڕەنگە زەمەنێکی درێژ بگوزەرێت و هیچ ڕووداوێکی تیا نەبێت. دەشێت لە جێیەکدا کارەساتێک بقەومێت، پۆستێکی سیاسی بگۆڕێت، ستایلێکی کەلتوری بێتەناوەوە، خەڵکێک لەپێناوی شتێکدا بکوژرێن، دیاردەیەکی تایبەت بێتەئاراوە و سەرنجی

زۆرینەش ڕابکێشێت. بەڵام هیچکام لەمانە "ڕووداو" نەبن. دەکرێت لە کەلتورێکدا کەسێک یان کۆمەڵەکەسێک خۆیان بخەنە مەترسییەوە و دونیای پاش مەترسییەکەش هەروەک پێش مەترسییەکە بمێنێتەوە و نەبووبێتە ڕووداو. بۆیە بەدیوێکدا ڕووداو، پەیوەندیی بە حەقیقەت، سوبێکت و سەرەنجامیش بوونەوە هەیە. ڕووداو تەنیا بۆ بینەرێک ڕووداو نیە، بەڵکو بۆ خودی ئەو بکەرەش ڕووداوە کە بەشدارە تێیدا. مەبەست لە ڕووداویش، تەنیا بەسەرهاتێکی سیاسی نیە، بەڵکو هەموو ڕووبەرەکانی ژیان دەگرێتەوە لە سیاسەت و ئابورییەوە بۆ کەلتور و عەقڵیەت و دونیابینی و بگرە کۆی مێژووی کۆمەڵگایەکیش(کە لای بادیۆ دەبێت یەکێک لە چوار مەرجەکەی لای سەرەوە ببرێت). بۆیە ئەم جۆرە گۆڕانە، کەم و دەگمەن لە ژیانی کۆمەڵگاکاندا ڕوودەدات. ڕەنگە لە ئاستی تاکەکەسدا ئەگەری ڕوودانەکە زۆرتر بێت، چونکە ڕووبەری **تاکەکەس** لە ڕووبەری **کۆ** بچوکترە و خێراتریشە. گۆڕانی کۆی تاکەکان و ڕێسا نێوبەینییەکانیان، درەنگتر ڕوودەدات. دەکرێت زۆر سیفەت بۆ چەمکی ڕووداو بژمێردرێت کە دیسان گشتی و لێڵ بکەونەوە، وەکچۆن وردکردنەوەی سیاقی فەلسەفیی چەمکەکەش هێند دوور دەڕوات کە هەمیسان دیاریکردنی ڕووداو ئاسان نەبێت. سیفەتگەلی وەک پێشبینینەکران، کتوپڕێتی، سازکردنی قەیران بۆ گوتاری باڵادەست، پچڕانی ڕژێمی باڵادەستی زانین، درووستکردنی پچڕانێک لە مێژوودا، لەبنهەڵکەندنی دۆخێک، بڕیاری شێتانە، هەڵتۆقین لە هیچەوە، دابڕان لە دۆخدا و هتد، سیفەتی گشتی و لێڵن و گەر خوێنەرێکیش ناچار بێت ئەم سیفەتانە بخاتە ناو سیاقە فەلسەفییەکەیەوە بە ئەگەری زۆرەوە تووشی سەرلێشێوان دەبێت. بۆیە چارەکە ئەوە نیە واز لەم سیفەتانە بێنین، بەڵکو مانەوەیە لە ئاسۆی ئەم سیفەتانەدا تاکو دواسنوری لۆژیکیی خۆیشیان ببرێن.

بەپێی ئەو شرۆڤانەی لەسەر ڕووداوی بادیۆیی نوسراون، ڕووداو لای بادیۆ لەویوە پەیوەندیی بە ئۆنتۆلۆژیا(بوونناسی)یەوە هەیە کە دیسان پەیوەندیی بە چوارچێوە گشتییەکەی بوونمانەوە هەیە. بەڵام بوون بەو مانایە نا کە شتەکان هەن، بەڵکو بەو واتایەی کە شتەکان چۆنچۆنی وەردەگەڕێن

بۆ ڕووداو و بنکەکەیان گۆڕانی بەسەردا دێت. بوون شتێک نیە یەک جار درابێت و کۆتایی هاتبێت، بەڵکو لە زیادبوون و داشکاندایە، فرەییەکە دەگەڕێتەوە سەر فرەییەکی تر کە کۆتا فۆرمی نیە. ڕووداو، بەم پێیە، درەنگ بێت یان زوو، ئەگەری دەرکەوتن و ڕوودانی هەیە. چونکە **بوون** بریتی نیە لە بونیادێکی داخراو، بەڵکو شوێنی ڕیزبوونی کۆمەڵەیەک لە ئیمکان و توانستی جیاجیایە. ئەم ئیمکانانە کاتێک گۆڕانیان بەسەردا دێت، ئەوا لە چاوی مرۆڤەوە، وەک موعجیزەیەک دەردەکەون. ڕووداو کارێک نیە هەروا ئاسایی ڕوودبدات، بەڵکو شتێکە **ناوەڕۆکی بوون** لەگەڵ خۆیدا دەگۆڕێت. واتە ڕیزبەندیی ناو دۆخێک نوێدەکاتەوە، حەقیقەتێکی خەوتوو لەناو بووندا بێداردەکاتەوە. کردارێک نیە وەک کردارەکانی تر ڕوودبدات، بەڵکو لەرزەیەکی ئۆنتۆلۆژی لە جیهاندا جێدێڵێت. حەقیقەتێک هەیە لە بووندا کە تۆمارنەبووە، بەڵام ڕووداو تۆماریدەکات. بۆنمونە نەمانی سەرمایەداری یان سیستەمێکی قایم کە وەک ئاسۆیەکی ئۆنتۆلۆژی بکەوێت، ئەوا بەر ڕووداو دەکەوین. بەپێی ڕووداو، ئەوەی **نەبووە**، دەبێت و **دێتەبوون.** لە ڕووداودا، بوون دەسپێکێکی نوێ وەردەگرێت، ئەم بوونە، بوونە وەک بوون نەک حاڵەتێکی ڕووتی سیاسی یان زانستی و کۆمەڵایەتی کە لەناو هەمان دۆخدا دەمێنێتەوە. کە ڕووشدەدات، بەتەواوی ڕێکەوتی خۆی ناکەین، بەڵکو شوێنپێ یان شوێنەوارێک جێدەهێڵێت. لەم ڕووانەوەیە کە بادیۆ لەم سەردەمەدا وەک فەیلەسوفێک دەردەکەوێت کە داکۆکی لە چەمکێکی بنەڕەتیی وەک حەقیقەت دەکات و پێیوایە فەلسەفە بەبێ چەمکی حەقیقەت نایکرێت(کە لەمڕۆدا نەفرەتێکی تایبەت لەو چەمکە هەیە). بادیۆ جارێکی تر و سەرلەنوێ دەچێتەوە گیانی بوونناسی(ئۆنتۆلۆژیا) و هەریەکە لە چەمکەکانی حەقیقەت و ڕووداو دادەڕێژێتەوە:

پرۆژە سەرەکییەکەی بادیۆ لە سێ بەرگ پێکدێت کە بریتیین لە بوون و ڕووداو(١٩٨٨)، لۆژیکەکانی جیهانەکان(٢٠٠٦)، خۆنشینیی(ئیمانێنس)ـی حەقیقەتەکان(٢٠١٨). بەر لەوەش لە ساڵی ١٩٨٢، کتێبی تیۆری سوبێکت بلاودەکاتەوە کە ڕۆڵی هەبووە لە ناساندنی بیری بادیۆدا.

جاریش هەیە بیری بادیۆ قۆناغبەندی دەکرێت، بۆنمونە ئۆلیڤەر فیلسەم، سێ قۆناغ لە فیکری بادیۆدا دەستنیشاندەکات: ئەپستمۆلۆژیای ماتریالیستی(قۆناغێکی ئاڵتۆسێری)، قۆناغی ماویستی، و قۆناغی کۆتایی کە دەکاتە ئۆنتۆلۆژیای ماتماتیکی. بادیۆ خۆی لەم چەندساڵەی پێشوودا ئەم سێ بەرگەی بوون و ڕووداوی بە پرۆژەی سەرەکیی ژیانی ناوبرد کە کامڵیکردووە. دیارە ئەم سێ کتێبە و هەر دەقێکی تری فەلسەفییش بۆ ئێمەی کورد هێجگار دژوارە، چونکە تێگەیشتن لە فەلسەفە پێش هەموو شت پەیوەندیی بە ستایلی ژیانی ئەو کۆمەڵگایەشەوە هەیە کە تاکەکانی دەستدەدەنە خوێندنەوەی فەلسەفە. تێگەیشتن لە فەلسەفە، تەنیا لەوەدا کورتنابێتەوە کەسێک چەند تێدەگات، بەڵکو هەلومەرجەکانی تێگەیشتن بەستراوەتەوە بە ژیانە کۆمەڵایەتییەکەشەوە کە چەند بوار بە تاکەکەس دەدات تێبگات و ژیانی ناپرێنێت. نەبوونی ڕووداوی فەلسەفیی گەورەش لە دۆخی ئێمەدا، بەشێکی زۆری پەیوەندیی بەم ستایلەژیانە ناجێگیرەوە هەیە.

بادیۆ بۆ ئەوەی فەلسەفە لە دەستی چەند بەریانێکی هاوچەرخ ڕزگاربکات، لەڕیشەوە جۆرە ئۆنتۆلۆژیایەک دادەهێنێتەوە تا جێگەی حەقیقەت و ڕووداو و سەرەنجام سوبێکتیشی تیا ببێتەوە کە هەریەکەیان تا ئاستی هەڵوەشاندنەوە براون. بادیۆ زۆرجار بە ئەفلاتونگەرا دادەنرێت، ئەمە لە کۆمەڵێک ڕووەوە درووستە وەک ئەوەی کە ئایدیای حەقیقەت دەشێت نەمر بێت، یان فەلسەفە لە ڕێژەگەرایی و سەفسەتەگەری ڕزگاربکرێت، بەڵام سیستەمە فیکرییەکەی بادیۆ سیستەمی پاش مەرگی خودایە و پێویستی بەوە کردووە ژیانی مرۆی ئەمڕۆ لەبەرچاوبگیرێت و ئۆنتۆلۆژیایەکی نوێتر بئافرێنێت کە بۆ سەردەمی پاش مەرگی خودا بگونجێت. ئۆنتۆلۆژیا بۆیە ڕیشەییە، چونکە پەیوەندیی ئێمە و بوون ڕووندەکاتەوە کە سەرەکییترین کاتیگۆرییە، یان لە واقیعی جیهان دەکۆڵێتەوە و ئەوەی کە واقیع چۆناهی خۆی بۆ ئێمە دەردەخات و ئێمەش کەوتووینەتە کوێی بوون و جیهانەوە. چی هەیە و چی نیە و پەیوەندیی بوون و نەبوون بە ئێمەوە چیە. هەندێجار ئۆنتۆلۆژیاکەی بادیۆ، بە میتائۆنتۆلۆژیا ناودەبرێت چونکە کاری تەنیا ئەوە نیە کە بوون و

بوونەوەران بناسێت یان بوون لەخۆیدا چیە، بەڵکو ئەو ڕەهەندەی بوونیش وەردەگرێت کە هەبووە بەڵام نەهاتووەتەبوون و بەهۆی ڕووداوەوە دێتەبوون. هەنێجاری تریش بە ئۆنتۆلۆژیای داشکێنەر ناودەبرێت کە ڕەگەزێک لە بوون دادەشکێنرێت و چەشنی نەبوونێکی شاراوە ئەگەری ڕووداو و دەرکەوتنی ڕووداو دەڕەخسێنێت. داشکاندن(subtraction)، سەر بە چەمکە نەفییەکانە و بادیۆ خۆی بە «بەشە پۆزەتیڤەکەی نەفی»ـی دادەنێت، واتە نەفییەکی ڕووت نیە بەڵکو نەفییەکە پشکێک لە بوون دەپچڕێت. بۆنمونە بەر لەوەی شتێک تەواو نەفیبکرێت، بەدیلێکی کاتیی بۆ دێتەئاراوە و پاشان بیر لە هەڵتەکاندنی دەکرێتەوە(بۆنمونە پەڕینەوە لە دەوڵەتی بۆرژوازییەوە بۆ کۆمۆنیزم، پێویستی بە دەوڵەتێکی کاتیی سۆسیالیستی هەیە). ئایدیای داشکان، ئاماژەیە بۆ شتێک کە لە «نابوون»دا خەفەبووە و داشکێنراوە، بۆیە لەگەڵ گەڕانەوەیدا دەتوانێت ئاماژەی ڕووداو بێت. ئەم چەمکە، خۆلادانە لە چەمکی "وێرانکردن"یش کە هەم بیرخەرەوەی پاڵنەری مەرگە لە دەروونشیکاری‌دا و هەم بیرخەرەوەی "تاسە بۆ ڕیاڵ"یشە کە بادیۆ خۆی بە خەسڵەتی سەرەکیی سەدەی بیستی دادەنێت. بوون و هەبوون ڕوویەکی زۆر ئەرێنیی نیە لای بادیۆ، بۆیە لە مفەکەرەی دژەجوانیناسییەکەیدا دەنوسێت: «ئەوەی بتوانێت خراپتری لێ بێت، بوونی هەیە(exists)». نابوون وەهمیبوون نیە لای بادیۆ، بەڵکو جۆرێک لە شکۆی ئۆنتۆلۆژییە و لە بوونە ژمێراوە قاڵبگرتووەکەدا جێی نەبووەتەوە. لە هەمان جێدا هەردوو ڕەهەندەکە(بوون-وجود)، کۆدەکاتەوە و دەنوسێت: «بوون کاتێک وجودی هەیە(Being exists)، کە لە ڕووبەڕووبوونەوە پێچرابێت». ڕووداویش هێند چالاکییەکی ئۆنتۆلۆژییە کە بەپێی بادیۆ «ڕووداو ئەو ساتەیە وا بوون دەستپێدەکات[6]». واتە بوون پێدراوێکی پۆزەتیڤ و بەردەست و کامڵ نیە، بەڵکو ئەو بوونەی وا بادیۆ داکۆکیی لێدەکات دەسپێکێکی نوێیە و لەگەڵ ڕوداودا دێتەئاراوە. لەوەش زیاتر، بوون لکاوە بە چانس و بەختێکەوە و گەر سوبێکت لە فۆرمی ڕووداودا نەیرفێنێت،

[6] آلن بدیو(قدم اول)، مایکل کلی-پیرو، ترجمەی ابراهیم اسکافی، انتشارات شیرازە، چاپ اول، ١٣٩٨، ص١٩

ئەوا لەدەستدەچێت. بە دەربڕینێکی تر، بوونناسییەکەی بادیۆ، تەنیا لە بوون ناکۆڵێتەوە «وەک بوون»، بەڵکو ئەو ڕەهەندەی بوونیش شیدەکاتەوە کە "نابوون"ـە و ئیمکانی ڕووداوی لەخۆیدا هەڵگرتووە. یان بەپێی زمانە تیۆرییەکەی خۆی «بوون-وەک-بوون-چی-نیە». بادیۆ لە سەرەتای کتێبی "بوون و ڕووداو"دا، ڕەخنەی بوونناسییەکانی پێش خۆی دەکات و لە فەلسەفەی یۆنانەوە پیا دێت: پارمەنیدس وەک فەیلەسوفێکی سەرەکی کە پەرژاوەتە سەر ئۆنتۆلۆژیا، بوونی بە یەک(the one) داناوە. واتە یەک، بنەڕەتی بوونە، بوون یەکە. لای ئەرستۆ و یۆنانییەکانی تریش، هەوڵدەدرێت یەکێتی(unity)یەک بۆ بنکی بوون بدۆزرێتەوە. بەڵام بادیۆ بنەڕەتێکی وەک "یەک" بۆ بوون ڕەتدەکاتەوە و دەنوسێت: «یەک، بوونی نیە[7]». لە بوونناسییەکەی بادیۆدا، فرەیی(multiplicity) هەیە، و بوون خۆی فرەییەکی پەتی( pure multiplicity)یە. بوون فرەییەک نیە لە "یەک"دا کۆبێتەوە و لەچوارچێوەنرێت، بەڵکو فرەییەکە دەگەڕێتەوە سەر فرەییەکی تر. هەر فرەییەکیش بە زاتی خۆی فرەیە. ئەم فرەییەی ناو فەلسەفەی بادیۆ، جیاوازە لەو فرەییەی کە پێشووتر لە بن "یەک"دا هەبوو. یەک تەنیا لە بونیاددا هەیە، لە دۆخێکدا کە بۆ ماوەیەک خۆی ڕادەگرێت، بەڵام دۆخ خۆیشی بوونێکی فرەییانەی هەیە و تەنیا لە قۆناغی "یەکژمێری"دا یەک و یەکێتی دەگرێتەخۆی. یەکژمێری، وەک کارکردێک هەر دەمێنێتەوە، بەڵام ئەوەی بنەڕەتییترە فرەییە لە فرەییەکی تردا. دۆخ کە زاراوەیەکی سەرەکیی بوونناسییەکەی بادیۆیە، خۆی فرەییەکی نایەکانگیرە بەڵام لە ساتی یەکژمێری‌دا دەبێتە فرەییەکی یەکانگیر و ئەمەش کۆتا ئەگەری دۆخ نیە، بەڵکو دۆخ هەمیسان دەچێـەوە پەیوەندی لەگەڵ فرەییە نایەکانگیرەکەی بووندا و شیمانەی ڕووداو دەمێنێتەوە. بۆیە ئەم فرەییەی بادیۆ ناوێکی تریشی هەیە کە لەبنەڕەتدا فرەیی نایەکانگیرە، واتە ئەو فرەییەی کە لە "یەک"دا گیر و کۆگیر نابێت. ئەمە پێچەوانەی فرەیی یەکانگیرە کە یەک دەبێتە ژێرخانی

[7] BEING AND EVENT: Alain Badiou, Translated by Oliver Feltham, continuum, p23.

فرەییەکە و لە دۆخە باڵادەستەکاندا دەیبینین. کاتێک بادیۆ دەگەڕێتەوە سەر تیۆری کۆمەڵەکان(set theory) لە ماتماتیکدا، ئەوا هەر فرەیەک بۆخۆی کۆمەڵەیەکە. هەروەها ماتماتیکزانان بە کەسانی ئۆنتۆلۆگ دادەنێت چونکە ماتماتیک دەتوانێت کۆمەکمان بکات لە دارِشتنی پرەنسیپێکدا بۆ بوون. بادیۆ کاتێک دەڵێت «ئۆنتۆلۆژیا، ماتماتیکییە»، ئەوا مەبەستی ئەوە نیە بوون لە ژمارە پێکهاتبێت وەک ئەوەی لای فیساگۆرسییەکان هەبوو، بەڵکو میتۆدێکی دەسکەوتووە تا بوونی پێ بخوێنێتەوە. ئەو نابوونە کە بادیۆ ڕووداوی لێوە هەڵدەهێنجێت، لە کۆمەڵەی بەتاڵەوە لە ماتماتیکەوە وەرگیراوە کە بنخانی هەموو کۆمەڵەیەک و هەموو فرەییەکە. هەروەها ئەم بوونناسییەی کە بەپێی ماتماتیک وەردەگیرێت، بوون(being) لە وجود(existence) جیادەکاتەوە، یەکێک لە هۆیەکانی پشت ئەم جیاکارییەش ئەوەیە کە بوون وەک ڕاستییەکی دەرەکات و فۆرماڵ وەربگیرێت. ئەمە جگە لەوەی بەپێی ماتماتیک، بوون نە دەبێتە ئۆبێکت و نە وەک فەلسەفەکانی تریش ئۆبێکتی جۆراوجۆر دەخوڵقێنێت. لە بوونناسیی پێشوودا کە وتراوە ئەوە چیە وا بوونی هەیە، وەڵامەکان بۆنمونە "جەوهەرەکان" یان "مۆنادەکان" یان "بوونەوەران" و هتد بووە، بەڵام وەڵامی بادیۆ بریتییە لە «فرەییە نوێنراوەکان[8]». ماتماتیک چەمکی کۆمەڵە دەخاتە بەردەستی بادیۆ نەک چەمکی **یەک**، بۆیە بادیۆ ئۆنتۆلۆژیا دەلکێنێت بە ماتماتیکەوە. هەروەها ماتماتیک لێرەدا دەبێتە ئەو میتۆدەی کە سەرەتا کۆمەڵێک بوونەوەری ماتماتیکی وەردەگرێت نەک مرۆیی، ئەوە دواترە مرۆڤ و چالاکییەکانی لەژێر سایەی ئەم بوونەوەر و چەمکە ماتماتیکییانەدا دەخوێنرێنەوە؛ چەمکەکانی وەک سیستەمی ئەکسیۆم، کارکرد، پێوەندی، دۆخ، نواندنەوە، لەخۆگرتن، بۆشایی، کۆمەڵە، ڕواڵەت و هتد. بۆنمونە سوبێکت لە بوونناسییەکەی بادیۆدا، شتێکی ئەوتۆی لەو مرۆڤە ناچێت کە لە عەقڵی باو(کۆمۆن سێنس)دا هەیە. سوبێکت کاڵدەبێتەوە و ئەوەی هەژماری لەسەر دەکرێت بریتییە لە توانستێک کە

---

[8]. آلن بدیو، الیور فلثم، ترجمەی علیرضا اسمعیل‌زاده برزی، انتشارات نگاه، ۱۳۹۸، ص۱۷۷.

کەسێک/لایەنێک هەوڵدەدات ببێبت بەوە و بیگاتێ. لەبەر ئەمەشە کە بەپێی بادیۆ «ئۆنتۆلۆژیا ناتوانێت بیر لە سوبێکت بکاتەوە، بەڵکو دەتوانێت لە ***کارکرد***ەکەی ڕابمێنێت، کە ناچاری و زۆرلێکردنە. لەگەڵ ئەمەشدا هیچ جیاوازییەک نیە لەنێوان بوونی سوبێکت وەک کۆمەڵەیەک لە "فرە"ییەکان لەلایەکەوە و زۆرلێکردنیش لەلایەکی ترەوە: نمونەیەکی تایبەت بۆ زۆرلێکردن بریتییە لەو شتەی کە ئەو کۆمەڵەیە لە "فرە"ییەکان بەرهەمیدێنێت یان پەرەیپێدەدات. بۆیە سوبێکت جێیەکی نیە تاکو سەرچاوەی زۆرلێکردن بێت: بە دەربڕینێکی تر، لە دیدی بادیۆوە هیچ فاکتەرێکی تری گۆڕانکاری لە سوبێکتدا لەئارادا نیە. سوبێکت هیچ نیە جگە لە گۆڕان وەک زۆرلێکردن. گەر بێتو ئۆنتۆلۆژیای تیۆری کۆمەڵەکان وەک پرۆسەی حەقیقەت وەربگرین، وەک ئەوەی بادیۆ خۆی لە ڕامانی بیستەم(ـی ناو کتێبی بوون و ڕووداو)دا دەیکات، ئەوا سوبێکت لەم پرۆسەیەدا بریتی نیە لە کەسێکی وەک کانتۆر خۆی، بەڵکو "کانتۆر"ـە وەک کۆمەڵەیەک لە گوزارەی داهێنەرانەی ماتماتیکی...[9]». لێرەدا سوبێکت بریتییە لەو چالاکییانەی کە دەیکات، بەڵام لەناو پرۆسەی حەقیقەتدا. کانتۆر(1845-1918) کە داهێنەری "تیۆری کۆمەڵەکان"ـە لە ماتماتیکی نوێدا، لێرەدا داهێنانەکانی دەبنە سوبێکت، چونکە دەلکێن بە ڕووداوی حەقیقەتەوە، چونکە خۆی ڕووداوێکی زانستی بووە. سوبێکت لای بادیۆ دەخرێتە پێگەیەکەوە کە تەنیا لە ساتی کاردانەوە بەڕووی ڕووداودا درووستدەبێت. ئەوەی جگە لەم ساتە هەیە، سوبێکت نیە؛ بەڵکو تاکێکی ئاسایی ناو سیستەمی باوە. سوبێکت گرێدانی پەیوەندیی جیهان و ڕووداوە لە چرکەساتێکی ئۆنتۆلۆژییدا، ڕەنگە هەڵە نەبین گەر بڵێین بریتییە لە خودی گرێدانەکە. گەر عەشق وەک نمونەیەک یان ڕەهەندێکی حەقیقەت وەربگرین ئەوا باشتر لە پرسی سوبێکت تێدەگەین: کاتێک عەشقێک لەنێوان دوو کەسدا ڕوودەدات، ئەوا بەرەنجامەکە توانەوە نیە، بەڵکو لەدایکبوونی سوبێکتە. سوبێکتیش یەک نیە، بەڵکو دووە، ئایدیای دوو. ئەم دوو کەسە پێکەوە "سوبێکتی دوو"

---

[9]. هەمان، ل٢٢٤

بەرهەمدێنن کە ڕۆڵی یەک سوبێکتی فەلسەفی دەگێڕێت. سوبێکت، کۆمەڵێک شوێنەواری ئەو ڕووداوەیە وا ڕوودەدات و بە ماهیەتیش لە **یەک** زیاترە. لەڕووی بووناسییەوە، لە عەشقدا ڕەهەندێک لە بوون داشکێنراوە کە پێشتر نابوون بووە، بەڵام بەهۆی گوژمی نواندنەوە دەرکەوتووە و بوونێکی نوێ بە دوو کەس دەبەخشێت.

تیۆری کۆمەڵەکان، تیۆرێکە بۆ فرەیی نەک یەک. تیۆری کۆمەڵەکان، بەسادەیی واتە کۆمەڵەیەک یان گشتێک لە شتی دیاریکراو و لێکجیا، هەر شتێک ئەندامێکە، ئەندامەکان لە پەیوەندییدا دەژین، هەر ئەندامێکیش هەر شتیکی جیهان دەگرێتەوە و هەر کۆمەڵەیەکیش خۆی دەبێتەوە بە ئەندام و دەچێتەوە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵەکانی تردا. بەڵام ئەندام و ئەندامێتی مانای هەبوون نیە لە چوارچێوەی گشت و کۆمەڵەیەکی داخراودا، بەڵکو لەسەر پەیوەندی و "سەر بەو بوون(belonging)" وەستاوە. هەر ئەندام و ڕەگەزێکی ناو کۆمەڵەکە، کراوەیە بەسەر کۆمەڵەیەکی تردا و ئەو کۆمەڵەیەش کراوەیە بەسەر کۆمەڵێکی تردا تا ناکۆتا. هەر کۆمەڵەیەک فرەییەکە لە فرەکان، بۆیە پەیوەندیی نێوان ڕەگەزەکان و کۆمەڵەکان پەیوەندیی کەم و زۆر یان گەورە و بچوک نیە، بەڵکو ئەوانیش «هەریەکەیان بۆ خۆی کۆمەڵەیەکە...هیچ کۆمەڵەیەک نیە هەموو کۆمەڵەکانی لەخۆگرتبێت [و دایخستبن]، واتە هیچ کۆتا کۆمەڵەیەک بوونی نیە هەموو جۆرەکانی کۆمەڵەی ناو تیۆری کۆمەڵەکان لەخۆبگرێت[10]». بەم پێیە، تیۆری کۆمەڵەکان تیۆری ئەو فرەییانەیە کە یەکیاننەگرتووە، فرەییەکە ناکۆتایە. دیارە کۆمەڵێک گۆڕاو و فاکتەر و مۆدێل و زمانی جیاواز لەنێوان کۆمەڵەکاندا هەن، بەڵام ئەمە لەڕووی ئۆنتۆلۆژییەوە هیچ لەوە ناگۆڕێت کە هەر کۆمەڵەیەک بە زاتی خۆی فرەییە و هیچ مەرجەعێکی دەرەکییش نیە سنورداری بکات، جگە لەو مەحاڵێتییە ناوەکییەی کە بەهۆی کۆمەڵەی بەتاڵەوە ڕایگرتوون. وەکچۆن هەموو کۆمەڵەیەک هەڵگری کۆمەڵەیەکی بەتاڵە، هەموو دۆخێکیش هەڵگری بۆشاییەکە. ئەم بۆشاییە و ئەم کۆمەڵە

---

[10]. درآمدی به فلسفه آلن بدیو، الیور فلثم، جاستین کامنز. ترجمەی صالح نجفی، کتاب رخداد، چاپ دوم، ۱۳۸۹، ص ۳۰.

بەتاڵە، بنەڕەتێکی سەربەخۆ یان سنورێک یان شتێکی ئۆبێکتئاسا نیە، بەڵکو «فرەییەکی بێفرەییە». ڕەنگە ئەمە لوتکەی فۆرمالیزمی بادیۆیی بێت لە ئاستی بوونناسییدا، فۆرمالیزم بەو واتایەی کە جیهان لە ناوەڕۆک و ئۆبێکتی مادی و ئەزموونی بەتاڵدەکرێتەوە چونکە بوونناسییەکە لەسەر ماتماتیک بنیاتنراوە. "فرەیی" هەمیسان لەڕووی بوونناسییەوە، بەپێی دیدە ماتماتیکییەکەی بادیۆ "تا ڕادەیەک" هەیە، نە زۆر و نە کەمۆکیش: گەر زۆر هەبێت ئەوا گوژمی دەرکەوتنەکەی دەگاتە ئاستی ڕووداو، گەر کەمۆکیش بێت بۆ ئاستی سفر دادەبەزێت و چەشنی نەبوویەک درێژە بە خۆی دەدات.

ئەم فرەییەی بادیۆ، فرەیی نیە لە ژمارەدا، چەندێتی نیە بەڵکو فرەییەکە لە بەش و بەشیش بە خەسڵەتی خۆی لە ژمارە زۆرترە. ئەم زیادەیەی بەش بەسەر ژمارەوە، ئەگەری ڕووداو دەخولقێنێت. ڕووداو، تەنگژە بۆ دۆخەکان درووستدەکات چونکە دۆخەکان خۆیان سەر بە فرەییەکن و بۆ ماوەیەکی کاتی نەزمێکیان لەم فرەییە وەرگرتووە. لەڕووی ێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، هەرکات ڕووداوێک بەسەر دۆخێکدا هات، گەرەکە "ناونان"یش لەلایەن سوبێکتەوە بۆ ڕووداوەکە هەبێت. وشەی دۆخ(state) بە واتای دەوڵەتیش دێت، بۆیە ڕووداو داشکانە لە دۆخی دەوڵەتیش. بادیۆ بۆیە باسی وەفا بۆ ڕووداو دەکات، تا سوبێکتێکی نوێ خاوەندارێتی لە ڕووداوەکە بکات و نەهێڵێت بچێتە دۆخی متبوونەوە. سوبێکت لێرەدا هەروا بەسادەیی کەسێک یان کۆمەڵەیەک نیە، بەڵکو ئەو بکەرەیە دەلکێت بەم دەسپێکە تازەیەوە و ناوەڕۆکی نوێی خۆی دادەڕێژێت. سوبێکتە نوێکە، تێکەڵ بە جاڕدانی ڕووداوەکە دەبێت. جاڕی ڕووداو و درووستبوونی خۆیشی دەدات. سوبێکتی وەفادارمان مەبەستە، گەرنا سوبێکتی کۆنەپارێز و تەمومژاوی سەردەردێنن تاکو ئەم بوونە نوێیەی ڕووداو داپۆشن. وەفا بۆ ڕووداو، ڕاکێشانی ڕووداوە تا ئاستی حەقیقەتێکی نوێ. جۆرێک لە ڕاکێشانی خۆنشین و ناونشینە بۆ ئەوەی ڕووداو لەبارنەچێت. بۆیەشە سوبێکت دەکەوێتە پاش ڕووداوەوە، چونکە بادیۆ سوبێکتگەرایەکی باو نیە کە بوونی

دەرەکی فەرامۆشبکات و بکەرێکی پێشوەختە بکاتە دەسپێکی ڕووداو. ڕووداو بەسەر جیهاندا دێت نەک تەنیا سوبێکت. ئیشی سوبێکت ئەوەیە ئەم وەرچەرخانە خۆنشینەی ناو بوون و جیهان بگرێتەدەست و وەفای بۆی هەبێت. مادام فرەییەکی پەتی لە بووندا حوکمدەکات، ئەوا سوبێکت بەتەنیا بەس نیە بۆ ئەوەی بکرێتە چەقی خوێندنەوەی فەلسەفی. هاوکات وەفا شتێکی پڕ و پۆزەتیڤ نیە مرۆڤ هەڵیگرتبێت، بەڵکو جۆرە ساتەوەختێکی هەستیارە کە پاش ئاشکرابوونی ڕووداوی حەقیقەت، دەیگرێتەبەر. ئەم وەفایە، کردەیەکی پاسیڤ نیە، بەڵکو گرێدانی دەستێوەردان و پەیوەندیگرتنیشە بە ڕووداوەوە. گەر سوبێکت ئەم وەفایە نەنوێنێت، ئەوا ڕووداوەکەش وندەبێت(لانیکەم بۆ سوبێکت). سوبێکت کەمێک دەکەوێتە دوای ڕووداوەوە، بەڵام گەر وەفاشی بۆ ڕووداو نەبێت ئەوا مەودای "کەم"ـەکە و ڕووداوەکەش نامێنێت و سوبێکتێکمان نابێت.

ڕووداو، لە مانا هەرەسادەکەیدا، بەرەنجامی تێربوون و پڕبوونی زەمەنی دۆخی باڵادەستە(لەقووڵاییشدا بوون بۆ بادیۆ دەرەکاتە نەک وەک هایدگەر کاتمەندانە بێت، بۆیە یەکیان پەنا بۆ فەلسەفە دەبات و ئەویتریشیان پەنا بۆ ماتماتیک دەبات- بادیۆ خۆی دەڵێت "بیرکاری، بوونناسییە"). بادیۆ بۆ ئەوەی بوون کورتنەبێتەوە بۆ وەسفی شاعیرانە و ڕۆمانتیک، بوونناسییەکەی خۆی لە ماتماتیک و بەتایبەت تیۆری کۆمەڵەکانەوە وەردەگرێت؛ بەحوکمی ئەوەشی ماتماتیک گرنگی بە کات نادات، ئەوا بوونیش لای بادیۆ ناکاتمەندانەیە(دۆخی باڵادەستیش کە کات و شوێنی تیابەت بە خۆی هەیە، جۆرێک لە بونیاد درووستدەکات و دەیسەپێنێت). لای هایدگەر بوون و کات پێکداچوون، بەڵام لای بادیۆ تەنیا ساتی ڕووداو درک بەو کاتمەندییەی بوون دەکەین کە بەخێرایی دەچێتەوە جێی خۆی. بوونناسییەکەی بادیۆ، بوون وەک دیاردەیەکی جێگیر وەردەگرێت کە لە ناکۆتا فرەیی پێکهاتووە. ئاشکرایە ماتماتیک ئەو کایەیەیە کە جووڵەی تیا نیە، زانستێکی فۆرماڵە، کاتیش ناخوێنێتەوە. پەیوەندیی بوون و ڕووداو(کە ناونیشانی کتێبە

سەرەکییەکەی بادیۆشە)، هێند پێکداچووە کە هەردەڵێی ئەوە بوونە ڕوودەدات نەک ئەوەی ڕووداو کردارێکی ڕۆتینی بێت. ڕووداو «ئەو فرەییەیە کە بەهۆی خۆنواندنیەوە، نایەکانگیریی ناو کۆی دۆخەکان هەڵدەماڵێت». ئەو شوێنەوارەی کە پێماندەڵێت ڕووداوێک ڕوویداوە، شوێنەوارێکە ئاماژە بۆ ناسکی و تیژتێپەڕیی ڕووداوەکە دەکات کە گەر بێتو بە ڕۆحیەتێکی میلیتارییەوە بەرەو پیریی نەچین و شوێنەوارەکەی هەڵنەگرینەوە، ئەوا لەباردەچێت- ڕوداو ئۆبێکتێک نیە بۆ ناسینەوە بەڵکو بەر لەوە پێویستی بە سوبێکتێکە بە ڕۆحێکی بەرەنگارانەوە دەستی بەسەردا بگرێت. سوبێکت، دەبێت کۆ و فرەییەک بێت، جەستەیەکی فرەنشین. سوبێکت گەر لە جێیەکدا کۆیش نەبێت، ئەوا دەبێت ببێتە سوبێکتێک بۆ هەموان. سیاسەتی بادیۆیی، سیاسەتێکە بۆ هەموان، حەقیقەت خۆیشی کەس فڕێناداتە دەرەوە بۆیە هەریەکە لە سوبێکت و حەقیقەت و سیاسەت دەبێت "ژانریک" بن، واتە چەترێکی ئۆنتۆلۆژی بەسەر هەمواندا بدات. وەفا هێند پێگەیەکی سەنترالی لە ڕووداوی بادیۆییدا هەیە کە خاڵی جیاکەرەوەی مرۆڤیشە لە حەیوان. مرۆڤ، حەیوانیکی وەفادارە بە ڕووداو. وێڕای ئەمەش هێشتا، پەیوەندیی سوبێکت و حەقیقەتی ڕووداو ئەوەمان بۆ دەردەخات لای بادیۆ کە سوبێکت «جۆرە دەرکەوتنێکی هەڵکەوتی کۆتادارە(ژیژەک)»، واتە حەقیقەت لە سوبێکت گەورەترە، حەقیقەت پێدراوێک نیە بۆ سوبێکت، بەڵکو سوبێکت دەبێت خۆی بنوسێنێت بەو حەقیقەتەوە کە ڕوویداوە. ئەم بەرکەوتنەی سوبێکت بە ڕووداو، دیدگامان بۆ سوبێکتیش دەگۆڕێت(بەتایبەت پەیوەندیی سوبێکت و ڕووداوی حەقیقەت)، چونکە سوبێکت لە پاشکۆی ڕووداوەوە توانای دەرکەوتنی هەیە. جیا لەوەش، ڕووداو خۆی "ئەندامێکە لە خۆی"، خۆڕەنگدەرەوەیە، بۆیە گەر سوبێکتێک(کە زۆرجار کۆیە) نەلکێت بە ڕووداوەکەوە، ئەوا ڕووداوەکە وەک "فرەییەکی نەنوێنراوە" دەپوکێتەوە.

ڕووداو، بیرماندەخاتەوە کە بوون بریتییە لە فرەییەکی نایەکانگیر( inconsistent multiplicity). گوایە ئایدۆلۆژیای باڵادەست و دەوڵەت، ئەم فرەییە دەشارنەوە و

ناچارماندەکەن وەک یەک(the one) بیر لە بوون بکەینەوە. زیادەیەک هەیە ملکەچی یەکژمێری(count-for-one) نابێت و درەنگ یان زوو دەتەقێتەوە و چەشنی دەرکەوتەیەکی فینۆمینۆلۆژی خۆی دەردەخات. شۆڕش زۆرجار بریتییە لە دەرکەوتنی ئەم زیادەیە، ئیدی لە شۆڕشێکی سیاسییەوە تا کەلتوری و زانستی. خەڵکانێک هەن لە کۆمەڵگادا باش نەژمێراون، ئەسڵەن نەژمێراون لە هەژمارە ڕەسمییەکاندا وندەبن. بۆیە ئەو دۆخە باڵادەستەی کە وەک یەک خۆی دەنوێنێت، ئاوسە بە زیادەیەک کە هەمیشە لەو دۆخە زیاتر دەچێت. ڕووداو بریتییە لەم زیادەڕۆییە لە دۆخەکەدا کە **دۆخ** بۆی جڵەناکرێت. ئەم ڕێکەوت و شانسە نوستووەی ژێر پێستی دۆخ، بە حوکمی ئەوەی هەمیشە هەیە، ئەوا لە ڕێکەوتەوە ڕۆڵی زەرووورەتێک وەردەگرێت. بادیۆ بەمە دەڵێت زەرووورەتی بونیادی(structural necessity)، واتە لە بونیادی هەموو دۆخێکدا ڕەهەندێکی ڕێکەوت هەیە هەمیشە دووبارەدەبێتەوە و ئەگەری دەرپەڕینی هەیە. ڕووداو گەرچی لە دۆخێکدا ڕوودەدات، بەڵام لەو دۆخەشدا ڕووبەرێکی نوێ بۆ خۆی دەکاتەوە، شوێنێکی تایبەتتر کە پێیدەوترێت شوێنی ڕووداوبار یان دەتوانین ئاسانتر گوزارشتی لێ بکەین و بڵێین *جێڕووداو*[11]. هەمیشە جێیەک بۆ ڕووداو هەیە، جێیەک کە لە ماتماتیکیشدا و بەپێی تیۆری کۆمەڵەکان بە "کۆمەڵەی بەتاڵ" ناودەبرێت. ئەم *جێڕووداوە*، ئەم کۆمەڵە بەتاڵە، ئەو زیادەیەی تیا دەتەقێتەوە کە وەک ڕووداو دەیناسین. وەکچۆن لە تیۆری کۆمەڵەکاندا، بەشێکی بەتاڵ هەیە، لە ڕووداویشدا ئەم بەشە لەژێر ناوی بەشێکی دەرکراودا دەگەڕێتەوە. وەکچۆن کۆمەڵەی بەتاڵ لە تیۆری کۆمەڵەکاندا لە ماتماتیکدا هەیە، بوون بەگشتی و دۆخی کۆمەڵایەتییش هەڵگری بۆشایی(void)یەکە. ئەم بۆشاییە، دەکەوێتە پێش ژماردنەوە و پێگەیەکی ئۆنتۆلۆژیی هەیە و لەگەڵ "فرەیی پەتی"دا بوونناسییەکەی بادیۆ پێکدێنن(بەپێچەوانەی دووانەی "بۆشایی" و "یەک"ـەوە لە بوونناسیی کۆندا). ڕووداو بۆیە ڕوودەدات تا ئەم بۆشاییە

---

[11] the Evental site

چالاکبکاتەوە و بیهێنێتەوە ناو هەژمارکردن. کاتێکیش دەوترێت ڕووداو لە هیچ یان بۆشاییەوە هاتووە، ئەوا لەم بۆشاییە ئۆنتۆلۆژییەوە هاتووە کە لە درەوشانەوەیەکی کورتدا خۆی دەنوێنێت. ساتی ڕووداو، ژماردن دەوەستێت بەڵام دواتر هەژماری جدی لەسەر ئەم بۆشاییە دەکرێت. بەتایبەت گەر سوبێکتێکی وەفادار هەبێت خۆی بکاتە خاوەنی ئەم بۆشاییە هەڵکەوتەیە. ئەم بۆشاییە، جۆرێکە لە مەحاڵ، لە نێگەتیڤ، کە یەکسەر لەگەڵ ڕوودانی ڕووداودا دەگەڕێتەوە جێی خۆی. ئەم بۆشاییە بوونەکەی تا ئاستی "بوون" نەهاتووە، بۆیە لەگەڵ ڕووداودا وەک بریسکەیەک دێتەبوون و پاشان دەگەڕێتەوە جێگا ئۆنتۆلۆژییەکەی خۆی کە لە کاتی تردا «بوونی نیە». دۆخ هەمیشە ئەم زیادە "تەواوکەر"ـەی هەڵگرتووە، بەڵام لە ساتی دانسقە و چاوەڕوواننەکراودا بوونی خۆی دەخاتە بەر ڕۆشنایی و پاشان جگە لە شوێنەوارەکانی، هیچی تر بەدیناکەین. لەبنەڕەتیشدا خاڵێکی گرنگ لە فەلسەفەی بادیۆدا هەیە کە بەو پێیە بۆ ئەوەی شتێک هەبێت، دەبێت سەر بە "دۆخ"ێک بێت. ئەوەی لە دەرەوەی دۆخ دەمێنێتەوە، نەبوونە و نەبووە، بەڵام ئەگەری دەرکەوتنی هەیە. هەمیشە بەشێک لە بوون وەک نابوون(inexistent) دەمێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ ڕووداودا بۆ ساتێکی توند و خێرا دەردەکەوێت. چەمکێکی وەک توندیی ڕواڵەت(intensity of appearance)، ئاماژەیە بۆ ئەم ساتە چڕەی کە ڕووداوی تیا دەردەکەوێت و ڕواڵەتی "بەش"ێکی ناو کۆمەڵەکە خۆی دەردەخات. زۆرجار فیگەرێکی ون و نەبینراو لە ڕسکاندا بووە، بەڵام ئەوە ڕووداوە وادەکات وەک فیگەرێکی نوێ بێتەبوون(بادیۆ نمونەی کرێکاران لە پێش و پاشی کۆمۆنەی پاریس دێنێتەوە). کەواتە ڕووداو کاردەکاتە سەر کۆی بوونی دۆخێک، سەر دیوە بڵندنشین و ترانسێندێنتاڵەکەی دۆخێک، سەر ئەو یەکژمێرییەی کە بەسەر دۆخێکدا زاڵە. پەیوەندیی بوون و ڕووداو لە ئاستێکی پەتییتردا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بوون خۆی بەبێ ڕووداو ئەستەمە. پیتەر ئۆزبۆرن لە ڕانانێکیدا بۆ کتێبی "بوون و ڕووداو"ی بادیۆ

که ساڵی ١٩٨٨ بڵاویکردبووەوە، دەنوسێت: «ڕووداوەکان لە "بوون" دادەشکێنرێن[12]. ڕووداوەکان هەردەم کۆمەڵێک دۆخی تایبەت بە خۆیان هەیە وەک "جێ(site)"، چونکە هەمیشە پێوست بەوە دەکات دۆخێکی تایبەت هەبێت ڕووداوێکی تیا ڕووبدات، و تێیشیبپەڕێنێت. وێڕای ئەمەش، تەنانەت گەر ڕووداو "سەر بەو" دۆخە بێت ئەوا "تێیدا نیشتەجێ" نابێت. بۆیەکانێ ڕووداو "بوونێکی نا-بوون(being of non-being)"ـی هەیە، نەک لەبەر ئەوەی کە ڕووداو بوون وەک بوون "تێدەپەڕێنێت"، بەڵکو ڕێک بەپێچەوانەوە لەبەرئەوەی کە لێی نزیکدەبێتەوە[13]».

مادام بوون بۆ بادیۆ، هەم فرەیە و هەم بۆش، ئەوا ڕووداویش لە هەریەکە لەم دوو خەسڵەتە سودمەندە و هیچیشیان بەتەواوی ناگرێتەخۆی. ڕووداو، چالاکییەکی ڕۆژانەیی و ژۆرنالیستی نیە، بەڵکو جۆرێک لە جێگۆڕکێیە لە بووندا. سەرەنجام ڕووداو کە دەرگا لەسەر جیهانێکی تر دەکاتەوە، دەیەوێت بڵێت **بوون** لە کۆمەڵێک جیهانی جیاجیا پێکهاتووە کە لە قۆناغێکدا و بەهۆی دۆخێکی باڵادەستەوە ئەو هەستەمان پێدراوە کە هەر یەک جیهان لەئارادایە. سنوری جیهانەکان، سنوری هەسارەیەک و هەسارەیەکی تر نین، بەڵکو سنورێکی ئۆنتۆلۆژیی نێوان کۆمەڵێک دۆخن کە هەر لەسەر ئەم هەسارەیە لە ژیانی مرۆڤەکاندا دەگوزەرێت. لەگەڵ ڕووداوی ڕاستەقینەدا، جیهانێکی تر بەخۆی و ڕێکخستنێکی نوێوە دێتەئاراوە[14].بادیۆ خۆی سەرەنجام داکۆکی لە یەک جیهان دەکات کە بەرمەبنای فرەییە ئۆنتۆلۆژییەکەی، کەچی جیهانێکە بۆ هەموان. جیهانێک کە داد و یەکسانیی تیا بێت بۆ هەموان، بۆیەشە بادیۆ ڕەخنەی سەردەمی پۆستمۆدێرن دەکات چونکە پێیوایە ورتکە جیهانی دابڕاو و پڕ دیوارن لە یەکتر و مرۆڤەکان هەموو تێیدا ناژین.

[12] Subtract

[13] Alain Badiou's Being and Event: Peter Osborne in website: radicalphilosophy- 2007.

[14] An A to Z of Theory, Alain Badiou: The Event: By Andy McLaverty-Robinson- ceasefiremagazine

## ٢.        ڕووداو لای ژیژەک

بۆ دوو دەیە دەچێت، ژیژەک گرنگیی زۆر بە فیکری بادیۆ و چەمکی ڕووداو دەدات، هاوشان بەوەش ناکۆکی و ڕەخنەکانی خۆی لەو نەشاردووەتەوە. هەروەها لەم چەند ساڵەی دواییدا، ژیژەک کتێبێکی بڵاوکردەوە بەناوی «ڕووداو: گەشتێکی فەلسەفی لەڕێگەی چەمکێکەوە (گەشتێکی فەلسەفی بەناو چەمکێکدا)». ئەم کتێبە بە ستایلی گەشتێک نوسراوە، سەرەتایەکی هەیە بەناوی سەرکەوتن و سواربوون، پاشەکییەکیشی هەیە بەناوی دابەزین. لەو نێوانەشدا شەش وێستگە هەیە کە شەش بەشی کتێبەکە پێکدێنێت و هەر بەشەی ڕوویەکی چەمکی ڕووداو بە دیدی ژیژەک دەخاتەڕوو. بە حوکمی ئەوەی چەمکی ڕووداوی بادیۆ گەلێک ئاڵۆزە، ژیژەکیش دان بەم ئاڵۆزییەدا دەنێت و پتر دەیەوێت لە پێناسەی چەمکەکە و کۆمەڵێک نمونە نزیکبێتەوە. وێڕای ئەمەش، ژیژەک ڕێسای تیۆریی تر بۆ چەمکی ڕووداو دەورووژێنێت کە کتومت ئەوەی ناو ئۆنتۆلۆژیاکەی بادیۆ نیە. ڕەنگە لە نمونەیەک یان ڕووداوێکدا یەکتر ببڕن، بەڵام ژیژەک بە یاریدەی لاکان و هیگڵ و چەند ناوێکی تر هەوڵی تیۆریزەکردنی چەمکی ڕووداو دەدات. ئێمەش لە ڕانانێکدا، بەخێرایی لەسەر هەر بەشێک دەوەستین و ئاماژەیەکی سەرپێی پێ دەکەین.

لە دەروازەدا، ژیژەک باسی هەواڵی کارەساتەکان و کوشتوبڕەکان و کودەتاکان دەکات کە مەرج نیە ڕووداو بن. ڕووداو بەپێی پێناسە تیۆرییەکەی ئەو لەم دەروازەیەدا بریتییە لەوەی کە «ئەنجامێکە زیادەیەکی بەسەر هۆکارەکانی خۆیەوە هەیە...فەزای ڕووداویش فەزایەکە بەهۆی کەلێنێکەوە دەمدەکاتەوە، کەلێنێک کە ئەنجامەکە لە هۆکارەکانی جیادەکاتەوە»[15]. گومانی تیا نیە ئەم ئایدیایە، لەسەرەتاوە کەمێک ناڕوونە، بەڵام دەتوانین ڕوونیکەینەوە: ئێمە لە ژیانی

[15]. ئیقتیباسەکان بە کەمێک دەسکارییەوە لە هەردوو تێکستی فارسی و ئینگلیزییەوە وەرگیراون، هەم لەپێناوی ئاسانکاری و گەیشتن، هەم لەپێناوی دانانەوەی هەندێک لە چەمکەکاندا.

ڕۆژانەدا کە شتێک دەبینین ڕوودەدات، یەکسەر دەڵێین هۆکار ئەوە بووە و ئەنجامیش ئەمەیە کە ڕوویداوە. واتە هۆکاری ڕوودان، کەوتووەتە پێش ڕووداوەکەوە. بەڵام لە **ڕووداو**دا بە مانا فەلسەفییەکەی، شتەکە ڕوودەدات، ئەنجامەکە ڕوودەدات ئینجا سەرنجمان دەچێتەوە بۆ سەر هۆکارەکان. واتە لە پرسی ڕووداودا، سەرورکارمان لەگەڵ کێشەی هۆکارێتی(یان هۆ و ئەنجام)دا هەیە. لە ڕووداوێکی ئاساییدا، هۆ لەپێشەوە دێت و پاشان ئەنجام دێت، بەڵام لە ڕووداوی فەلسەفییانەدا ئەنجامەکە خۆی دەکێشێت پێماندا و بەپێی تێپەڕینی کات هۆکارەکانی دەژمێرین. دیارە هۆکارەکان هەر ئەو هۆکارە بینراو و ئاساییانە نین کە پێشتر هەبوون، بەڵکو کۆمەڵێک هۆکارن کە ڕووداو لەگەڵ خۆیدا دیاندەهێنێت. ژیژەک دەیەوێت بڵێت ڕووداو لە "هیچ"ـەوە هاتووە و سەری دەرهێناوە، بۆیە ناچارین دواتر هۆکارەکانی بۆ دابتاشین. بەم دیدگایە دەوترێت ڕیترۆئەکتیڤ، یان نیگای ڕووەودوا. شتەکە ڕوودەدات، بەڵام بە ئاوڕدانەوە لێی، تێدەگەین هۆکار و بیانووەکەی چی بووە. کاتێک شتێک هێند نوێیە لە هیچەوە ڕوودبدات، ئەوا ناچارین دواتر هۆکاری نوێبوونەکە بژمێرین. ساتی ڕوودانی ڕوودا، ساتی پەککەوتنی هۆکارێتییە کۆنەکەیە، ساتی وەستانی هەموو هۆکارە باوەکانە. بۆیە ڕووداو زیادەیەکی لەگەڵدایە وەک ئەنجام، کە لە هۆکارەکان زیاتر و هۆکارەکانیش تێدەپەڕێنێت. واتە گەر بەشێوەیەکی ئاسایی هۆکارەکان بژمێرین، ئەوا هەست بە بەسنەبوون/تێرنەبوونی زەینی دەکەین. بۆیە ڕووداو وەک ئەنجامێک، زیادەیەکی بەسەر هۆکارەکانەوە هەیە. واتە چوارچێوە و ئاسۆیەکی نوێ دێتەکایەوە کە ناچارین جێگەیەکی تریش بە هۆکارە باوەکان ببەخشین. هۆکارەکانی پێش ڕووداو و پاش ڕووداو یەکێک نین. ژیژەک لەم کتێبەدا بۆ ئەم چوارچێوە گشتییە دەگەڕێت کە دەبێت لەڕێگەی ڕووداوەوە گۆڕانی بەسەردا بێت، ئەم **گشت**ەی کە بەپێی پێناسە هیگڵییەکە دەکاتە "**گشت**ی کۆنکرێتی". واتە ئەو **گشت**ەی کە بەهۆی بنبەشتی گشتی پێشووەوە ئاوەڵابووە و دەرگای دونیایەکی تازەی لەسەر کردووینەتەوە.

له وێستگه(بەش)ـی یەکەمدا، ژیژەک هەرسێ وشەی لەچێوەنان(framing)، لەچوارچێوەنانەوە(reframing)، لەچوارچێوەنان(enframing) بەکاردەهێنێت، تا ئەو چوارچێوە گشتییەی ژیانمان وەربگرێت کە لەگەڵ ڕووداودا گۆرانی بەسەردا دێت. چێوە یەکێکە لە جێگرەوەکانی چەمکی گشت(whole)، یان لە مانا دەروونشیکارییە لاکانییەکەیدا ئاماژەیە بۆ فەنتازیامان. فەنتازیا، خۆی ئەو چوارچێوەیەیە کە ئارەزووی ژیانی پێ دەکەین لە سیستەمێکدا. فەنتازیا، ئەو کەناڵەیە کە گشت و گشتێتیی واقیعمان پێشکەشدەکات، ئیدی لە ڕووبەری زاتیی خۆمانەوە تا ڕووبەری دونیای دەرەوە و پەیوەندیی نێوان ئەم دوو ڕووبەرەش. ژیژەک هەر لە ناونیشانەکەوە دەیەوێت بڵێت ڕووداو بریتییە لە گۆڕینی چوارچێوەی ژیانمان، فەنتازیامان. فەنتازیا پەیوەندیی ئێمەیە بە واقیعەوە، بەڵام لە باگراندەوە دەگوزەرێت و ناڕاستەوخۆ و نەستەکییە. سەرەکییترین کارکردی فەنتازیاش بریتییە لەوەی ئارەزووکردنمان بۆ دەڕەخسێنێت. فەنتازیا جیایە لە چەمکی خەیاڵ لە ئەدەب و ئوستورە و دینەکاندا، چونکە ڕەگێکی بنکدار و نەستەکی و شاراوەی هەیە و هەمووکات ئاگایانە نیە. فەنتازیا، وادەکات ئارەزووی شتەکانی ناو واقیع بکەین. ئێمە ناتوانین هەموو چرکەیەک لە فەنتازیا بەئاگابێینەوە، چونکە هەڵژەنراوە لە نەستمان و هاوکات ئێمەی خستووەتەڕێ. نمونەیەک لێرەدا بتوانین بیهێنینەوە عەشقە: لە عەشقدا ئێمە چوارچێوەیەکی فەنتازییمان وەرگرتووە کە هەموو چرکەیەک ناتوانین بیری لێ بکەینەوە و بەئاگابێینەوە، بەڵکو ناڕاستەوخۆ ژیان و واقیعمان بۆ هەڵدەسوڕێنێت. عەشق بووەتە ئەو کەناڵەی کە پیوەندی لەگەڵ گشتێتیی واقیعدا ڕێکدەخەین. کاتێک عەشقەکە لەدەستدەدەین، بەوردی لە باگراوەندەکە تێدەگەین کە عەشق بووە. تێدەگەین پاڵپشتێکی فەنتازی، پەیوەندیی ئێمە و واقیعی ڕێکخستووە. لەگەڵ لەدەستداندا، ئەو باگراوەندە دەکەوێت کە پەیوەندیی نەستەکیی ئێمە و واقیعی داڕشتبوو. بەم مانایە کەمێک گۆڕان بەسەر مانای نەستیشدا دێت: نەست کە ژێرخانی هەموو دیوە مرۆییەکانمانە، جۆرێک لە ڕێزمانی تایبەت

به خۆی هەیە. فەنتازیا یەکێکە لەو بونیادە ڕێزمانییانە. فەنتازیا، بە واتای خەیاڵێکی تەواو ئاگایانە نایەت، بەڵکو گرامەرێکی نەستەکییە پەیوەندیی ئێمە و واقیع ڕیکدەخات و هەڵگری ڕێسای تایبەت بە خۆیەتی. بەم پێیە **«ڕووداو، لە بنچینەییترین فۆرمی خۆیداشتێک نیە لە هەناوی جیهاندا ڕوودبدات، بەڵکو گۆڕانی ئەو چوارچێوەیەیە کە بەهۆیەوە لە جیهان تێدەگەین و دەرگیری دەبین»**. جیهان و واقیع شتێکی ڕاستەوخۆ نین بە ئێمە درابن، بەڵکو بەهۆی چوارچێوەیەکی فەنتازیی چیرۆکئامێزەوە بەسەر ئێمەدا خۆیان دەردەخەن. ڕووداو ئەوکات دەبێتە ڕووداو کە گۆڕان بەسەر ئەم چوارچێوەیەدا بێت. واتە ئارەزوومان بۆ جیهان، واقیع، ژیان تازەببێتەوە. ژیژەک نمونەی ناو سینەما و ئەدەبیات لەم کتێبەدا زۆ دێنێتەوە کە ناتوانین لەسەریان بوەستین، بۆیە تەنیا بەخێرایی سەرەتێزەکان باسدەکەین.

ڕووداو، ئەوە نیە ڕەگەزێک یان دووان و زیاتری ناو واقیعەکە بگۆڕێت، بەڵکو دەبێت گۆڕەپان و پانتایی پشتەوەی ئەو ڕەگەزانەش گۆڕانیان بەسەردا بێت. واتە گۆڕینی "گشت"، لەبری "بەش"، زۆرجاریش بەو واتایەی کە بەشێک بگۆڕیت و ئەو بەشە هێند کاریگەر بێت کە "گشت"ـەکەش بگۆڕێت. بەم پێیە ڕووداو ئەو چێوە بڵندنشین و ترانسێندێنتاڵە دەگۆڕێت کە واقیعی بۆ دارِشتووین. ترانسێندێنتاڵ(transcendental)، زاراوەیەکی سەرەکیی فەلسەفییە کە چێوە گشتییەکانی واقیع و جیهانمان بۆ ڕووندەکاتەوە. ئەو مانا و سنورانەی کە دەوری واقیعیان داوە. ئەو تخوبە نادیار و گریمانەکراوانەی کە تایبەتمەندی دەبەخشنە واقیعە مرۆییەکەمان و دەبنە هۆکاری جووڵاندنی ژیانمان. هۆکار، لێرەدا هۆکارێکی نەبینراو و نادیارە، بەڵام کاریگەریشە. ترانسێندێنتاڵ، هۆکارێتیی پێش هۆکارە ڕۆژانەیی و ئەزموونییەکانمانە. ئەم چوارچێوە ترانسێندێنتاڵە، کە ناومانن فەنتازیا، لەسەر چەپاندنی شتانێکیش بەندە. چەپاندن لێرەدا واتە مادام واقیع کۆمەڵێک شتی ترسناک و تراومایی و قەدەغەی تیایە ئەوا دەبێت لە فەنتازیاکەدا جێگایەکیان بۆ بکەینەوە. فەنتازیا جۆرە سەنتێزێکی گشتەکییە کە ڕەهەندی ئازاد و چەپێنراو،

مومکین و مەحاڵ لێکدەدات و لەسەر ئێمەی مرۆڤی پیادەدەکات. فەنتازیا مادام خۆی پێشئەزموونی‌یە، ئەوا ئەزموونەکانی ئێمە لەناو واقیعدا ڕێکدەخات. ڕووداو، ئەو ساتەیە کە ئەم چوارچێوەیە نوێدەبێتەوە و دیدمان بۆ واقیع گۆڕانی بەسەردا دێت. ڕووداو خۆیشی تراوما و لەرزەیەکی لەگەڵە، چونکە کاتێک فەنتازیاکەمان بۆ واقیع دەکەوێت، کۆمەڵێک شتی نکۆڵیکراو و چەپێنراویش هەر دەکەوێت. ئەم شتە نکۆڵیکراوانە واقیع خۆی ڕێی بە بەشێکیان داوە ئەزموونبکرێت، بۆیە بەشەکەی تریان لە فەنتازیادا نیشتەجێکرابوون و ڕەقهەڵهێنرابوون. ڕووداو، ساتی تێپەڕینە بەم شتە نکۆڵیکراوانەدا بەرەو فەنتازیایەکی نوێتر کە دەبێت شتانێکی تر نکۆڵییان لێ بکرێت. فەنتازیا قەت بەبێ شتی نکۆڵیکراو بوونی نیە، بەڵام بەنیسبەت ڕووداوەوە خاڵەکە ئەوەیە کە ئەو شتانەی پاش ڕووداو نکۆڵییان لێ دەکەینەوە کام شتانەن و دەبێت کام شتانەش بن. واتە مادام نکۆڵی شتێکی حەتمییە، ئەوا باشترە شتانێکی نەرێنی بکەونە بەر نکۆڵی. ئەم پێناسەیە بۆ ڕووداو کە ناوکێکی دەروونشیکارانەی هەیە، بۆ سیاسەت و کەلتور و ئابورییش هەر ڕاستە. گەر چوارچێوە ترانسێندێنتاڵەکەمان بۆ واقیع و جیهان گۆڕا، ئەوا ئەو پانتاییانەش تێکڕا گۆڕانیان بەسەردا دێت. ئێمە ئەمڕۆ لە جیهانێکداین جۆرە فەنتازیایەکی گشتگیر بەسەر پەیوەندیی ئێمە و جیهاندا زاڵە. ئەو وردەگۆڕان و هەواڵانەی کە بەسەرماندا دێن، دەسکاریی چوارچێوە گشتییەکەمان ناکەن. واتە لەڕووی چەندێتییەوە جێگۆڕکێ و گۆڕان ڕوودەدات، نەک لەڕووی چۆنێتییەوە. ڕووداو دەبێت ناوەڕۆکی واقیع بگۆڕێت، ئەوەی کە بەهۆی فەنتازیاکەمانەوە ڕامانگرتووە. ڕووداو، تەنیا چالاکییەکی ڕاچڵەکێنەر نیە کە دەرەوەی ئێمە، واقیع، جیهان بگۆڕێت. بەڵکو جیهان و واقیع، پێدراوێکی نێوبەینی و پێکداچوون لەگەڵ ئێمەدا. ڕووداویش، گۆڕینی ئەم پێوەندییەیە. ئێمە ناتوانین جیهان بەبێ خۆمان وێنابکەین، گەر بیشیکەین هەمیسان بەهۆی فەنتازیاوە کردوومانە. ژیژەک خۆی دەنوسێت «جیهان بەبێ ئێمە، پەتییترین جۆری فەنتازیایە». ئەوەی لەم دێڕەدا نوستووە، لانیکەم دوو خاڵی پەیوەستە بە باسەکەمانەوە: ١)

ڕووداو گۆڕان بەسەر پەیوەندیی ئێە و جیهاندا دێنێت. ٢) هەموو ڕووداوێکی دەرەکی، ئالاوە لە ناوەکییترین ڕیشەی مرۆییمان کە سەرێکی لە فەنتازیادایە. ڕووداو، پێدانەوەی چوارچێوەیەکی ترە، دانانی چوارچێوەیەکی ترە لەبری چوارچێوەکەی پێشوو. گۆڕانی چوارچێوەکەش، ناوەڕۆکی چوارچێوەکە هەر دەگۆڕێت. وێڕای ئەمەش بەپێی دەروونشیکاری، ئەو ئەگەرە هەیە کە فەنتازیاکەمان وێران ببێت و هیچ فەنتازیایەکی تر جێی نەگرێتەوە. لە ئاستی کەسی‌دا، خۆکوشتن و دەروونپەشێوی و نەگەڕانەوە لە کردەیەک بریتییە لە و وێرانبوونە، و لە ئاستی دەستەجەمعییشدا وێرانبوونی زەوی و شەڕی ئەتۆم و هاتنی بێگانەکان ڕەنگە فۆرمی ئەو وێرانکردنە بن. گەر ڕووداوی وەها وێرانکەریش نەیەتەپێشەوە، ئەوا ئێمە بەناو گۆڕین و جێگۆڕکێ فەنتازیادا تێپەڕیوین(تێپەڕین بەناو فەنتازیادا)، کە دیسان خاڵی نیە لە تراوما. بەڵام وردەوردە جومگەکانی شلدەکەینەوە، خۆ لە چەپێنراو و نکۆڵیکراوەکان دەخشێنین و میکانیزمێکی تازە لە ژیانێکی تازەدا دەگرینەبەر بۆ بەرگەگرتنی واقیع. ژیژەک لە کۆتایی ئەم وێستگەیەدا، لەسەر دیدی هایدگەر دەوەستێت بۆ تەکنیک. لای هایدگەر تەکنۆلۆژیا بریتی نیە لە ئامێرە تەکنۆلۆژییەکان و چالاکییەکانی ناوی، بەڵکو خۆی جۆرە چێوە و **تێڕوانینێکە بۆ واقیع**. تەکنیک جۆرێک لە چوارچێوەی بەسەر مرۆڤدا سەپاندووە تا واقیع بە جۆرێکی تایبەت ئەزموونبکات. بەڵام بەپێی هایدگەر، ئەم چوارچێوە تەکنیکییە، خۆی مەترسییە بۆ سەر چەمکی «چوارچێوە» خۆی. دەشێت تەکنیک، جیهان لەچێوەبگرێت بەڵام لەچێوەگرتنێک کە لەچێوەشیبخات. بۆنمونە، تەکنیک کراوەیی و ئاوەڵایی واقیع بەرتەسکدەکاتەوە، ناهێڵێت بوون خۆی هەڵماڵێت بۆمان. لای هایدگەر، تەکنیک بەو ماهیەتەی خۆیەوە جۆرێک لە جیهانمان پێشکەشدەکات کە تێیدا «نیشتەجێ» نین، کە سرووشت تێیدا لەڕیشەخراوە، کە سرووشت لەچوارچێوەنراوە بەڵام چوارچێوەیەکی ڕەتێنەر و پاشەکەوتبار.

له وێستگەی دووەم و سێیەمی کتێبەکەدا، ژیژەک لەسەر پەیوەندیی دوو تێگەی فەلسەفی دەوەستێت کە بریتیین لە جۆر(species) و توخم (genus) کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە هەردوو چەمکی گشت(کل) و بەش(جزء)ـەوە نزیکن. گەر **توخم**، گشت بێت ئەوا **جۆر** بەشە. بەڵام پەیوەندییەکەیان لێرەدا، پەیوەندییەکی هەستیارە. ژیژەک لە دیالۆگی پارمەنیدسی ئەفلاتونەوە دەستپێدەکات کە چۆن ئایدیا(گشت)، پەیوەستدەبێت بە دونیای شتە بەشەکییەکانەوە. لای ئەفلاتون ئایدیا نەمرەکان دونیای شتە عەقڵانییەکانە، دونیای شتە هەستپێکراوەکان (مەحسوسات)یش دونیا بەشەکییەکەی ئێمەیە، ئەوەی کە لەناو کات و شوێندایە، بەر هەست و ڕێژەییبوونەوە دەکەوێت. بۆ ئەوەی ئایدیای شتێکمان هەبێت، ئەوا بێشومار نمونەی بەشەکیی ئەو شتەشمان هەیە. ئایدیای نەمر، ئایدیایەکی بێگەرد نیە، بەڵکو نمونەکانی هەر لە ژیانە کۆنکرێتییەکەوە دەستدەکەون. درەخت، چاکە، دووری، هەسارە و هتد هەریەکە ئایدیایەکی نەمریان لە دونیای ئایدیاکاندا هەیە. بەڵام پارمەنیدس لە دیالۆگەکەی ئەفلاتوندا لە سوقرات دەپرسێت: ئاخۆ پیسایی و شتە قێزەونەکانیش ئایدیایەکی نەمریان هەیە؟ واتە **جۆر**ێکی پۆخڵ، دەتوانێت ئایدیایەکی گشتەکی و توخمێکی نەمریشی هەبێت؟ ئاخۆ ئایدیای چاکە و جوانی، کە نمونەی بەشەکیی چاکە و جوانییان هەیە، پیساییش دەتوانێت هەیبێت؟ وەڵامی ئەفلاتون بەپێی ژیژەک ئەوەیە کە هەر ئایدیا و توخمێک، دەبێت جۆرێکی نەرێنی یاخۆ نیمچەجۆرێک و "بەشێکی بێبەش" لەخۆیدا هەڵگرێت. واتە هەر **گشت**ێک، بەشێکی نزم و نەرێنیی تیایە. بۆنمونە کە لە یۆناندا یۆنانی وەک **گشت**ێک وەرگیرابێت، ئەوا "بەربەر" ئەو **بەشە** بووە کە هەموو "نا-یۆنانی"یەکی دەگرتەوە. بەربەر، تەنیا یەک بەش نەبووە، بەڵکو هەموو غەیرەیۆنانییەکی دەگرتەوە، هەمووجۆرێکی چەپەڵ و دەرکراوی دەگرتەوە. ژیژەک نمونەیەک لای مارکسیش دێنێتەوە: لە گشت مۆدێلەکانی بەرهەمهێناندا کە مارکس دەیژماردن، تێکڕا مۆدێلێک بوون بەسەر مێژووی خۆرئاوادا پیادەدەبوون. بۆنمونە لە کۆیلایەتییەوە تا دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری. بەڵام

**بەش**ێک هەبوو لەناو ئەم **گشت**ەدا، کە ئەم مۆدێلەی بەسەردا نەدەبڕا. مارکس ئەوەی ناونابوو، مۆدێلی بەرهەمهێنانی "ئاسیایی". دیارە ئاسیا بەڕواڵەت ناوی بەشێکی یەکانگیرە، بەڵام گوزارشتە لە بەشێکی نایەکانگیر و نارێک کە هەم چین و میسر و هندستانی دەگرتەوە و هەم هەر جۆرە مۆدێلێکی تریش کە بەپێی مۆدێلە خۆرئاواییەکە گەشەینەکردبێت. خاڵە تیۆرییەکە ئەوەیە کە توخمێکی کامڵ بوونی نیە، بەبێ جۆرێکی ناکامڵ. ژیژەک بە وشەی کالپا(کەوتن-سقوط) تەعبیری لێ دەکات: هەر گشتێک، توخمێک، ئایدیایەک پێشوەخت تووشی کەوتن بووە، تووشی کەوتنەناو دۆخە مادییە نوقسانەکە بووە. گشت و ئایدیا چیدی کامڵ نین، لە دونیایەکی بێگەرد و پێرفێکتدا ناژین، بەڵکو ناچارن بەسەر کۆمەڵێک بەش و جۆردا دابەش ببن و ئالودە ببن بە شوێنکاتێکی نزم و دونیایی. واتە هەر ئایدیا و توخمێک، دەبێت لە واقیعێکی مادیدا کردەکیبێتەوە. کردەکیبوونەوەکەش، هەمیشە بەشێکی نوخسان جێدێڵێت کە ئەویش لەبنەوە بەسەر وردەبەشی تردا دابەشدەبێت. واتە گشت و توخم دەبنە هەڵگری زیادەیەک، هەڵگری پاشماوەیەک کە ناهێڵێت پۆلێنبەندییەکی ساف و کامڵمان هەبێت. خانەیەکی نێگەتیڤ هەیە کە ناهێڵێت ئایدیاکە و توخمەکە، بەشێوەیەکی پڕ و پۆزەتیڤ بێنەدی. نمونەیەکی ڕۆژانەیی بریتییە لەوەی کە تۆ ئایدیای ڕۆیشتن بۆ شوێنێکت هەیە، بەڵام کە پێ دەخەیتە ناو شوێنکاتە واقیعییەکە بۆ دیدارەکە، هەمیشە کەلێنێک لەنێوان نیەتی تۆ و دیدارەکەدا دەمێنێتەوە. شوێنکات و واقیعە مادییەکە وادەکات نیەتە تیۆرییەکەی ناو خەیاڵی تۆ، کەمێک جیا بێت لەوەی کە ڕوودەدات. یان بەپێی نمونەیەکی ژیژەک خۆی، کەسێک نەخشەی دروستکردنی چوار خانووی هەیە، چوار خانوو کە لەڕووی لۆژیکییەوە مومکینن بەڵام کاتێک کردەکیدەبنەوە دروستکردنی سیانیان دەڕەخسێت. خاڵێک هەیە کە وەک پەڵەیەک لەسەر ئایدیا و بونیادەکەی دەنیشێت و لە بێگەردبوونی دەخات. ئەوەی پەیوەندیی بە چەمکی ڕووداوەوە هەیە، ئەم ئالودەبوون و لەبێگەردخستنەیە. واقیع و شوێنکات و دنیا ڕێکەوتەکە، لادانێک و ڕوودانێکی جیاوازتر بەسەر ئایدیا و توخمدا دێنێت. ڕووداو

لێرەدا بریتییە لەو ڕەگەزە زیادەی کە لەناو دونیا واقیعییەکەدا لادان و گۆڕان و ناهاوسەنگی درووستدەکات. ڕووداو ئەو ناهاوسەنگییەیە کە لەنێوان دونیای ئەبستراکت و کۆنکرێتدا ڕوودات، لەنێوان گشت و بەش، توخم و جۆردا. گەر ئایدیای مرۆڤ خۆی کامڵ بێت و لە دەرەوەی کاتەوە بێت، ئەوا مرۆڤە بەشەکی و واقیعییەکان جۆریان زۆرە لە چەشنی مرۆڤی گەمژە، تووڕە. کورتەبنە، کوێر، بەربەری، کەناس، هۆڵەندی، بلیمەت و هتد. یان ئەوەی کە کیرگەردا قسەی کابرایەکی قۆشمە دێنێتەوە کە وتوویەتی توخمی "مرۆڤ" بەسەر سێ جۆردا دابەشدەبێت: ئەفسەرەکان، خزمەتکارەکان، پاککەرەوەی زۆپا. سێیەمیان کۆمیدی دێتەبەرچاو، بەڵام بەشێکە لەو پۆلێنە و ناتوانین بیکەینەدەرێ. ناتوانین پاککەرەوەی زۆپا، کە ئەگەرێکی ناو پۆلێنی مرۆڤە، بکەینەدەرەوە. ناوێکی کۆنکرێتی و واقیعییە بۆ بەشێک لە مرۆڤ کە لە خانەی ئەفسەر و خزمەتکاردا جێیان نابێتەوە. بگرە ناوێکە بۆ پیشە و ئیمکانی تری لەو جۆرەش. هاینریش هاینە، لە وتەیەکدا دەڵێت گەرەکە مرۆڤ نرخ لەسەر سێ شت دابنێت، ئازادی و یەکسانی و شۆربای قرژاڵ. لەم پۆلێنە گشتییەشدا، سێیەمیان نزم و نەوی دەردەکەوێت، بەڵام بەشێکیشە بۆ شتە واقیعییەکان، بۆ چێژە کۆنکرێتییەکان، بۆ ئەو دیوەی مرۆڤ کە لە دوو درووشمە ئەبستراکتەکەی پێشوودا جێیان نابێتەوە(یان بڵێین ڕاستەوخۆ جێیان نابێتەوە، گەرنا شۆربای قرژاڵیش بە ڕایەڵەی تردا دەگاتەوە سەر درووشمی ئازادی و یەکسانی و ناتوانین لە ژیانە واقیعییەکەی دەربکەین). ژیژەک نمونەی یاریزانێکی تۆپی پێ دێنێتەوە کە وتوویە "پێزانینم بۆ دایبابم هەیە، بەتایبەت دایبابم". ئاخۆ ئەم زیادەیە کێیە؟ ئەمەی کە هەستدەکەین نە دایکە و نە باوکیش، بەڵکو لە هەردووکیان زیاترە. دەربڕینی "بەتایبەت" تێکدەر و شڵەژێنەری پۆلێنەکەیە. لێرەوە ڕووداو، تێکدەری نەزم و پۆلێنە باوەکەیە. ئەو پۆلێنانەی کە وەک ڕێک و ئەبەدی سەیریاندەکەین، کە دێنە ناو شوێنکاتە واقیعی و مێژووییەکەوە، ئەگەری درووستکردنی ڕووداویان تیایە چونکە لەبنەڕەتدا ئەگەری تێکدانی پۆلێنەکەیان پێیە. ڕووداو، درووستکردنی قەیرانە لەڕێی بەشێکەوە بۆ

گشتەکە. ڕووداو ئەو کەوتن(سقوط)ـەیە کە بەهەشتی سەرەتایی پۆڵێنەکان تێکدەدات، تێشدەگەین پۆڵێنەکە هەرگیز هارمۆنی و هەماهەنگ نەبووە. ڕووداو ساتی مانیفێستبوونی ئەو ناهاوسەنگییە ڕیشەییەیە کە لە پۆڵێنێک، دابەشکارییەک، گشتێک، هەتا دینێک و زانستێک و فەلسەفەیەکیشدا هەیە.

هەر دەرچوونێک لە گشت، ڕووداوێکی تێکدەرە: خراپە خۆی دەرەنجامی خۆدەرکردنە لە "گشت"ـی چاکە. بیرۆکەیەکی بەناوبانگی هیگڵ هەیە دەڵێت ئەو کەسەی وا خراپە لە هەموو جێیەکدا دەبینێت، ئەوا خۆی لەو "گشت"ـە کۆمەڵایەتییەی خراپە دەرکردووە کە تێیدا دەژی. واتە کەسەکە چۆتە دەرەوەی چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەوە و شتەکان هەموو بە خراپە دەبینێت، لەکاتێکدا خۆیشی بەشێکە لەو خراپەیە و ناتوانێت خۆی لێ بێبەری بکات. ئەم دەرکردنە، بەپێی قسەی ژیژەک، خۆی «سیفەتی فۆرماڵی **خراپە**»یە، واتە: چاکە تەنیا ئەو چاکەیە کە لە گشتەکە و کۆی شتەکەدا وەریگرین. چاکە کاتێک چاکەیە، کە لە خراپە ئاڵابێت. چاکە ئایدیایەکی پەتی نیە، بەڵکو ناچارە لە خراپە کۆنکرێتییەکانی ناو کات و شوێن بئاڵێت و ئەو کەسەشی باسی خراپە دەکات خۆی لێ دەرنەکات(چونکە سەر بەو "گشت"ـەی واقیع و کات و شوێنە). ڕووداو، ئاماژەیە بۆ کەوتنێکی بنەڕەتی کە لە پرسی چاکە و خراپەشدا بەدیی دەکەین: چاکە وەهمێک بووە تەنیا بەشێوەیەکی ڕیترۆئەکتیڤ و ڕووەودوا وامانزانیوە چاکەی ڕووتە، ئەگینا بەهۆی خراپە بەشەکییەکانەوە تێدەگەین کامڵ نیە. هەر لێرەوە پێناسەی سوبێکت، گۆڕانی بەسەردا دێت. ڕووداو پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە دەرخستنی سوبێکتەوە هەیە لە مانا ڕیشەییەکەی خۆیدا. گەر جیهان، گشتێک بێت، سوبێکت بەشێکە تێیدا، جۆرێکە لە گرێخواردن لەگەڵیدا:

ئێمە هەم ناچارین و هەم ئازاد. سوبێکت بەرەنجامی هەڵبژاردنێکی دوولایەنەیە. ئەو کاتەی شتێک هەڵدەبژێرێت، لەلایەن شتەکەشەوە هەڵبژێردراوە. بۆیە سوبێکت سەنتەر و چەقێکی پڕی نیە،

بەڵکو مادام جیهانێک هەیە لەدەرێ، مادام کۆمەڵگا و ئەویتری گەورە هەیە، مادام زمان و ئەوانیتر هەن ئەوا ئەم سەنتەرەمان چەندێک لەناوەوەیە هێندەش لە دەرەوەیە. ڕووداو بیرماندەخاتەوە، لەوپەڕی ناچاربوونیشماندا، ئێمە بەرپرسیارین. هێشتاش هەر تا ئاستی مەرگ و خۆفرێدانە ناو ڕووداوەکانەوە، بەرپرسیارین. سوبێکت خۆی ئێشکگری ڕووداوێکی ئۆنتۆلۆژییە و ناتوانین هەروا ئاسان بیسڕینەوە. ژیژەک ڕەخنەی بودیزم و زانستەکانی مێشک دەکات کە دەیانەوێت سوبێکت بۆ ئاستی وەهمیک دابەزێنن، بۆنمونە بڵێن دەبێت سوبێکت بگاتە جۆرێک لە ڕۆشنبینی و هاوسەنگیی ناوەکی تا لەگەڵ ئەم سەردەمە ماندووکەرەدا ڕابێن. یان زانستەکانی مێشک دەڵێن سوبێکتی ئازادییەکی زاتی و ناوەکیی نیە و ئەوەی هەیە کۆمەڵێک پرۆسەی دەماری و نیرۆنیین لە دەرەوەی سوبێکتەوە. هەردوولا دەیانەوێت دامانبەزێنن بۆ لەسەنتەرداماڵینی ڕووت، لەکاتێکدا دەروونشیکاری کە لە سەنتەریشمان دادەماڵێت، هێشتا ڕووبەرێکی زاتی دەهێڵێتەوە کە بە هیچ جۆرێک ملکەچی دنیای دەرەوە نابێت. ئێمە کە بەشێکی زۆرمان بەدەست دونیای دەرەوەیە، لە کار و کاردانەوەکانی دەرەوەدا دەژین، کەچی خاوەنی ڕەهەندێکی تەواو زاتی و سوبێکتیڤیشین کە کەسێکی تر ناتوانێت بێت و لەجێی ئێمە بژی. گەر شتیکی لەو جۆرەش هەبێت هەر بریتییە لە ئەویتری گەورە کە دیسان ناوێکە بۆ پشکی سوبێکتیڤانەی ئێمە لە دونیای دەرەوەدا. ئەم ڕوانگەیە وادەکات ئێمە هەردەم بەرامبەر چەمکی ڕووداو بەرپرسیار بین، و لە ساتی ڕوودانیشدا بەرپرسیارتر.

لە وێستگەی چوارەم و پێنجەمدا، ژیژەک لەسەر سێ ڕووداوی گەورەی ناو مێژووی فەلسەفە و سێ ڕەهەندی تری ڕووداو دەوەستێت لە دەروونشیکاریی لاکاندا. لەو سێ ڕووداوەی فەلسەفەدا، لەسەر ئەفلاتون و دیکارت و هیگڵ دەوەستێت کە خۆیان ڕووداوێکن لە مێژووی بیرکردنەوەی مرۆڤدا. ئەم سێ ناوە، سێ وەرچەرخان و ڕووداون بۆ کاتی خۆیان و پاش خۆیشیان. لە مێژووی میتافیزیکی خۆرئاوادا، ئەم سێ فەیلەسوفە میحوەرییە هەیە. لە دەروونشیکارییشدا، دەتوانین سێ

چەمکی وەک "ڕەمزی و **ڕیاڵ** و خەیاڵی"، بۆ خوێندنەوەی سێ ڕەهەندی ڕووداو وەربگرین: سێ ڕووداوەکەی ناو فەلسەفە چۆن بوون؟ ئەفلاتون، لە گەردوونناسیی پێشسوقراتی خۆی دابڕی و ئایدیالیزمی میتافیزیکیی بنیاتنا. دیکارت، لەو تێڕوانینەی سەدەکانی ناوەڕاست خۆی دابڕی کە گوایە واقیع و جیهان نەزمێکی هیرارشیی مانادارن و مۆدێرنەی فەلسەفیی لەسەر بنەمای دوو پرەنسیپ دارِشت: واقیعە مادییەکە میکانیکی و بێمانا و ناکۆتایە، پرەنسیپی سوبێکتیڤیتە(من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم) کە بەم پێیە مرۆڤ خۆی بنکی ئەوپەڕینەی زانینی خۆیەتی. هیگڵیش، خۆی لە میتافیزیکی کۆن بە ئایدیالیزم و ماتریاڵیزمەوە دابری و "مێژوو" یان مێژووییبوونەوەی بەشێوەیەکی ڕیشەیی هێنایەئاراوە. مێژوو بەو واتایەی کە سەردەمێک بە هەموو بنەما و بونیاد و فۆرمە ڕەقەکانیەوە، بەرهەمی مێژووبوونێکی هەڵکەوتە و هیچی تر.

فۆکۆ وتوویەتی هەموو مێژووی فەلسەفەی خۆرئاوا ڕەتکردنەوەی جارلەدوای جاری ئەفلاتونە، واتە ئەفلاتون ئەو باسوخواسە سەرەکییەیە کە بە ئێستاشەوە و بە چندین فۆرم، هەموانی کردووە بە پەراوێزی خۆی. دیارە مەبەست لەم قسەیە ئەو شوێنە مێژووییەی ئەفلاتونە لە فەلسەفەدا داگیریکردووە کە لەڕووی زەمەنییەوە پێش زۆرینە کەوتووە و میتافیزیکێکی فەلسەفییشی دارِشتووە کە قوتاربوون و تەنانەت درێژەدانیشی هەر ئاسان نەبووە. ئەفلاتون ڕووداوێکی سەرەکییە لە مێژووی فەلسەفەدا، ڕووداوێک کە بەپێی ژیژەک تا دیکارت و ڕووداوی دووەم درێژەی هەیە: بەو پێیەی ڕووداو جۆرێکە لە شێتی(جنون)، و لەلایەن نەزمی باڵادەستەوە قبوڵناکرێت، و ئایدیایەک هەیە لەو ڕووەوە دەلکێت بە ڕووداوەوە کە شێتییەکی عاشقانە لەگەڵ خۆیدا دێنێت. بۆنمونە عەشقی شێتانەی سوقرات بۆ دایمۆن لای ئەفلاتون، شێتیی ناو کۆجیتۆکە لای دیکارت کە سوبێکت کاتێک هەموو خەسڵەتەکان لە خۆی دادەماڵێت و واقیعی دەرەوە لە خۆی دەڕنێت و دەخزێتە نێو خەرەندی سوبێکتایەتیی خۆیەوە، ئیدی بەر شێتی دەکەوێت، یان بە زمانێکی میتافۆری بەر "شەوی جیهان" دەکەوێت لە هەناوی خۆیدا. هەروەها شێتییەکەی ناو ئایدیالیزمە

ڕەهاکەی هیگڵ کە واقیع لوشدەدرێتە نێو ئایدیاوە و کۆی دەوڵەمەندییەکەی واقیع لە کەشفی ناوەکیی ئایدیاوە دەردەکێشرێت. ژیژەک دەڵێت هەر فەلسەفەیەک لەپاش ئەم سێ ڕووداوەوە هاتبێت، بۆ جڵەوکردنی شێتیی ناو فەلسەفەکانیان بووە. جڵەوکردن و ڕەمزاندنی ئەو زیادە جنونئامێزە. شێتی لێرەدا واتە ئەو زیادەیەی کە تراوما و شۆکە بۆ خودی واقیع، و واقیعنشینان ناچارن جێیەکی بۆ بکەنەوە و ڕامیبکەن.

ژیژەک دەیەوێت لەم سێ فەیلەسوفەدا، ڕووداو ببەستێت بەو شێتییەی بیرکردنەوەوە کە لە سیستەمەکەیاندا پیشاندراوە- واتە ژێرخانی جنونی مرۆڤایەتی، ئێمە و جیهان، کەلتور و سرووشت بخەنەڕوو. ئەو لای ئەفلاتون ئایدیای عەشق وەردەگرێت، و لە دیالۆگی فایدرۆسەوە ئەو پێناسەیەی ئەفلاتون خۆی دێنێتەوە کە *عەشق جۆرێکە لە شێتی، داگیرکران و لەدەستخۆدەرچوون*. عەشق بۆیە لە ڕووداو دەچێت و بگرە لای بادیۆش دەبێت هەمیشە بەشێک بێت لە ڕووداوی حەقیقەت، چونکە نایەکانگیریی بوون پیشاندەدات کە هاوکات مانا بە بوونیشمان دەبەخشێت. حەقیقەت تراومایی و ترسناکە، بۆیە عەشقیش بە هەمان شێوەیە. ژیژەک لە دەستەواژەیەکی پارادۆکسانەدا سرووشتە شێتانەکەی عەشق دەخاتەڕوو: «ئاوارتەیەکی نەبڕاوە». ئاوارتە واتە دۆخێکی نائاسایی و کاتی، بەڵام کاتێک دەڵێین نەبڕاوەیە ئیتر پارادۆکسێکی تایبەت دەخوڵقێت. لە عەشقدا، هەستدەکەین کەوتووینەتە ناو دۆخێکی ئاوارتە و کاتییەوە و بەزوویی لێی ڕزگاردەبین بەڵام هەمیشە ئەم ئاوارتەیە دوادەکەوێت. کاتیبوونەکە دەبێتە شتێکی سەرووکاتی، ئەوەی کە پێویستە بە ساتێک تێپەڕێت لەناو هەموو ساتەکاندا درێژدەبێتەوە. ژیژەک دەنوسێت: «عەشق دەکەوێتە ئەودیوی چاکە و خراپەوە. وەختێک عاشق دەبین هەست بە بێباکییەکی سەیر دەکەین دەرهەق بە بەرپرسیارییە ئەخلاقییەکانمان دەرهەق بە دایکوباوک، مناڵەکان و هاوڕێکانمان. هەتا گەر بێتو بچینە دیداریشیان ئەوا بەشێوەیەکی میکانیکی ئەم کارە ئەنجامدەدەین...عاشقبوون وەک ئەو بریسکە وایە کە لەڕێی دیمەشق بەر قەشە

پۆڵس(شائول) کەوت». شائول ناوە یەهودییەکەی پۆڵس بوو، کە لە ڕێی دیمەشقدا دەنگێکی نادیار لە فۆرمی موکاشەفەدا بەسەریدا داباری و وتی «شائول شائول، بۆچی ئەوەندە عەزێتم دەدەی؟». لەم ساتە بەدواوەوە پۆڵس دەبێتە مەسیحی، و بانگەکەش بانگی مەسیح بووە. ژیژەک لێرەدا هاوشان بە بادیۆ ئەمە وەک نمونەی ڕووداو دێنێتەوە، بەڵام لە جێی تردا لە وردەکارییدا ڕەخنەی ئەم نمونەیە دەکات کە پێیەکی لەناو دیندایە. ژیژەک هەروا لەمەڕ عەشق دەشنوسێت: «ڕەهەندێکی تر دێتەئاراوە، ئاستێکی تری **وجود**». واتە عەشق وەک ڕووداوێک، گرێدراوە بە بوونەوە. ژیژەک لێرەدا شتێکی سەرووتر لە عەشقیشی مەبەستە: ئایدیا. ئەفلاتون کە باسی ئایدیای شتەکان دەکات، ئەوەی کە هەر شتێک ئایدیا و فۆرمێکی نەمری هەیە، خۆی پێویستی بە ڕاکێشانی ڕاڤەیی زیاترە. کاتێک ئایدیایەک، دادەبارێت و کەسێک یان واقیعێک تووشی شۆک دەکات، ئەوە بەر ڕووداو کەوتووە. کاتی خۆی کە سوقرات بەر ئایدیای عەشق کەوت، هەر دەتگوت بەر هێرشێکی هیستریایی کەوتووە. ژیژەک گەرەکێتی بڵێت، ئایدیا(idea)" لای ئەفلاتون گەرچی وەک ڕووبەری شتە دەرەکات و مەخاڵ و پێرفێکتەکان دەردەکەوێت، بەڵام مانای دابڕان نیە لە دونیای نێوکاتی و مومکین و نوخسان. ئاشکرایە ئەفلاتون واقیعی بۆ دوو ڕووبەر دابەشدەکرد، ئایدیاکان(ڕووبەری مەعقولات-intelligible)، ڕووبەری مەحسوسات(sensible)، ئایدیاکان ڕووبەرە نەگۆڕەکەی بوون و واقیعن و دونیای مەحسوساتیش ڕووبەرە گۆڕاوەکەی ناو کات و شوێنن کە دنیا سێبەر و ئاساییەکەیە. ئەمەش وەڵامێکی فەلسەفی بوو بۆ فەلسەفەی هیراکلێتۆس کە گۆڕانی بە بنەما وەردەگرت، پارمەنیدسیش کە نەگۆڕانی بە بنەما وەردەگرت: ئەفلاتون هەردووکی وەرگرت. ئایدیا یەک فۆرمی نەمر بوو بۆ فرەییەک لە شتی ناو دونیا، نوسخەی ئەسڵی ژمارەیەکی زۆر کۆپی بوو. بەڵام ژیژەک بەشێوەیەکی دیالەکتیکی و تایبەت ئەم دوو ڕووبەرە دەخاتە پەیوەندییەوە و شۆرتێک لەنێوانیاندا درووستدەکات کە پێیدەڵێین ڕووداو. ژیژەک دەیەوێت بڵێت ئایدیا ڕووبەرێکی هەردەم دابڕاو نیە

لە دونیا هەستپێکراوەکەی ئێمە، بەڵکو جاروبار لە شێوەی ڕووداوێکدا خۆی لە دونیاکەمان دەخشێنێت. هەریەکە لە ژیژەک و بادیۆ کە سەنگی تایبەت بۆ ئەفلاتون دادەنێن، و لەو ساڵانەشدا پێیانوابوو بەهاری عەرەبی ڕووداوێکە، بەڵام دەشێت لە ئێستادا کەس وەفای بۆ ئەم ڕ،وداوە نەبێت و دەستێوەردانی مێژوویی نەنوێنێت و سەریکێشابێت بۆ ئاراستەی تر. بەپێی ئەوان ئایدیای ئازادی و عەدالەت و کەرامەت، لە ئایدیا ئەفلاتونییەکان بوون کە خۆیان لە واقیعە دنیایی و مێژووییەکە خشاندووە و ئەو ڕووداوەی لێ کەوتووەتەوە. ئاشکرایە ئایدیا مادام ڕوویەکی ئەبەدیی هەیە، ئەوا کاتێک دێتە ناو کاتە ئاساییەکەوە، ئەوا بەستن و ڕەقهەڵاتن درووستدەکات. نمونە زۆرن بەڵام ژیژەک نمونەی دوو منداڵی ئاوارە دێنێتەوە لە سەردەمی نازییەکاندا کە پاش ڕاکەڕاکێکی زۆر و تۆقاندن و سەگتێبەردانی نازییەکان، منداڵێکی بچوک چاوەڕێدەکات منداڵێکی بچوکتر پێی بگات، بەڵام دەگیرێن و بە زەبری گۆچان دەخرینە سەر زەوییەکە و دەست لەناو دەستی یەکتر بۆ هەمیشە سەردەنێنەوە. ئەم دیمەنە، چەخماخەی "ئایدیا"یە بۆ ناو دونیا نزم و واقیعییەکەی خۆمان کە ڕەقهەڵاتن درووستدەکات. شتێکی هاوشێوەی پشیلەکەی چەشایەر کە بۆ ئەبەد پێکەنینەکەی بە حەواوە دەمێنێتەوە. لای خۆیشمان دیمەنی "عومەری خاوەر" لە کیمیابارانەکەی هەڵەبجەدا، نمونەیەکی فۆرماڵە بۆ بەرکەوتنی ئایدیا بە دونیا واقیعییەکە. وەکبڵێی ئایدیای مانەوە، لەناو شوێن و کاتدا ڕەقهەڵهاتووە. مانەوە لەناو کات و شوێندا، لە ڕووداوێکی ڕاگوزەردا خۆی دەنوێنێت. تۆ بۆ هەمیشە دەمێنیتەوە، بەڵام بە نوقسانی. ئایدیا کە بەر دونیا نزمەکە دەکەوێت، خۆیشی جۆرێک لە نزمێتی وەردەگرێت و دەیبەستێت. ئەفلاتون پەیوەندیی ئایدیا و دونیا هەستپێکراوە واقیعییەکە، بە پەیوەندیی هۆ و ئەنجام دادەنێت. بۆیە هەر دیاردەیەکی ناو دونیا نزمەکە، ئەنجامی ئەو هۆکارەی ناو دونیا بەرز و ئایدیالیستییەکەیە. ژیژەک بەهۆی ئەو ڕاڤەیەی خۆیەوە، ئەم دوو دونیایە لە لێکخشانێکدا وەردەگرێت: ئەو پێیوایە ئایدیا خۆی شتێکی پڕ و تۆکمە نیە لەپشت دونیا نزمەکەوە وەستابێت، بەڵکو تەنیا لە نمود و ڕواڵەتێکدا

خۆی دەنوێنێت و نامێنێت. حەقیقەت پتر کەوتووەتەوە ڕواڵەتەوە نەک پشتی ڕواڵەت، «ئایدیاکان، هیچ نین جگە لە فۆرمی دەرکەوتەکەیان». ئایدیا بۆ ئەوەی خۆی بسەلمێنێت، پێویستی بەو کەناڵە نوقسانەی دونیا واقیعییەکەیە. واقیعە نزم و ئەزموونییەکەمان، پشکی خۆی دەڕژێنێتە نێو ئایدیاوە و ئایدیا شتێک نیە لە جێیەکی تر بە کاملی هەبێت، «ئایدیاکان شتانێکن کە بۆ ماوەیەکی کاتی و بۆ ساتێک بەسەر ڕووی شتە دنیاییەکانەوە دەردەکەون». بەم پێیە موتڵەق(چەمکی ڕەها)ش بوونێکی ڕاگوزەر و نمودئاسای هەیە و دەرکەوتن و ونبوونەکەی لە چاوتروکانێکدایە. ڕووداو جۆرە موتڵەقێکە کە دەرکەوتنەکەی، شوێنەوارێکی تراومایی و شۆکهێنەر جێدەهێڵێت چونکە بەتەواوی لە دونیا ڕێژەیی و کۆنکرێتییەکەی ئێمەدا جێی نابێتەوە. ئەمە مانای ئەوە نیە لە دەرەوەی دونیاکەمانەوە موتڵەق هەیە، بەڵکو موتڵەق تەنیا لە گۆشەی دونیاکەی ئێمەوە هەیە و بۆ سەلماندنی بوونیشی گەرەکە جاروبار خۆی لە دونیاکەمان بخشێنێت.

ڕووداوی دواتری ناو مێژووی بیرکردنەوە، بریتییە لە دیکارت و کۆجیتۆکەی: کۆجیتۆ واتە گوزارەکەی دیکارت کە دەڵێت من بیردەکەمەوە، واتە من هەم. وێناکردنی ئەم حوکمە، بۆ ئەمڕۆ قورسە، چونکەم هەم دوورین و هەم شۆکی ڕووداوەکە بەر ئەو قۆناغە کەوتووە. ئەم گوزارەیە، لە کاتی خۆیدا ڕووداوێکی فەلسەفی بووە و سەرەتای چەمکی سوبێکتیشە لە مێژووی فەلسەفەدا. دیکارت دەیویست بەهۆی میتۆدێکی گومانکارانەوە، تا کۆتا سنوری گومان بڕوات بۆ ئەوەی بگات بە هەندێک یەقینی ئۆنتۆلۆژی و ئەپستمۆلۆژی. بەپێی عەقڵی باو(کۆمۆن سێنس)، ئەمە ساویلکەییە و یانی چی ئێمە هەین یان نین. بۆیە دیکارت، لەڕێی ئەم گومانەوە لەوە زیاتر ڕۆیشت کە بیسەلمێنێت هەین یان نین، ئەو لە کاتی خۆیدا سنوری بوون-زانینی مرۆییمانی دەستنیشانکرد: گومانی خستە سەر ئەو بینایەی کە باوەڕ و دڵنیاییەکانی درووستکردووین، ئەوانەی لە مناڵییەوە و لە ڕابردووی مێژووی فەلسەفەشەوە فێری بووین. گومانگەراییەکەی دیکارت جیا بوو لەو گومانگەراییەی پێشوو کە گومانی ڕەهای لە هەموو شت دەکرد و بە وەهمی ڕووتی دادەنان؛

دیکارت دەیویست خاڵێکی یەقینی بدۆزێتەوە تا خۆی لەسەر ڕابگرێت و گومانی لێوە بکات(خاڵێکی چەشنی خاڵی ئەرخەمیدسی کە ئەرخەمیدس دەیوت خاڵێکم بدەنێ پێی لەسەر دابنێم تا بتوانم زەوی بگوازمەوە). دیکارت سەرەتا هەستەکانی مرۆڤی خستە بەر گومان، ئاخۆ ئەو شتانەی پێماندەناسێنن ڕاستن یان نا. ئاخۆ هەستەکانیش زادەی خەیاڵ نین؟ ئاخۆ ئێمە لە خەوێکی گەورەدا نین؟ ئاخۆ خوایەکی بەدکار فریوی‌نەداوین؟ دیکارت لەڕێگەی "شهودی عەقڵی"یەوە دەگات بەوەی کە ئێمە گەر فریویش درابین، فریوەکە دەیسەلمێنێت هەین. یان هەر ئەوەی کە دەتوانین گومانبکەین، خودی گومانەکە جۆرێکە لە یەقین دەرهەق بەوەی هەین. بە هەریەک لەم گومانانەدا، ئێمە دەگەینە یەقین، یەقینی ئەوەی کە بیردەکەینەوە. بیرکردنەوە لای دیکارت، هەر تێفکرینێکی فەلسەفی نیە، بەڵکو هەموو ئەو چالاکییە زاتییانە دەگرێتەوە کە لە مرۆڤەوە دەردەچێت و دەیسەلمێنن ئەم بوونەوەرە وەهم نیە. بۆنمونە ویست و خەیاڵ و عەقڵ و هەستکردن تێکڕا سەر بە بیرکردنەوەن. لە کۆجیتۆکەدا(من بیردەکەمەوە کەواتە هەم)، هەریەکە لە کاتیگۆرییەکانی "بیرکردنەوە" و "بوون"مان هەیە. بیرکردنەوە(لە دۆخە دیکارتییەکەیدا)، دەبێتە هۆ و سەلمێنەری ئەوەی کە مرۆڤ بوونی هەیە. کاتێک خەریکین گومان لە گوماندەکەین، ئیتر تووشی دڵنییی هاتووین. دڵنیایی لەوەی کە زەینێک هەیە و لەپاڵ جەستەیەکدا بیردەکاتەوە و گوماندەکات. سوبێکتی دیکارتی، بەهۆی هەستێکی ڕاستەوخۆ و بێ‌نێوانگرەوە دەگاتە ئەوەی کە ئەو چیە. ئەم سوبێکتە لە هەردوو جەوهەری زەین و لەش پێکهاتووە، زەینیش وەک لەش پارچەپارچەنابێت، بۆیە زەین دەکەوێتە پێش لەشەوە و بوونەورەێکی ئاگامەندین. ڕایەک هەیە کە بەو پێیە دیکارت نەک لەڕێی شهودی عەقڵییەوە، بەڵکو لەڕێگەی دیدەکشن(قیاس-پێوانەکاری)ـەوە گەیشتووە بەم کۆجیتۆیە:

**من بیردەکەمەوە ⟵ پێشەکیی ١ (پێشەکیی بچوک)**

**ئەوەی بیربکاتەوە، بوونیشی هەیە ⟵ پێشەکیی ٢ (پێشەکیی گەورە)**

**کەواتە من هەم (ئەنجام)**

دیارە ئەمانە قسەی گشتی و ئاشنان لەسەر دیکارت و هەرکەس دەتوانێت لە شرۆڤەکاندا دەربارەی دیکارت بیانخوێنێتەوە. بۆیە خاڵی گرنگ لێرەدا دیدی ژیژەکە بۆ ڕووداوە دیکاریتییەکە، ڕووداوی سوبێکت لە فەلسەفەی مۆدێرندا. ژیژەک و لاکان و بەشێکی زۆر لە نەریتی دەروونشیکاری دەگەڕێنەوە سەر سوبێکتی دیکارتی، وەکبڵێی وەفایان بۆ ئەم ڕووداوە هەیە. ژیژەک لە کتێبی سوبێکتی ختوکاویدا باسی ئەوە دەکات کە *تارماییەک بەسەر ئەکادیمیای خۆرئاواییدا دێت و دەچێت، تارمایی سوبێکتی دیکارتی.* واتە لە سەردەمێکدا کە باسی کۆتایی سوبێکت دەکرێت و ڕۆڵی مرۆڤ لە فەلسەفەدا تەواو لاوازدەکرێت، دەروونشیکاری دەتوانێت خۆی بە میراتگری سوبێکتی دیکارتی بزانێت. ژیژەک لە بن تەوەری «خود-ی ڕووداوبار(eventual self)»دا، دۆزینەوەی سوبێکت لەلایەن دیکارتەوە بە ڕووداوێک دەچوێنێت. لەڕاستییشدا لە مێژووی بیرکردنەوەی مرۆڤدا، ئەم دۆزینەوەیە شتێکی تراومایی و ترسناکە، چونکە بۆ یەکەم جار مرۆڤ تا کۆتا سنورەکانی دەبرێت و لە هەناوەکەی دەڕوانرێت و کۆتائیمکانی کەشفدەکرێت کە جگە لە بۆشاییەک یان تاریکییەک یان بەپێی کتێبەکە "شەوی جیهان" هیچی تر نیە. گەر پەیوەندییە کەلتوری و نێوبەینییەکان لە مرۆڤ بکەینەوە، گەر شوناس و قسەکردن و فەنتازیاکانی لێ بکەینەوە ئەوا ئەوەی دەمێنێتەوە چاڵێکی تاریکە لە هەناوکمندا کە شوێنی شێتییە. لەخۆڕا نیە ئەم چاڵە و دەروونپەشێوی لە دەروونشیکاری‌دا وەک یەک وەرگیراون. هەرکەسێک بۆ چرکەیەک هەڵوەستەبکات و ئەو هەمووە ئاوەدانییە ساختەیە لە

خۆی بکاتەوە، تێدەگات بۆشاییەکی تاریکە و ئەم بۆشاییەی ڕەمزاندووە(مانای پێداوە). بۆ وێناکردنی سوبێکتی دیکارتی، گەرەکە پتر توانای وێناکردنمان هەبێت. ژیژەک دەنوسێت: «کتێک مرۆڤ قسەدەکات، ئەوەی کە دەدوێت ئەم حزوورە جەستەییە کۆنکرێتییە نیە بەڵکو شتێکی تارماییئاسایە لەناوەوەیدا، *تارماییەک لە ماشێنێکدا* کە لە واقیعی فیزیکیی کەسەکە خۆی واقیعییترە. ئەم ئاوەژووکردنەوە توندوتیژانەیەی پەیوەندیی نێوان جەوهەری جەستەیی و ڕۆح، هەر ئەو شتەیە دیکارت لە تێگەی کۆجیتۆدا مەبەستێتی: سوبێکتی بیرکەرەوە ڕۆحێک نیە لەناو جەستەدا ئامادەبێت بەڵکو وەڕسکەرێکی بێگانەیە، کورتەڵەیەکە لەڕێگەیەوە دەدوێت». کورتەڵە، ئاماژەی ژیژەکە بۆ کارەکتەری ناو زنجیرەی *ئالفرێد هیچکۆک پێشکەشدەکات*[16] کە بووکەڵەیەک ڕۆڵی پیرەمێردێکی خەمگین دەبینێت و هیچیشیان بەتەواوی مرۆڤ نین و تەواوکەری تارماییئاسای یەکترن. پانتایی ڕەمزی(کەلتور)، ئەو جێگەیەیە کە شەوە تاریکەکەی هەناوی سوبێکت، شتێییەکەی ناو سوبێکت دەشارێتەوە. شاردنەوەکە میکانیکی نیە کە پەردەیەک بەسەر چاڵێکدا بدرێت، بەڵکو پانتاییە ڕەمزییەکە خۆیشی لە شێتی و تاریکی هەڵژەنراوە: «خاڵە سەرەکییەکەی شێتی، بریتی نیە لە زیادە پەتییەکەی "شەوی جیهان"، بەڵکو بریتییە لە شێتییەکەی ساتی پەڕینەوە بۆ پانتایی ڕەمزی، شێتیی سەپاندنی سیستەمێکی ڕەمزی بەسەر ئاشوبی ***ڕیاڵ***دا(فرۆید لە شیکردنەوەکەی خۆیدا بۆ دادوەرە پارانۆیاییەکە، دانێل پۆل شرێبەر، ئاماژە بەوە دەکات کە "سیستەم"ـی کەسی پارانۆیایی بریتی نیە لە شێتی، بەڵکو هەوڵێکی داماوانەیە بۆ هەڵهاتن لە شێتی-کە دەکاتە هەڵوەشانەوەی دونیا ڕەمزییەکە- لەڕێگەی دونیایەکی ساختەی ماناوە)». واتە پانتایی ڕەمزی و کەلتور، پانتاییەکی تەواو عەقڵانی نیە کە کۆمەڵێک سوبێکتی عەقڵانی مامەڵەی تیا دەکەن، بەڵکو پانتاییەکە جنونێکی تاریک لەژێریەوە کاردەکات. ژیژەک دەنوسێت: «درووشمەکەی برێخت بێننەوە بیری خۆتان: دامەزراندنی بانکێک فەرقی چیە

---

[16] alfred hitchcock presents

لەگەڵ دزیکردن لە بانکێکدا؟ لەسەر هەمان ڕیتم گەرەکە بڵێین: ئەو شێتییەی پەتییەی لە ئەنجامی لەدەستدانی عەقڵەوە ڕوودەدات، چیە بەراورد بەو شێتییەی لە عەقڵ خۆیدا هەیە؟». بەم پێیە، دیکارت دەرگا لەسەر شێتییە سەنتراڵەکەی هەناومان دەکاتەوە، مۆدێرنەش وێڕای هەموو داکۆکییەکەی لە عەقڵ، کەمتر سەرنجی لەسەر ئەم بۆشایی و تاریکییەی هەناومان بووە. هەر بەم پێیە دیکارت لەبری ڕووناکی و ڕۆشنگەری و نوری عەقڵ، باسی تاریکییەکی هەناوی سوبێکت دەکات. ڕەخنەی زۆری دیکارت کراوە کە پەرە بە زانستگەری و جڵەوکردنی سرووشت دەدات، بەڵام بەپێی ژیژەک/لاکان هەموو هەڵپە زانستگەرییەکە بەرهەمی ئەو تاریکییەی سوبێکتە کە بە لوشدانی سرووشتیش پڕنابێتەوە. دیارە ئەو بۆشاییەی ناو سوبێکت بۆشاییەکی زانستی نیە، بەڵکو شتێکە لە عەدەم و نێگەتیڤیتەی فەلسەفییەوە نزیکە کە بەپێچەوانە بۆشاییە دەرەکییەکەوە لکاوە بە سوبێکتیڤیتەوە- سوبێکتیڤیتە سارێژکردنێکی ڕەمزیی ئەم چاڵەیە.

ژیژەک بۆ ئەوەی ئەم چاڵە تاریکەی هەناومان دەربخات، سوبێکتی دیکارتی تا ئەمڕۆمان ڕادەکێشێت و بەناو هەندێک پرسدا دەیبات: ئەمرۆ باسی دۆخی *پۆستتراوما* دەکرێت. واتە سوبێکت بەر کۆمەڵێک حاڵەتی کوشندە و تراومایی دەکەوێت و پێشیاندا تێدەپەڕێت و دەمێنێتەوە. بۆنمونە، پاش جەنگێک، کارەساتێکی سرووشتی، ڕووداوێکی بایۆلۆژی، نەخۆشییەکی زگماکیی درەنگوەخت، ڕزگاربوون لە حاڵەتێکی مەرگئاسا، ئەلزایمەر و هتد؛ سوبێکت دەمێنێتەوە. واتە سوبێکت بەناو مەرگی خۆیدا تێدەپەڕێت بێئەوەی بمرێت، یان بەناو بۆشاییەکدا گوزەردەکات بەبێ ئەوەی ونببێت. وانە تیۆرییەکە لێرەدا ئەوەیە کە سوبێکت دۆخێک لە پەیوەندیدا بە بۆشاییەکەوە درووستدەبێت. یەک مرۆڤ تا کۆتایی ژیانی، بوونەوەرێکی کامڵ و یەمپارچە نیە، بەڵکو ئەگەرەکانی بەسوبێکتبوونی تیا بەردەوامە. سوبێکتێک کە لە تراومای مەرگ دەردەچێت پچڕانێک لە پرۆسەی بەسوبێکتبوونیدا درووستدەبێت. لەڕووی فەلسەفییەوە، کەسێک کە تووشی "بیرچوونەوە" دەبێت، پچڕانێک لە شوسناسە سوبێکتیڤەکەیدا ڕوودەدات. لەپاش

شۆکەکە سوبێکتێکی نوێ دێتەئاراوە. ژیژەک بە قەرز لە چەمکەکانی هایدگەر، دەڵێت ئەم جۆرە سوبێکتانە چیدی "لە-جیهاندا" نین. دەرگیربونێکی لەشمەندانەیان بە جیهانەوە نیە، تەنیا شوێن دەگرن نەک پنتێکی ئۆنتۆلۆژی لە جیهاندا. خاڵە ڕووداوئاساکە ئەوەیە کە سوبێکت خۆی مادام کوێرکردنەوەی ڕەمزیی چاڵێکە، ئەوا لەو کاتانەشدا کە بەناو مەرگدا تێدەپەڕێت ئەوا لەدایکیشدەبێتەوە. لەدایکبوونەوە، ئەگەرێکە لە ئەگەرەکانی ڕووداو، جا شوناسی دواترت هەرچی بێت شایستەی قبوڵکردنە. سوبێکتە پۆستتراماییەکە، ماهیەتی سوبێکتیشمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە سوبێکت خۆی هیچە. گەر بێتو دیکارتئاسا هەموو خەسڵەت و ئیمکان و دەوڵەمەندییەکان لە سوبێکت داڕنین، ئەوا ئەوەی دەمێنێتەوە ئەم هیچە خەرەندئاسایەیە. بە مانایەکی فرۆیدییانە، سوبێکت خۆی لەسەر تراوامایەکی خۆنشین هەڵکەوتووە بۆیە *پۆستتراما* هەمیشە گەڕانەوەیەکە بۆ تراوامایی سوبێکت خۆی نەک تراوامایەکی لاوەکیی ناو ڕابردووی سوبێکت خۆی. کاتێک سوبێکتی دیکارتی، بیردەکاتەوە و پاشان هەیە، ئەوا ماهیەتەکەی بە خاڵێکی یەکتربڕیندا دەڕوات کە خاڵی سفری سوبێکتیڤیتەیە. سوبێکت بوونێک نیە بیربکاتەوە و پاشان بە نۆرە بوونی هەبێت، بەڵکو ئەو ساتەی بیردەکاتەوە و گوماندەکات بەر چەخماخەیەکی تراوامایی دەکەوێت و سوبێکتیڤیتەکەی دەردەکەوێت. بیر و بوون، خاڵی یەکتربڕینی سوبێکتە. ژیژەک، پێناسەکەی فرۆید بۆ "خەسانی ژنانە" بەسەر سوبێکتدا پیادەدەکات کە بەو پێیە سوبێکت ئەو هیچەیە وایدادەنێین شتێکە و بە شتانێک دەوردراوە. ژن خاوەنی فالوس نیە، خاوەنی هیچ، بەڵام بەپێی لۆژیکی خەسان شتێک لەویا بووە کە ئێستا نیە. یان بەپێی پرسیارە دێرینە فەلسەفییەکە: شتەکان بۆچی هەن لەجیاتیی ئەوەی دەکرا نەبن؟ پرسیارە دیکارتییەکەی ژیژەک بەم جۆرەی لێ دێت: بۆچی لەوێدا کە دەکرا شتێک هەبێت، هیچ هەیە؟ سوبێکتیڤیتە شتێکە زانستە دەماری و مێشکییەکانیش ناتوانن شوێنەکەی دیاربکەن. سوبێکتبوون، چاڵیکی گریمانەییە و بایۆلۆژیا تەنیا ئیمکانێکی هەژار و ڕاستەوخۆیەتی. ژیژەک دەڵێت هەمیشە لە سوبێکتدا، شوێنێک هەیە کە سوبێکت لە ماڵ نیە،

نیشتەحجێ نیە، لەو شوێنە نیە کە دەبوو هەبێت. سوبێکتی ئێۆیستی، نمونەیەکی ئایدیاڵە بۆ ئەمە: کاتێک چاو لە چاوی کەسێکی ئۆتیستی دەبڕین، هەستدەکەین سوبێکت لەماڵەکەی خۆیدا نیە. فرۆید دەیوت عەقڵ و ئاگایی سەرگەورەی ماڵی خۆیان نین، بۆ سەلماندنی تیۆریی ئەم مەسەلەیە، دەبێت سوبێکت لە دۆخە بۆشەکەیدا وەربگرین کە نوسخەی ئەوپەڕینەی سوبێ:تە. نەک ئەوەی مرۆڤێکی بەحسێب کامڵ وەربگرین.

ژیژەک بۆ ڕووداوی سێیەمی مێژووی فەلسەفە دەچێتە سەر هیگڵ: لای هیگڵیش هەمیسان بەر شێتییەکی قووڵی ناو بیرکردنەوەی ئینسان دەکەوین کە لە چەمکی "زانینی موتڵەق"دا خۆی دەنوێنێت. لە عەقڵی باودا، هیگڵ بە خوای ژیری و ئاڵۆزی دادەنرێت، هاوکات بەو کەسەکەش کە فەلسەفەی تا ئاستی شێتی بردووە. ژیژەک زیاد لە جارێک باسی ئەوەی کردووە کە عەقڵ و عەقڵانیەتی هیگڵی، لێوارپۆشێکە بۆ شێتییەک کە بوونی داگرتووە. ئەویش بەو مانایەی کە لەم کتێبەشدا باسیدەکات: «بەو مانایە نا کە هەموو شت شێتییە، بەڵکو بەو واتایەی کە نۆرماڵبوون و سرووشتیبوونی عەقڵ خۆی هیچ نیە جگە لە تێهەڵکێشکردنی شێتی. هەر بەو جۆرەی کە فەرمانڕەوایی یاسا هیچ نیە جگە لە تێهەڵکێشکردنی تاوان بە خۆی». نمونەی یاسا، کە لای زۆرینە دەرکەوتەیەکی نەزم و عەقڵە، خۆی هەڵگرتنەوەی تاوانە و پێچلێدانێکی دیالەکتیکییە لێی. یاسا شتێکی دەرەکی و بێلایەن و پاکیزە نیە، بەڵکو هەڵگرتنەوەی تاوانە بە خەسێنراوی. گەر تاوان نەبێت، یاساش نیە، یاسا بەبێ تاوان وێناناکرێت. بۆ ئەوەی کەمێک لە وێناکردنی شتەکە نزیکبینەوە دەتوانین بڵێین: ئەو تاوانەی کە ڕاستەوخۆ دەکرێت، لە یاسادا لەڕێی یاساوە ئەنجامدەدرێتەوە! ئەو سزایەی یاسا دەیدات، هەر تاوانەکەیە بەڵام مەودایەک دوورتر لە سوبێکت، مەودایەک دوورتر لە چێژی ڕاستەوخۆی تاوانەکەش. هێشتا ئەمە ئاڵۆزییەکە ناگەیەنێت: مرۆڤەکان گەر تەواو دەستیشیان کراوە بێت بۆ ئەنجامدانی تاوان، هەر ناتوانن بگەن بە تاوانی ڕەها، چونکە سزا و چێژ خۆی سنورداریێتییەکی ناوەکیی هەڵگرتووە. یاسا، تاوانەکە و سنورداریێتییە

ناوەکییەکەشی دەگەیەنێت. لە نمونەیەکی بوێرانە و سەمەرەدا ژیژەک دزەکان بە مرۆڤی ئەخلاقی دادەنێت، ئەخلاق لە کەوانەدا «»: واتە دزەکان نکۆڵی لە خاوەندارێتی ناکەن، بەڵکو بە فۆرمێکی تر دەست بۆ خاوەندارێتی دەبەن و خوازیای نەزمی یاساییین. دزەکان لە دەرێی جڤاتی مرۆییەوە نین، بەڵکو لە هەناوی ئەم نەزمەدا یاساشکێنی دەکەن، فەلسەفەی یاساشکێنییەکەشیان شتێکی لەم جۆرەیە: دز «بەشێوەیەکی مەرجدار» مرۆیەکی باشە، تەنیا کەمێک زیاتری بۆ خۆی دەوێت؛ لەکاتێکدا کە بۆیە دزی دەکات دەزانێت یاسا هەیە. دیارە ئەمە لەو تێگەیشتنە عامیانەوە دوورە کە دەڵێن دز هەقی خۆی وەردەگرێتەوە، چونکە ئەم تێگەیشتنە هێشتا یاسایەکی لە جێیەک داناوە و دزییشی لە جێیەکی تر داناوە. مەبەستەکە هەستیارترە: پەیوەندیی دز و یاسا، پەیوەندیی بەش و گشتە، دز گشتی یاسای قبوڵە و لە بەشدا لادەدات. ژیژەک پتر دەڕواتە پێشەوە و بەپێی هیگڵ دەڵێت: ئەخلاقیش تاوانکارانەیە. واتە، گەر دزی تاوانێکی بەشەکی بێت، ئەوا خاوەندارێتی تاوانێکی گشتییە. لەو دیوی هەردوو حاڵەتەکەشەوە یاسا هەیە کە خاڵی یەکتربڕینی بەش و گشتی یاسا و ئەخلاقە. بە مانایەکی ڕیشەییتر، دزی و خاوەندارێتی هیچیان تەواو تەندرووست نین، چونکە بنەڕەتی ژیانی مرۆڤ خۆی لەسەر ڕیاڵ(مەحاڵێکی بێمانا)ێک وەستاوە: جۆرێک لە شێتیی سەرەتایی بەڵام بنیاتنەریش. هەر بەپێی هیگڵ، دەتوانین لە حوکمێکی وەک «زەواج، زینایە»دا ئەم یەکتربڕینەی گشت و بەش، یاسا و یاساشکێنی، تاوان و ئەخلاق بەدیبکەین: واتە زەواج هەر زینایەکە بەڵام بە فلتەری یاسا گشتەکییەدا ڕۆیشتووە و لە ***ڕیاڵ***ی ئەخلاق پاڵێوراوە. شێتییەکە تێکەڵ بە عەقڵی کەلتور کراوە. ژیژەک درێژکراوەی ئەم هاوکێشەیە لەناو کەلتور و پانتاییە ڕەمزییەکەدا دادەڕێژێتەوە و دەڵێت گەر زەواجێک عەشقی تیا نەبێت، زینایە، نایاساییە. لەڕاستییدا لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە ئەو شێتییەی ناو ژیانی سوبێکت، شێتیی سێکسوالیتە، بگەیەنینە دۆخی هاوسەنگی. سوبێکت خۆی لەگەڵ هیچ کردارێکی خۆیدا و بەتایبەت ڕووداودا هاوکات و هاوسەنگ نیە. ڕووداو

مادام لەم شێتییە هەڵکۆڵراوەی ناو ژیانی‌سوبێکت خۆیەوە دێتەدەر، ئەوا هەمیشە یان تۆزێک پێشدەکەوێت یان تۆزێک درەنگ. سەرەنجام سوبێکت دەبێت پەلەبکات، کە پەلەشیکرد بەشێوەی پاشەوپاش تێبگات بزانێت چیی کردووە و گەرەکە قبوڵیشیبکات. گەر زۆریش دواکەوت، ئەوا ڕووداوەکەی بۆ بژاردەیەکی ناو بوونە ئاساییەکە کورتدەبێتەوە. لە هەموو حاڵەتەکاندا، ئێمە لەگەڵ ناهاوسەنگییەکدا دەژین. بە مانا هیگڵییەکەی، حەقیقەت و حەقیقەتی ڕووداو لە هەناوی هەڵە و شێتییەکەوە دێتەدی.

دیارە بەپێی لاکان هەر ڕووداوێک لەناو سێ نەزمی سەرەکی‌دا ڕوودەدات، ڕەمزی و خەیاڵی و ڕیاڵ. ژیانی مرۆڤ بریتییە لە پێکداچوونی ئەم سیانە. ڕووداو ناوەڕۆکی سێ بازنەکە دەگۆڕێت. ڕەمزی(the symbolic) واتە ئەو ژینگە مانایی و بەهاییەی بەهۆی کەلتور و زمانەوە درووستمانکردووە پاش ئەوەی مەودامان لە سرووشت و زبری و شێتییەکانی وەرگرتووە. دەبێت شتەکانی تیا بەو جۆرە ببینین کە دەیبینین. خەیاڵی(the imaginary)، ئاوێتەیە بە نەزمی ڕةمزی، بەڵام ناتوانین شتەکانی تیا بەو جۆرە ببینین دە دەبێت ببینین. ئەو ڕەهەندەی ژیانمانە کە پڕە لە هەڵەناسینەوە و چەوتکاری و خۆهاوشوناسکردن و وێنەسازی و فەنتازیاکاری. ڕیاڵ(the real)یش هەموو مەحاڵەکانی ژیان دەگرێتەوە کە لە دەستی دوو نەزمەکەی تر هەڵدێت. دوو نەزمەکەی تر یەکێک لە ئیشەکەیان بریتییە لە مامەڵەکردن بە ڕیاڵەوە. ڕیاڵ بە واتای واقیع نایەت، بەڵکو ئەو زبرییە بنچینەییەیە کە واقیعی مرۆیی بۆی جڵەوناکرێت و جاروبار سەردەردەهێنێتەوە و تراوما وش ۆک دروووستدەکات. لەڕاستییدا، هیچکام لەم سێ ڕەهەندەی ژیان، لە دۆخێکی تەواو ئارامدا ناژین چونکە وەک سێ بازنە ڕۆیشتوون بەناو یەکدا. ژیانی مرۆڤ لە یەک چرکەدا، بەپێی ئەم سێ بازنەیە دەژی. گەر ڕەمزی گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانمان بێت، ئەوا خەیاڵی بریتییە لە خودی چیرۆکەکە و ڕیاڵیش ئەو مەحاڵەی ناو چیرۆکەکەیە کە لەڕێی گێڕانەوەکە و چیرۆکسازییە خەیاڵییەکەوە دایدەپۆشین و بگرە تۆلێرانسێکی لابەلاشی لەگەڵدا

دەنوێنین. هەندێک کەس کە ڕووداوی بادیۆیی و ژیژەک لە ڕیاڵی لاکانی نزیکدەکەنەوە، دەیانەوێت بڵێن ڕووداو گەڕانەوەی ڕیاڵە بۆ ناو دوو پانتاییەکەی تریش کە شڵەژان درووستدەکات. ژیژەک بەخێرایی هەر دیوێکی ئەم سێ ڕەهەندەی ژیان دەلکێنێت بە چەمکی ڕووداوەوە:

لە **ڕەمزی**دا، کە شوێنی زمان و یاسا و داله بچوک و گەورەکانیشە، مرۆڤەکان بەپێی دالێکی گەورە دەژین و مانا درووستدەکەن. دالی گەورە، واتە ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتییەی کە ڕەوایەتیی دەلالی بە گرووپە کۆمەڵایەتیەکان دەدات. ئەم دالە وەک ئاسۆیەک وایە کە وردەئاسۆکانی لەسەر هەڵچنراوە. بۆنمونە کە دیموکراسی دەبێتە دالێکی گەورە بۆ جڤاتێک، ئیدی هەرکەس لەبن ئەم دالە گەورەیەدا درووشمەکانی خۆی وردەکاتەوە. کە دالێکی نوێی گەورە وەرچەرخان درووستدەکات، مانای دابڕنی پەتی نیە لە ڕابردوو، بەڵکو ڕابردووش دەخاتەوە ژێر پێناسەی نوێ. نەزمی ڕەمزی کە لای لاکان، ئەویتری گەورە(the big other)یشی پێ دەوترێت، لە ڕابردوو هەڵژەنراوە. لەگەڵ شتی نوێدا، ڕابردوو بەتەواوی وننابێت بەڵکو دەکەوێتە بەر پێوەر و پێناسەی نوێ. **بەم پێیە، نوێ هەمیشە بەرێژەک نوێیە.** هەر نەوەیەک کە دێن، ناتوانن سەرتاپا نوێ بن. ڕابردوو ڕیشەی شتی نوێشە. نوێبوونەوە لە بەراورد و تیاژیان و گەڕانەوە بۆ کۆندا، دەبێتە نوێ. مردووەکان و زیندووەکان پێکەوە لەسەر مانای نوێ ڕێکدەکەون، ڕێکەوتنێک کە مردووەکانی تیا حازر نیە، لەڕێگەی ڕێسا جێماوەکانیانەوە نەبێت. نوێ، شۆکهێ،ەرە، هەمیشە بە دڵی ڕابردوو نیە بەڵام ڕابردووش دەخاتە بەردەم ئەو بانگهێشتەی ئاخۆ چەند دەتوانن نوێببنەوە. لێرەوە داخڵی کێشەی باوک دەبین: باوک هەم باوکە بایۆلۆژییەکانە و هەم مردووی ناو گۆڕەکان کە لەڕێگەی کەلتورەوە ئێمە دەخەنە ژێر چاودێری. هەموو ڕووداوێک، باوکەکانیش دەلەرزێنێت، بەڵام بەتەواویش لەناوناچن. کۆمەڵگا کە لەسەر کوشتنی باوک درووستبووە، هەم باوک و هەم ئێەش بە ڕێژەیەک خەسانمان بەرکەوتووە، خەسان بە واتای بێبەشبوون لە چێژی ڕەهای

ژنەکان(کە فرۆید بەشێوەیەکی بلیمەتانە لە تەوتەم و تابۆدا تیۆرەکەی خۆی لەسەر هەڵدەچنێت). یاسا بۆیە هەیە، ئێمە و باوانیشمان خەساوین، یاسا واتە کەس بۆی نیە دەستی بە نیعمەت و لەزەتی موتڵەق بگات. ڕووداو و نوێبوونەوەش، ناتوانێت لەزەتی پەتی بڕەخسێنێت، لەزەت بە هەموو ماناکانی. هێند هەیە، ئیمکان و بژاردە و مامەڵەمان بە چێژەوە گۆڕانی بەسەردا دێت. عەدالەت،وێڕای ناوە گشتی و ئەبستراکتەکەی، پرسێکە پەیوەندییمان بە چێژەوە، بە یەکترەوە ڕێکدەخات. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا، ئێمە لەگەڵ باوکانمان دەچینە پەیوەندییەکی نوێوە. ڕەنگە لەم پەیوەندییەدا دەسەڵاتی باوک کەم یا زیادبکات، بەڵام باوک وەک بونیاد دەمێنێتەوە. ڕووداو گەر هونەری یان سیاسی و عاشقانەشبێت، ئەوا بە ناچار دەمانخاتەوە دیالۆگێکی لێڵ لەگەڵ ڕابردوو، باوک، یاسا. کاتێک دالێکی گەورە، ئاسۆی ڕەمزییمان دەلەقێنێت، ئەوا ناچارین مانای نوێ ڕووبەڕووی باوک بکەینەوە، ناچارین پەیوەندییە فەنتازییەکەمان نوێکەینەوە. گەرنا تووشی دەروونپەشێوی دەبینە: سڕینەوە ڕەهای باوک، شێتی درووستدەکات. ئەو شێتییەی کە ناچارین بەشی نوێبوونەوە شتی لێ هەڵێنجین نەک بتوانین تێیدا بژین. کرۆکی سوبێکت مادام خۆی چاڵێکی شێتانەیە، ئەوا ناتوانین لەم چاڵەدا نیشتەجێ بین. خوداش سەر بە ***ریاڵ***ە، شوێنێکی نەڕەمزیو و نەکردەنی، بەڵام کاریگەرییش لەسەر دوو پانتاییەکەی تر هەیە(ڕەمزی و خەیاڵی). دین کە سەر بە پانتایی ڕەمزییە و دەبێتە بەشێک لە کەلتور و مانا و بەها، لە پەیوەندییدایە بە ڕیاڵی خوداوە. لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا پەیوەندیی باوک و خودا بە ئێمەوە زۆر ئاڵۆزە. کاتێک ئەخلاقی دینی و کەلتوری هەروەک دالێکی گەورە مابنەوە و ڕیشەکێش نەکرابن، دەکرێت چۆنچۆنی مامەڵە بە باوک و خوداوە بکەین؟ خودا لێرە مانا ئەتایستییە ڕووکەشەکەی نیە، بەڵکو گریمانەی ئێمەیە بۆ خودا. گرنگ نیە خوا هەیە یان نیە، گرنگ ئەوەیە خەڵک وایدادەنێن هەیە و لەژێر کاریگەرییەکەیدا دەژین. وەکچۆن ئەویتری گەورەی لاکانی، شتێکە ئێمە وایدادەنێین

هەیە، بوونەکەی ناسک و هەستیار و مەجازییە. پێکداچوونی ڕەمزی و خەیاڵی و ڕیاڵ، پێکداچوونێکی ئاڵۆزە و ڕووداو بریتییە لە گۆڕانی پەیوەندییە هەڵکەوتەکانیان.

ژیژەک وێستگەی شەشەمی کتێبەکەی ناوناوە *پووچەڵکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ڕووداو*. ژیژەک هەڵسەنگاندنێک بۆ کۆمەڵگای ئەمڕۆ دەکات کە نوقمی چێژپەرستی و نیهیلیزمێکی بێڕووداوە. جیا لەوەش ژیژەک پرسی ئەشکەنجە و ترساندن شیدەکاتەوە کە چۆن لەڕێی پیشاندانی سینەماییەوە، لەوە دەخرێت ئەشکەنجە بێت، یان ڕەوایەتیدانە بە ئەشکەنجە. خاڵە قووڵەکە لە بنترە: ژیژەک دەیەوێت بڵێت ئەشکەنجە قەت ئاسایی نابێتەوە، دەبێت هەر بە زبری و شاراوەییش بمێنێتەوە، چونکە ژیانی مرۆیی خۆی لەسەر ***ڕیاڵ***ێکی زبر ڕۆنراوە و گەر گاڵتە بەو ڕیاڵە بکەین و پیشانیدەین ئەوا ئەگەرەکانی ڕووداویش کەمدەبنەوە. ژیژەک هاوکات باسی تێکچوونی پەیوەندیی نێوان فەزای شەخسی و فەزای گشتی دەکات کە یەکێک بوو لە نیعمەتەکانی سەرەتای مۆدێرنە. ئێستا بەهەڵە واتێدەگەین فەزای شەخسی نەماوە و هەمووشت چووەتە ناو فەزای گشتییەوە. گوایە ئەنتەرنێت هیچ ڕووبەرێکی شەخسیی نەهێشتووە و بریتییە لە ڕووبەری گشتینەی خەڵک. بەڵام ژیژەک بە ڕوانینە فەلسەفییەکەی خۆی، پێیوایە ئەمە هەڵەیە: چونکە ئەوی ناومانناوە فەزای گشتی، هیچ ڕۆحێکی گشتیبوونی تیا نیە، تەنیا ڕاکێشانی فەزا تەنیا و شەخسییەکەمانە بۆ وێندەر و هیچی تر. پێویستە هەمیشە سنورێکی عەقڵانی و ئەخلاقی لەنێوان هەردوو فەزای شەخسی و گشتییشدا بمێنێتەوە، بەو مانایەی کە فەزای گشتی بریتی بێت لە فەزای کارلێک و گوێگرتن و گرنگیدان و سەرەنجامیش تێگەیشتن و خەمی هاوبەش. لەمڕۆدا، فەزا شەخسییەکە بۆ ئاستی فەزای گشتی کێشدەهێنرێتەوە، بەبێ ئەوەی ببێتە فەزای گشتی. ژیژەک وایدەبینێت فەزا گشتییەکە لە کاڵبوونەوەدایە. لە خۆرئاوا فەرامۆشکردنی سێکسی سەرجادە و ترسان لە کۆمەکی کەسێک کە لەسەر جادە ئۆتۆمبێل لێیداوە لە سەمپتۆمەکانی ئەم کاڵبوونەوەیەن. لێگەڕانی سێکسی و فەرامۆشکردنی بریندارێک، لەو چەمکەمان نزیکدەکاتەوە کە هیگڵ ناویدەنێت "مەلەکوتی

حەیوانە مەعنەوییەکان"، واتە ئەو کاتەی کە مرۆڤەکان بۆ ئاستی حەیوانێک دادەبەزن، حەیوانێکی بایۆلۆژی نا بەڵکو مەعنەوی، کەسانێک کە بەهۆی کۆپەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانەوە لینکە ڕاستەقینە مەعنەوییەکانی خۆیان دەپچڕێنن. ژیژەک کۆمەڵێک دیاردەی تر دەژمێرێت کە چۆن بریتیین لە پووچەڵکردنەوەی ڕووداو، ئەو ڕووداوەی کە گەورەترین ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتیی مۆدێرنە بوو، شۆڕشی فەڕەنسا لە کۆتایی سەدەی هەژدە کە ڕیزێک درووشمی عەقڵانی و ئەخلاقیی هەڵگرتبوو کە تادێت لەدەستیدەدەین و وەفامان بۆی نامێنێت. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە هەریەکە لە بادیۆ و ژیژەک، بەبێ دوودڵی، شۆڕشەکەی فەڕەنسا بە ڕووداوێک دەزانن بەڵام لە نمونەی تردا پێناچێت کۆک بن: بۆنمونە ژیژەک بایەخێکی ئەوتۆ بە جووڵانەوەی خوێندکاریی ١٩٦٨ نادات، وەکچۆن لاکان هیچ بایەخێکی نەدابوویێ.

ژیژەک کتێبەکەی بە تایتڵێک و چڵەتایتڵێک کۆتایی پێدێنێت بەناوی: «کۆتا مەنزڵگە: باش سەرنجبدە». لەم کۆتاییەوە، ژیژەک سەرەتای کتێبەکە بەرهەمدێنێتەوە. ئەو باسی ئەوە دەکات ئەمڕۆ لە سەردەمێکی خێرادا دەژین، وادەردەکەوێت هەموو شت لە گۆڕاندا بێت، بەڵام گومانیش دەخاتە سەر ئەوەی ئەم گۆڕانە شێتانەیە، پەیوەندیی بە شێتییەکەی ناو ڕووداوەوە نیە کە کۆی دۆخەکە ئاوەژوودەکاتەوە: ئەمڕۆ هەموو شت دەگۆڕێت، بەڵام لە کرۆکدا نەگۆڕانێک، حۆگرتنێک، مەلەلێک هەیە. ئەمڕۆ نەک هەر چەپی سیاسی، بەڵکو ڕۆشنبیران و ئەڵتەرناتیڤە سیاسییەکانیش سەردەرناکەن و ناگەنە جێیەک. هەمیشە هەستدەکرێت شتێک هەیە ناهێڵێت لە دۆخی پێشڕووداوەوە بچینە دۆخی ڕووداوەوە. ئەم ستایلە ژیانەی ئەمڕۆ، هەموانی ناچارکردووە هەموو ڕووداوێکی شەخسییش ببەستنەوە بە بازاڕەوە. مرۆی قەرزاری ئەمڕۆ، چیدی قەرزناکات بۆ ئەوەی بیگەڕێنێتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە بۆ ملکەچکردنێتی لەژێر ستایلێکی ژیاندا کە هەستی گوناهیشی بۆ درووستبکات. بە واتا فرۆیدییەکەی، بازاڕ جۆرە سوپەرئیگۆیەکی خوڵقاندووە کە مرۆڤ تا ناکۆتاش قەرزبکات هەر ئاسودە نەبێت، هەر هەستبکات شتێک قەرزاری سوپەرئیگۆیە.

بەڵام مادام ژیان خۆی دیاردەیەکی ڕێکەوت و هەڵکەوتە، مێژووش جۆرێک لە کراوەیی هەر تیا دەمێنێت و سوبێکت شتێکی تیایە لە خۆیشی زیاترە، جۆرێک لە شێتی کە تارمایی ڕووداو لە خەونیشدا هەر کۆتاییینایەت. بەڵام بیریشماننەچێت کە جار هەیە پەرستنی تارماییەک و ڕاهاتن پێوەی، سەردەمانێکی درێژ دەخایەنێت.

## دەربارەی "ڕووداو" لە واقیعی ئێمەدا

ڕووداو خۆی لەناو بوونێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویەک و کەلتورێکدا ڕوودەدات نەک لە بۆشاییدا. خۆی لە بۆشاییەوە نایەت، بەڵام بۆشاییەکی مانایی بۆ دۆخی باو دروستدەکات، جۆرێک لە بێداربوونەوە، ڕاچڵەکاندن و شێتی. کەسانێکیش کە پێویستە وەفایان بۆ ئەم ڕووداوە بێت، جا درەنگ بێت یان زوو. وەفا واتە درێژەپێدان، چوون بەدەم ڕووداوەکەوە، قبوڵکردنی ئەوەی کە ڕوویداوە بە هەموو ڕەهەندە شۆکهێنەرەکانیەوە. ڕووداو گەر گۆڕینی چوارچێوە گشتییەکەی ژیانمان بێت، ئەوا دەبێت لە هەمووە عەقڵی و زەینی کەلتوری و سیاسی و ئابورییەکانەوە ڕووبدات و قەیران درووستبکات. ڕووداو و وەفا بۆ ڕووداو، دووانەیەکی پێکەوەنوساون، لە هەمان کاتدا گشتی(ژانریک)ن: واتە دەبێت یان زۆرینە بچێتە پیرییەوە، یاخود بە تێپەڕینی کات کاریگەرییەکەی و درێژەپێدانەکەی لەسەر ئاستی کۆ ببینین. ڕووداو، داڕووخانی ناوەکیی دونیایەکی تایبەتە بەرەو دونیایەکی تایبەتی تر. کەڵەکەی مانا و بەها و تێڕوانینەکان دادەڕووخێت و دەلاقەیەکی وجودیی نوێ بۆ ژیانکردن دەکرێتەوە. "ڕووداو" مادام لە هەمان کاتدا چەمکێکی فیکری و زەینییە، ئەوا دەبێت بۆ تێڕوانینی خۆمان بگەڕێین لەمەڕ ڕووداو. ئاخۆ تێگەیشتنی ئێمە بۆ ڕووداو چیە و چۆنە؟ کاتێک فەیلەسوفێکی خۆرئاوایی وەک بادیۆ و ژیژەک بیر لە ڕووداو دەکەنەوە، ڕووداو بۆ ئەوان شۆڕشی فەڕەنسییە؛ ئەمە جگە لەوەی ئەوان مێژووی بیرکردنەوەی خۆرئاوایی دەپشکنن بۆ دۆزینەوەی ڕووداوە فیکرییەکان(بۆنمونە ئەفلاتون و دیکارت و هیگڵ و کانتۆر و دۆشان و هتد بۆ ئەوان ڕووداوە). بێگومان هەندێک ڕووداو گەردوونیین و کاریگەرییەکانیان بۆ دەرەوەی خۆیان دەکشێت، مۆدێرنە خۆی ئەو ڕووداوەیە کە گەردوونیبووەتەوە؛ بەڵام هێشتا گەردوونیبوون بەر تراوماى لۆکاڵ دەکەوێت: واتە، هەر

کۆمەڵگایەک پشکی لۆکاڵییانەی خۆی لە ڕووداوە گەردوونییەکان دەبات یان نایبات. یەکەم کاردانەوەی ئێمە دەرهەق بە تیۆریزەی ڕووداو، ڕەنگە ئەوە بێت ئەم فەیلەسوفە خۆرئاواییانە بۆچی شتێکی ڕوون کە خۆی هەیە، ئاڵۆزی دەکەن؟ ئەمە دەریدەخات دوو گرفت لەگۆڕێیە: یەکەم، ئێمە فەیلەسوفمان نەبووە، ئیشی فەیلەسوف پاش خوێندنەوەی بوون و واقیع و جیهان، دێتەوە سەر ئەوەی مرۆڤ چی بکات و هیوای بە چی هەبێت و ڕووداو لەکوێوە دێت(لانیکەم لە فەلسەفەی مۆدێرندا). دووەم، ڕووداو پەیوەستە بە "ویستی بنیاتنان"ـی درێژخایەنەوە کە هەر ساتی ڕووداوەکە بەس نیە، بەڵکو پێویست بە داکۆکی لە ڕووداوەکەش دەکات لەناو مێژوویەکی درێژدا. وێڕای ئەمانە، چەند خاڵێکی سەرەتایی هەن ناچارین بیورووژێنین:

**یەکەم،** ڕووداو مادام ڕیشەیەکی ئۆنتۆلۆژیی هەیە، گرێدراوە بە بوونەوە، چوارچێوە گشتییەکان دەگۆڕێت ئەوا دەبێت دیدمان بۆ مرۆڤ خۆی بگۆڕێت، ئەوەی کە لە فیکری مۆدێرندا پێیدەوترێت سوبێکت(subject). لای ئێمە هەرسێ بازنەی دین، خێڵ، حیزب سنورەکانی مرۆڤ دیاریدەکەن. هەر ڕووداو و کۆلکەڕووداوێکی جیهانییش کە دەگاتە ئێرە، بەر فلتەری ئەو سێ بازنەیە دەکەوێت. ڕیشەی ئەم سیانە، بەناو یەکدا چوون و بە ڕێژەی جیاجیا یەکتر بەرهەمدێننەوە. هەرسێکیان بریتیین لە ژینجیهانێک، یان سنورەکانی *ئەویتری گەورەی* کورد. ڕەنگە تاکەکەسێک لە سوچێکدا دیدی بۆ مرۆڤ گۆڕابێت، بەڵام زۆرینە یەک تێگەیشتنیان بۆ مرۆڤ هەیە. ئەوەشی دیدی گۆڕابێت ناتوانێت بە حەواوە بێت و بچێتە دەرەوەی پانتایە ڕەمزییە کوردییەکە. ئەوەی دیکارت لە مۆدێرنەدا بەسەر پێناسەی مرۆڤدا دەیهێنێت، چەندیش بگاتە ئێمە، ڕیشەی لەم دۆخەی ئێمەدا نیە. ڕووداوی فەلسەفی، پێویستە بچێتە ناو کۆمەڵگا و دەزگا و ئەخلاق و ڕوانگەی تاکەکەسەوە. ڕووداو ل کۆمەڵگایەکی کەمتازۆر یەکانگیردا دەبێتە

ڕووداو، نەک جڤاتێکی نایەکانگیر و فرەپارچە و فرەئارەزوو. سوبێکت بۆ پێناسەکردنەوەی مرۆڤ بەکارهاتووە، مرۆڤێک کە ئەگەری هەیە بچێتەوە سەر خاڵی سفر، هەم دابێتەوە و دابهێنرێتەوە، بەڵام ئاخۆ لای ئێمە تێڕوانینمان بۆ مرۆڤ گەیشتووە بە ئاستی سوبێکت؟ ئاخۆ دەکرێت زەینمان لە ڕیشە دینی و خورافی و خێڵەکییەکان پاککەینەوە؟ ئاخۆ ئەمە لە ڕووداوێکی هەمەگیری ڕیشەییدا ڕوودەدات یان بژاردەی تر هەیە؟ پێموایە ئەمە پرسیارێکە لە پەیوەندیدا بە ڕووداوەوە بۆ ئێمە دەمێنێتەوە. ئەمە ڕووداوە لە پێناسەکردنەوەی مرۆڤدا، واتە پرسیارێکە لەڕیشەوە. هیومانیزم(مرۆڤسەنتەری)ـی خۆرئاوایی، لەپاش گۆڕینی مانای مرۆڤەوە هاتەدی.

**دووەم،** گەر بچینە دەرەوەی مرۆڤ خۆیەوە، ئەوا ڕووداو بەتەنیا کردارێکی ڕووت نیە ڕووبدات. ئەوەی ڕوودەدات جگە لەوەی مێژوویەک و کەلتورێک لەناوەوە کلۆردەکات، پێویستی بە تێڕوانین و بیرکردنەوەشە کە چیی گۆڕیوە و دەبێت چییی تریش بگۆڕێت. کردارێکی سیاسی، کردارێکی ڕەوایە و بەشێکە لە زەرووڕەتی ژیانی ڕۆژانە. بەڵام سیاسەتێک دیدمان بۆ کۆی ڕەهەندەکانی ژیانی ئەو کۆمەڵگایە نەگۆڕێت، نابێتە ڕووداو. ناکرێت مووچە هەبێت، بەڵام وێنامان بۆ ئازادی و پێکەوەیی و تاک و خێزان و زۆر شتی تریش نەگۆڕێت. دەسکەوتێکی ڕۆژانەی سیاسی، زۆرجار بەبێ ڕووداویش بەدەستدێت. گەر ڕووداو لە کایەیەکدا بتوانێت بتەنرێتەوە بۆ هەموو کایە و ڕ،وبەرەکانی تری ژیان و کۆمەڵگاکە تووشی لەرزینێکی ناوەکی بکات، ئەوا دەکرێت بڵێین ڕووداوەکە لە بەشەوە بەرەو گشت چووە. گەرنا، وەک ساتێکی ڕاگوزەر بیردەچێتەوە. هەمیشە کەسانێک کە بۆ هەقێک دەخرۆشێن و دەچنە سەرجادە، گەرەکە ئەو خرۆشانە بە کەم نەگیرێت، چونکە کۆمەڵێک مرۆڤن و وەک فاکت و ڕاستییەک لەوێدا حازرن. بەڵام ئەم بەکەمنەگرتنە، وادەکات شتەکە بخرێتە ناو وێنەیەکی گەورەتر و ڕیشەییترەوە چونکە ڕووداو خۆی گشتگیر و ڕیشەییە. چەمکی ڕووداو خۆی ئەم بارەی قورسەی هەیە، بۆیە هەندێک لە ڕەخنەگرانی بادیۆ پێیانوایە بادیۆ خەریکە تیۆریزەی موعجیزە دەکات نەک ڕووداوێک: بەڵام

لەڕاستییدا ڕووداوێکیش لە موعجیزە نەچێت، بەپێی ئەو سیاقەی تێیدایت، ئەوا ڕووداو نیە-درۆزنەڕووداوە. ژیژەک وەک داکۆکی لە بادیۆ، دەڵێت بەڵێ موعجیزەش ڕوودەدات. بادیۆ و ژیژەک نەهاتوون تەنیا ستایشی کردارێکی ڕووت و سیاسی بکەن و تەواو، بەڵکو لای بادیۆ چوار ڕەهەندی سەرەکیی ڕووداوی حەقیقەت، و لای ژیژەکیش ڕەهەندی زۆرتری هەیە.

**سێیەم،** ڕووداو بەو مانایەی تریش کرداری ڕووت نیە کە لە حەماسەتی کردارەکەدا ون ببین. جۆشوخرۆش هەر هەیە و بەشێکە لە کردارە مرۆییەکان، بەڵام ڕووداو جۆشوخرۆشی ڕووت نیە. ڕووداو لە فیکری خۆرئاوادا، ڕەخنەکردن و پاشان بنیاتنانەوەی جیهانبینییەکە. پاشان ئەم ڕووداوە، کۆمەڵایەتیدەبێتەوە، لە جەستە و زەینی کەسە ئاساییەکانیشدا بەجۆرێک تێهەڵکێشدەبێت بەبێ ئەوەی ئەو کەسانە خۆیان ڕاستەوخۆ لکابن بەو ڕووداوەوە. شتێکی لۆژیکی نیە ڕاستەوڕاست ئێمە خۆمان بە خۆرئاوا بەراوردبکەین، بەڵام خۆبەراوردنەکردنیش وادەکات چەمکی ڕووداو بە لێڵی و لێڵتر بمێنێتەوە. جۆشوخرۆش، حەماسەتی ڕووت نیە، چونکە عەقڵیش جۆشوخرۆشی خۆی هەیە: هەر لەم نامیلکەیەدا باسی ئەوەمان کرد کە عەقڵ شێتیی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەم شێتی و خرۆشە شتێک نیە بە جیا لە عەقڵ ڕووبدات بەڵکو زادەی ڕووی ناوەوەی عەقڵ خۆیەتی. ڕەنگە هەڵە نەبین گەر بڵێین ئەم خرۆشە لای ئێمە بۆ ڕووداو، ڕوویەکی ڕاستەوخۆ و فیزیکیی هەیە، ڕووداو دەبێت کردارێکی خرۆشێنەر بێت، شەپۆلدانی سۆفییانە و مەستکەر بێت، بەجۆرێک کە بەشێک لە ئامانجی شەپۆلدانەکە لە خودی شەپۆلدانەکەدا ونببێت و بێتەدی. گەر بگەڕێینەوە بۆ بنخانی دێرینی ئێمە، ئەوا ڕووداو کردارێکی ئاخیرزەمانییە، وێرانکارییەکی ڕووی دەرەوەی شتەکانە، بەبێ ئەوەی لەناوەوە تێڕوانینمان بۆ جومگە بە جومگەی ژیانمان بگۆڕێت: ڕووداو وەک هەڵایسانێکی فیزیکی وەردەگرین کە کۆتاخاڵی جۆرە

دامرکانەوەیەکی بەتاڵکەرەوەیە. ئەمە بۆ کۆی دونیای ئێمە درووستە، لە سیاسەتەوە بۆ دەرەوەی سیاسەت. ڕەنگە ئارکیتایپی ئەم جۆرە ڕوانینە بۆ ڕووداو بگەڕێتەوە بۆ ئایەتەکانی سەرەتای سورەتی " الواقعة". دیارە " الواقعة" بە واتای ڕووداوە گەورەکە دێت کە مەبەستی قیامەتە. ئەو وەسفانەی بۆ ڕووداوە گەورەکە کراوە، وەسفی فیزیکی و مەستکەر و تۆقێنەرن. پتر شوێنەواری دەرەکییان هەیە تا ناوەکی، مەلموسن تا زەینی. دیارە لە یەکێک لە وەرگێڕانەکانی ئەم سورەتەدا، ناوی سورەتەکە هەر بە ڕووداوەکە وەرگێڕدراوە کە هەر ئەو وشەیەیە وا ئەمڕۆ لە فیکری خۆرئاواد بۆ ڕووداو بەکاردێت(THE EVENT). بەپێی ئایەتی یەکەم و چەند ئایەتێکی دواتر، هەرکات ئەم ڕووداوە ئاخیرزەمانییە ڕوودەدات ئەوا زەوی بەتوندی دەلەرێتەوە و شاخەکان وردوخاشدەکرێن و تۆزیان لێ هەڵدەسێت. دیارە ئەم ڕووداوە، پتر لە فەنتازیادا ڕوودەدات، لەو شتەوە نزیکە وا دەروونشیکاری پێیدەڵێت ***ڕیاڵ***. ئەم ڕووداوە لە نەستی ئێمەدا، هێند توندە کە شامۆدێلی هەموو ڕووداوە زەینییەکانیشە. ڕووداوەکە دەسکاریی پانتایی ڕەمزی و کەلتوری ناکات، بۆیە فیزیکی و توند دەمێنێتەوە: بەجۆرێک کە دەتوانین بەشێوەیەکی تایبەت بڵێین ڕووداوی ناو نەستی ئێمەیە هێند توندە نابێتە ڕووداو. هێند ڕووداوە کە لەم دونیایەدا جێی نابێتەوە. بکەرەکەشی سەروومرۆڤە نەک مرۆڤ خۆی، نەک سوبێکتێکی دونیایی. لەم ڕووداوەدا زەمین دەلەزێت نەک زەین، زەینیش بلەرزێت پتر ترسێکی دەروونییە تا شڵەژانی ڕێکخستنە مانایی و بەهاییەکانمان. وەسفی ئێمەش بۆ ڕووداو، لە وەسفێکی فیزیکییدا کۆتاییدێت کە دەڵێین ئاخیرزەمان بوو یان خۆ ئاخیرزەمان نیە. بەم پێیە هەردەڵێی کەیف بە حاڵوهەوای ڕووداوەوە دەکەین نەک خودی «ڕووداو». لە هەمان سورەتدا کە سزا و توڕەیی سورەتەکە دادەمرکێتەوە، وادە و بەڵێنە ئەودونیاییەکان دەستپێدەکات- وەکبڵێی هەردووکیان دوو دیوی ڕووداوێکی فیزیکی و وەهمی زیاتر هیچی تر نین. لە ناوەڕۆکدا، پێچدانەوەیە بە دەوری مرۆڤدا، نەک بانگهێشت و تێپەڕین بەناو ناواخنی مرۆڤدا. بۆیە وتمان ئەم سورەتە ئارکیتایپی ڕووداوە لای ئێمە، چونکە

ئارکیتایپ وەک چەمکێکی دەروونی، وێنەیەکی دەروونی و زەینیی دێرینە و لە ڕابردووڕا دێت و ئێستاش لە جام دەگرێت. ڕووداو خۆی گۆڕینی جام و چوارچێوەکانی ئێستاشە.

**چوارەم،** گەر ڕاپەڕین لە دونیای ئێمەدا وەربگرین، جۆرە چوارچێوەیەکە شتێکمان کەمتازۆر بۆ ڕووندەکاتەوە. نازانم ڕاپەڕین ڕووداوە یان نا، بەڵام بۆ هەندێک پۆڵێن ناچارین بڵێین "پێش ڕاپەڕین" یان "پاش ڕاپەڕین". پاش ڕاپەڕین زۆر شتی جیهانی دێتە دونیای ئێمەوە، بەڵام زۆرینەیان لە ئاستی چۆنایەتی(کیفی)دا، کرۆکی کۆمەڵگاکە ناگۆڕن. بۆنمونە لەوێوە کە پەیوەندیی بە مەعریفەوە هەیە، هەمیشە شتی ساختە بەسەر شتی ڕەسەندا زاڵبووە. تا ئەمڕۆش، هۆشیاریی جیلەکان لە شتە ساختەکاندا گیریخواردووە: هۆکارەکەش ڕیشەییە، چونکە کۆمەڵگاکە ئەو شتانە وەردەگرێت کە قەیران و مەترسیی بۆ دروووستناکات. بۆنمونە ئەمڕۆش، دینێکی ئارایشتکراو، دەروونناسییەکی ڕووکەش، گەشەپێدانێکی مرۆیی بێمەترسی، ئەدەبیاتێکی فۆرماڵ، هونەرێکی تەکنۆلۆژیی بەربڵاو لەئارادان. من هەموو ئەمانە ناودەنێم مەعریفەی بەدیل، واتە بەدیلێک بۆ مەعریفە ڕەسەنەکە. لە مەعریفەی بەدیلدا، هەمیشە شتێکی بێوەی هەیە کە دوو ئامانج دەپێکێت: لەلایەک مەترسی بۆ زەینی کۆمەڵگاکە دروووستناکات، لەلایەکی تریشەوە بۆ هەر شتێکی ناو مەعریفە ڕەسەنەکە بەدیلیکی خۆی هەیە. نمونەیەکی کۆنکرێتی لێرەدا: لەجیاتیی ئەوەی ئایدیای ڕیشەیی بیرمەندێک بە خۆی و شۆکەکانیەوە وەربگرین، دەچین لە کتێبێکی نەرمدا بەدیلەکەی و ڕیتمە نەرم و سازشکارەکەی دەدۆزینەوە(زۆرجار پەرەگرافێکم دیوە کە هەمان ئایدیا بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ و شڵەژێنەر لای بیرمەندێکیش هەبووە کە کەشە سازشکارەکە ئەمەی بدیلەکەی قبوڵکردووە). یان کاتێک تەکنۆلۆژیا و دۆگمێکی هەژارانەی زانستی قبوڵدەکرێت، ئەوا دەکرێتە بەدیل بۆ مەعریفەیەکی ئاڵۆزتر. یاخود، ستایلێکی سنورداری ژیان دەخرێتە جێی ستایلێکی باوی

ژیان کە کرۆکە خۆماڵییەکەی وەک خۆی پاراستووە. لە چەمکی ڕووداودا، چەمکگەلی وەک عەشق دەکرێنە مۆدێل، بەڵام ئاخۆ لە سێ دەیەی ڕابردووی ئێمەدا تێڕوانینمان بۆ عەشق چیی لێهاتووە. ئاخۆ لە پەرستن و دەمارگیرییەوە نەگۆڕاوە بۆ گاڵتەپێکردن؟ گەر بەم جۆرە بێت ئەوا لە هەردوو حاڵەتەکەدا، "ئەویتر" نەبووەتە جێی بیرکردنەوەیەکی ڕاشکاو و ڕەسەن، ئەوەی هەبووە پێچلێدان و خۆدزینەوە بووە لێی. لەبری ڕووداوی عەشق، خەسڵەتی پیاو چووەتە سەر ژنی کورد. جۆرە دیالەکتیکێکی نێرسالارانەی نوێ لەسەر سیما و جووڵە و لەشی ژن دەرکەوتووە. هێشتا بنەڕەتە کۆنەکانی ستەمکاری لە عەشقدا ئامادەن، بەڵام لە هەندێک جێدا بواری خۆفریودان ئاسانتر بووە نەک ئەوەی گۆڕابن. "پەردەی کچێنی" یەک لەو حاڵەتانەیە کە ناهێڵێت عەشق ببێتە ڕووداو. هەروەها لە چەند دەیەی پێشوودا، میدیا واقیعێکی ساختەی بەتەنیشت واقیعە ڕەقەکەوە درووستکردووە کە زۆرجار مرۆی ئێمەی لە دەرەوە و ناوەوەدا بەهەڵە بردووە. ژیان لە میدیادا جۆرێک بووە و لە واقیعدا جۆرێکی تر، بۆیە درەنگ یان زوو ناچاربووین بەر ڕەقێتیی واقیعییەکە و تراوما ناوەکییەکەی بکەوین. ئەم ڕەقێتییە لە ئەدەب و هونەر و لقەکانیدا، بەجۆرێک بووە کە هەریەکە لەو کایانە ببێتە جێگرەوەی واقیعە ڕاستەقینەکە. شوێنێکی مەجازی بووە بۆ خۆلادان لە واقیعە زبرەکە. گەر بگەڕێین نمونەی ترمان زۆرە کە واقیعەکەمان پێ مەجازی کردۆتەوە، لەبری ئەوەی دەست بۆ کرۆکەکەی ببەین. خزانی مرۆی ئێمەش بۆ نێو کونج و خانەکانی تەکنۆلۆژیا، خزانێتی بۆ جێیەک کە ئەو لیبیدۆیەی پێویستە بدرێتە دەم ڕووداوێ:ەوە، پاشەکشەدەکات بەرەو فەزایەکی خەیاڵی-مەجازی کە هێورتر دەدلۆپێنرێت. کەشی مەجازیی ڕووداو لە هەمو ئاستەکاندا، جێی ڕووداو خۆی دەگرێتەوە. لەبری ژیانکردن لەنێو ڕووداودا، سەرکوتی ڕووداو هەیە لەڕێی نمایش و هەڵدڕینی یەکترەوە لە فەزایەکی ئەبستراکتدا. وانە سەرەکییە هیگڵییەکە ئەوەیە کە لە فەزا ئەبستراکتەکاندا، توندوتیژی باڵادەکات چونکە ڕەهەندی واقیعیی تیا پاشەکشەدەکات. فەزای مەجازی و میدیاش بۆ ئێمە، شوێنێکی سەلامەت بووە بۆ خۆلادان لە ڕووداوە ڕیشەییەکان، چونکە

شوێنی نیشتن و خەیاڵکردنێکی ئەبستراکتە تا ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیعە ڕەقەکە ڕووبەڕووی کێشەکانمان ببینەوە.

**پێنجەم،** ئەم ساڵانە لەگەڵ هەر جموجووڵێکی سەرشەقامدا، ئەو پرسیارە خۆی قوتدەکاتەوە ئاخۆ خەڵک پێش دەسەڵاتکیان داوەتەوە کە ناتوانێت بەڕێوەیان ببات؟ واتە هۆشیاریی سیاسیی خەڵک، پێش ئەو دەسەڵاتە خۆماڵییەی دابێتەوە کە هەیە. بە دەربڕینێکی تر، دەسەڵات لەئاست ئامادەیی و گەشەی خەڵکدا دواکەوتووە. گەر بەم جۆرە بێت، ئەوا ئێمە لە ئاستێکدا جۆرە گرژییەکمان بۆ واقیعەکە درووستکردووە، جۆرێک لە ناکۆکی لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتدا. بەڵام پرسیارێکی کەمتازۆر ئاڵۆز لێرەدا ئەوەیە: ئاخۆ خەڵک لەڕیشەوە و لە نەستدا دەیانەوێت ئەم دەسەڵاتە نەمێنێت؟ لەگەڵ دەسەڵاتە کوردییەکەی پاش ڕاپەڕیندا، هەمیشە هاوکات بیرۆکەی ڕووخانیش هەبووە. ئاخۆ ئەنتاگۆنیزم(دژایەتی)ـی ڕاستەقینەی نێوان خەڵک و دەسەڵات وەک دوو بەرە هەیە؟ ئاخۆ ئەو بەشەی باسی ڕووخان دەکات، لەبەر نیگای ئەو بەشەی تر نیە کە بەگەڕەنتییەوە مانەوەیان پێ باشترە؟ ئەم پرسیارانە لەو ڕووەوە پەیوەندییان بە کێشەی ڕووداوەوە هەیە کە هەرچییش ڕووبدات یان نزیک بێت لە ڕوودانەوە، بەر بەربەستە ناوەکییە پێشوەختەکەی خۆی بکەوێت. خاڵێکی دەروونیی ئاڵۆز لێرەدا هەیە: مرۆی کورد، لەبەردەم بەرپرسێکی کورددا سۆزی خۆی بەتاڵدەکاتەوە. شتەکە پێدەچێت لە گرێی خۆبەکەمزانین ئاڵۆزتر بێت، بەڵام لەو ڕاستییەش خاڵی نیە کە ئەم هەستە گوزارشت لە وێنەیەکی ئاڵۆزتر دەکات کە بڵێین دەسەڵات بۆ سایکۆلۆژیای مرۆڤێکی کورد چیە؟

**شەشەم،** بۆ ئێمە ڕووداو، پێویستی بە بیرکردنەوەی تیۆرییە لە **«**ڕووداو**»**. ئەویش لە دونیایەکدا کە هاتوهاواری ڕووداو بۆ ئەوەیە هیچ شتێکی ڕیشەیی و قووڵ ڕوونەدات. زۆرجار هاتوهاوار، بۆ ئەوەیە دەنگی تراوماکە نەبیسێت کە دەشێت ڕووبدات، دەنگی پرسیارە کوشندەکان نەبیسێت: هەروەکو ئەو نەخۆشەی کە دەیکاتە قاڵەقاڵ تا گوێی لە دیاگنۆسیسی دکتۆرەکە نەبێت کە پێی‌دەڵێت: تۆ کێشەت هەیە. بە مانایەکی تر، تووشبوون بە شێتییەکی فۆرماڵ بۆ ئەوەی تووشی شێتییە بنەڕەتییەکەی بوونمان نەبین کە خۆی ڕووداوە لە پەتییترین فۆرمی خۆیدا. شێتی، درووستبوونی قڵیش(کەلێن)ێکە لە مرۆڤبوونماندا و دەمانکاتە سوبێکتێکی بێ‌پەنا و دنیانشین و هەڵکەوت. ئەم "قڵیش"ـە وجودییە، ڕووداوێکی زاتییە لە خۆماندا و هێجگار دوورە لەو درۆزنەڕووداوە نازاتییەی کە هەموو جارێک دەڵێت ڕابکەن «قڵیشایەوە».


Event
Negative
نێگەتیڤ